# ئـەو ڕۆژانـەی بەســەرچوون

بـیـرەوەری

نووسینی: مارف ناسراو

2021

**ناوی کتێب: ئەو رۆژانەی بەسەرچوون**

**بابەت: بیرەوەری**

**نووسینی: مارف ناسراو**

**دیزاین و تایپ: ئیبراهیم حسێن**

**هەڵەبڕی و پێداچوونەوە و زمانەوانی: سەلام مستەفا**

**نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم 2021**

**تیراژ: (500) دانە**

**چاپخانە: شڤان**

# پێشکەشە بە:

- هەموو ئەوانەی کە خۆشم دەوێن

- ئەوانەی بەجێیانهێشتم و ئەوانەشی کە لە ژیاندا ماون

# سوپاس و پێزانین

- پڕ بەدڵ رێزو پێزانین و خۆشەویستم بۆ برای شاعیر و رۆژنامەنووس سەلام مستەفا  کە هەڵەچنی و زمانەوانی و پێداچوونەوەی گرتە ئەستۆی خۆی.

- محەمەد عەبدوڵڵا کە هاریکاری و یارمەتی دام بۆ هاتنە دنیای ئەم بیرەوەریانە

# لەسەر داوای برایەك

هەموو جارێك كە تەلەفۆنم ئەكرد، لەگەڵ مامۆستا و برای ئازیز و خۆشەویستم نووسەر و لێكۆڵەرەوەی مێژوویی كاك سدیق ساڵح، پاش سڵاو و هەواڵی چاكی و باشی تەندروستی، شەوی 2021/5/15، كە ئەوكاتە تەمەنم 78 ساڵ بوو، پێی وتم، برا گیان كاكە مارف بیرەوەرییەكانت بۆ نانوسیتەوە، كەوا ئێستا لەماڵەوە خانەنشینی.. منیش پێم وت: زۆرجار بەپچڕ پچڕ لە گۆڤار و ڕۆژنامەكاندا بڵاومكردونەتەوە، بەتایبەتی كاتی خۆی ساڵی (2009) نۆڤلێتی (كانی)م بڵاوكردەوە، كە هەموو كتومتو سەرومڕ بەسەرهاتی خێزانەكەی ئێمەیەو تەنانەت چەند ناوێكیان نەبێ خواستراوە، ئەوانی كە هەرهەموویان ناوی ڕاستەقینەی ناو – نۆڤلێتەكەیە..!!

دوای بیركردنەوە، ئیتر بڕیارمدا، دەستبكەم بە نووسینەوەی ئەو ڕۆژانەی بەسەرچوون لە ژیانی رابوردومدا.. وێڕای ئەوەی تا ئەمڕۆ (12)كتێبم چاپ و بڵاوكردۆتەوە.. چوار كتێبیش ئامادەی چاپكردنن.. جگە لەوەی وەك ڕۆژنامەنووسێك ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی (ژین)، كاكەی فەلاح و هاوكاری و برایەتی ڕۆژانەو گۆڤاری بەیان و ڕۆژنامەی هەرێمی كوردستان خولی دووەمی، گۆڤاری سلێمانی، ڕۆژنامەی ڕۆژانەی سلێمانی و گۆڤاری هەنار، تا لە ساڵی (2009) ئیتر خانەنشین كرام.

من کوڕی حاجی کەریمی مەلا ساڵحی حەمەومین عوسمانم، کە لە گوندی (زەلان) لە ناوچەی شارباژێڕ ساڵی 1907 هاتۆتە دنیاوە. دایکیشم فاتمی مەلا کەریمی مارف چاوەش، لەگەڕەکی سابونکەران لە شاری سلێمانی 1915 هاتۆتە دنیاوە،

بۆ خۆیشم لە 1943/3/29 لە شاری سلێمانی لە گەڕەکی کانێسکان لە خانووی ژمارە 18/13 لە دایکبووم. کاتێ تەمەنم گەیشتە حەوت ساڵ، دایکم پەلی گرتم و عەباکەیدا بەسەریدا و بەرەو خواریکردمەوە، بۆ بەردەم بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ئەوساکە خوارماڵی تۆفیق قەزاز بوو، ئێستا بۆتە شەقامی گۆران، منیش عەرەبانەیەکی خلخلۆکەم بەدەستەوە بوو، گەیشتینە بەردەم پەروەردە، دایکی کەمالیش، کەمالی کوڕی هێنا بوو بۆ ناونوسین و وەرگرتنی لە خوێندنگا، کەمالی هونەرمەندی کۆچکردو (کەمال سابیر) بوو، ئەوکاتە تەمەنی شەش ساڵ بووە، بەڕێوەبەری پەروەردە بە دایکی وت ساڵێکی ماوە وەربگیرێ!! دایکی کەمال زۆر پاڕایەوە و تکای لێکرد، ئیتر بەڕێوەبەر دڵی نەرمبوو، لەوکاتەدا من لەبەردەم مێزەکەی بەڕێوەبەر وەستا بووم و خلخلۆکەکەش بەدەستمەوە بوو، بەڕێوەبەر کە ئەمەی دی، پڕیکرد بە خلخلۆکەکەی دەستماو تا توانی

فڕێیدایە بەردەم دەرگاکە، ئینجا دەستی برد لە چەکمەجەی مێزەکەیدا مقەستێکی دەرهێناو پڕیکرد بەو تۆپەڵە قژەدا کە وەك گودلە بۆیانکردبوو توند گرتی و بە مقەستەکە بڕیو ڕاست و چەپ زایدێکی لەسەریدا دروستکرد، پاشان ڕوویکردە دایکی هەردووکمان و وتی: هەر ئێستا ئەچن سەریان پاك پاك سفر ئەکەن و دوایی ئەچنە لای وێنەگر یەحیا فەنی ڕەسام، سەرو دوو وێنەی شەمسیان بۆ ئەگرن و دوایی وەرنەوە بۆ ئێرە. ئەم بەڕێوەبەرە عەرەب بوو، ئەیانوت خەڵکی میسرە، بەڵام دواتر دەرکەوت کە مووسڵاوی بوو، سدارەیەکی لەسەرنابوو سمێڵیشی بۆیە کردبوو، دوای ئەوەی وێنەمان گرت و سەرمان تاشرا، گەڕاینەوە بۆ لای بەڕێوەبەر، ئەویش هەریەکەو نووسراوێکی بۆ نووسین، دایە دەستی دایکمان وتی بڕۆن بۆ خوێندنگەی (غازی)، دوای چەند ڕۆژێك لە خوێندنگەی غازی مامۆستایەك هات و کەوتە ناونووسین، ئەوانەی ناویان نووسرا جیای کردینەوەو لیستێکی دایە دەست یەکێکمان و وتی: بڕۆن بۆ خوێندنگەی مەڵکەندی لە گەڕەکی گاوران، هەموومان ڕۆشتین و لەوێ وەرگیراین. ئەوەی ئێستا بیرم بێتەوە ناوی مامۆستاکانمان بوو لە خوێندنگەی مەڵکەندی کە ئەمانە بوون (بەشیر داود – مەسیحی بوو، مامۆستا فوئاد حەمەومین ئاغای هونەرمەندی کۆچکردو، هەروەها مامۆستا مستەفای ساڵح کەریم و ئەحمەد هەردی شاعیر)، مامۆستا

ئەحمەد هەردی هاتە پۆلەوەو لیستێکی ناومانی پێبو کەوتە خوێندنەوە، گەیشتە سەر ناوی من و وتی: مارف واتە مەعروف مەعروفیش یانی ناسراو، لەمڕۆوە تۆ بانگ دەکەم ناسراو کەریم ساڵح، ئەو خوێندکارانەی ئەوسا ئەمانە بووین (فەرەنسیس داود، فەرید عیساو عەتا قەزاز و کەمالی ئەحمەدی دۆڵپەمویی و جەلالی وەستا ئەمینی بەناو زۆری تر ناویانم لەیاد نەماوە، تا پۆلی چوار هەموو ساڵێك دەردەچووم و نەئەمامەوە. ساڵی 1954 نازانم و نایەتەوە بیرم بۆ گەیشتوومەتە سەر شەقامی مەولەوی، لەوێ کەدیم دوو کەس یەکێکیان سەتڵێکی پڕ بۆیاغی پێبوو، ئەوی تریشیان، فڵچەیەکی بەدەستەوە بوو ئەیکرد بەناو سەتڵەکەدا، پەیتا پەیتا لەسەر دیوارەکەی ئەنووسی، ئەم دوو کەسە هەر ئەو دوو بەرگدرووە بوون کە دایکم و دایکی جەلالی شێخ جەمیل بردیانین بۆ دووکانەکەیان لەبازاڕی وەسمان پاشا، دووکانەکەیان لەبەردەم دەرگای چوونە ژوورەوەی قەیسەریەکە بوو، یەکێکیان ناوی وەستا برایم بوو، ئەویتریش وەستا تەهای ناو بوو، پاش ئەوەی قیاسمانی گرت، پێیان وتین بڕۆن چەند رۆژێکی تر وەرنەوە، دوای ئەو چەند رۆژە، کە چوینەوە لە دوکان نەما بوون، رۆژی عارفە گەورە بوو، چووبوونەوە بۆ ماڵەوە لەوێ ئیشیان ئەکرد، ئیتر من و جەلال چووین بۆ ماڵەوەیان لەگەڕکی شێخان، شێخ جەمیلی باوکی جەلال کارگوزاری خوێندنگەی گوێژەی سەرەتایی

کوڕان بوو، تا بلێی راوچییەکی دەست راست بوو، کاتێ ئەچوو بۆ راو بەدەستی بەتاڵ نەئەهاتەوە، هەرچیشی راوبکردایە، بەشی ماڵی ئێمەشی ئەدا، چونکە ئەیانزانی کە جەلالی کوڕیان هاوڕێی خۆشەویستی من بوو تاقانەی ئەوانیش بوو، هەمیشە پێکەوە بووین تەنانەت کە گەورەش بووین فێری جگەرە خواردن بووین و پاکەتە جگەرەکە لای ئەو ئەمایەوە، چونکە پشکنینی بۆ نە ئەکرا، بەلاّم من بیانزانیایە جگەرە ئەکێشم وەی بەگیانم، لە ماڵەوەی وەستا برایم دانیشتبووین، وەستا برایم روویکردە من وتی: تۆ دانیشە تا بۆت تەواو ئەکەم، با ئەو بڕواتەوە و بەیانی زۆر زوو بێتەوە تەواوم کردووە بۆی بیباتەوە، دوای چەند ساڵێك کە بە شەقامی مەولەویدا دەڕۆیشتم، هێشتا نووسینەکە بەسەر دیوارەکەوە مابوو، ئیتر بۆم دەخوێندرایەوە ئەویش ئەوەبوو نوسرا بوو (انتخبوا ابراهیم احمد و معروف برزنجی).

پتر لە نیو سەدە لەمەوبەر، لەنێوەندی پەنجاکانی سەدەی رابردوو، ئەم شاری سلێمانییە ئاوەڕۆی کەمبوو، لەزۆر گەڕەکی میللی بەتایبەتی ئەو مالاّنەی خانووەکانیان لە گڵ دروستکرابون ئاوەڕۆیان نەبوو، هەر لە سوچێکی حەوشەی ماڵەکەدا، بیرێکی قووڵی چەند مەترەیان هەڵکەندبو، دەوریان بە چینکۆو گونییە شڕە گیرا بوو، هەمیشە مەسینەیەك لەبەردەمیاندا بوو، خۆ ئەگەر خانوویەك چەند خێزانێکی تیادا بوایە، وەك ماڵی یەحیا فەنی رەسمچی، کە دە دوانزە

خێزانی کرێچی تیادا بوو، ئەوسا ئەبوایە سەرەیان بۆ چوونە ژوورەوە بگرتایە، وێڕای ئەوەی بۆن و بەرام و بۆدرمی میز و مێش و مەگەز، سەرداری بێ سەر ئەکرد، هەرکاتێکیش لیپاولیپ بوایە، ناچار ئەبوون مشووری بخۆن، ئەوسا کوناوکون بەدوای هەمزەدا دەگەڕان بۆ دەردان و پاککردنەوەی بیرەکە. هەمزە پیاوێکی باریکەلەی رەقەڵەی لاواز و کەڵەگەت بوو، ملێکی کورت و لاقەکانی درێژ، دوو گوێی رەپ، چاوێکی تیل ئەویتریان تیژ، رۆژانە پۆشتەو خاوێن خۆی ئەگۆڕی، لە زستاندا چاکەت و پانتۆڵ، هاوینان کراسێکی سپی و بۆینباخێکی سووری تۆخ و پانتۆڵێکی زەرد یان سەوز، لەگەڵ چاویلکەیەکی رەشی گەورەی بۆ لەچاو ئەکرد، جاروباریش جووتێ قۆنەرەی سپی کون وردی لە پێدا بوو، کە سێ نەیناسیایە بە خەڵکی پاکستان یان هندستان یان دەزانی، پێیان وابوو گەورەترین بازرگانی شارانەو هاتۆتە سلێمانی. ئێواران درەنگانێك کەمێك مەست، واتە سەرگەرم ئەبوو، بەکۆڵانەکانی سلێمانیدا ئەسووڕایەوە بۆ مێبازی، ئیتر جیڕەی قۆندەرەکانیشی کە ئەوسا ئەو پێڵاوانە باوی بوو، بۆیە سەرنجی ژنانی بەر دەرگای کۆڵانی رادەکێشا کە نزیك ئەبۆوە و ئەیانناسییەوە ئەمە هەمزەیە! ئیتر ئەکەوتنە توانج و پلارتێگرتنی (قۆندەرەکانی جیڕەی دێ.. ناوی سکی قۆڕەی دێ!!).

هەمزە خەڵکی سلێمانی نەبوو، کەسیش بنج و بناوانی نەدەناسی، هەبوو ئەیوت خەڵکی حەویجەیە، هەندێکی تر ئەیانوت گوایە خەڵکی ئەولای گەرمیانە و لەبەر هەژاری و نەداری و بژێوی ژیان هاتۆتە ئێرە، چونکە لێرە کەس نایناسێتەوە و لەگەڵ کەسیش نەئەگەڕا تەنیا هاوڕێیەکی هەبوو، عەسران زۆر ئەچووە لای بۆ توونەکەی و لەگەڵیدا بەدوو قۆڵی چوار مەشقی لێی دائەنیشتن و سەر و چارەك لە عەرەقی مەستەکییان دائەنا، دوو پیاڵەش لەبەردەمیانا، مەزەش هەر ترش و پیازێکی توون بوو، لەگەڵ مژی قووڵی جگەرە، هاوڕێی هەموو عەسرانی ئەحە پیاو خۆری تونچی بوو. ئەم ئەحە پیاو خۆرە قولـێ جگەرەی زەلی پێبوو هەمیشە، بەڵام هەمزە پاکەتە گرێڤنەکەی دەردەهێناو جارجارەش جگەرەی بەهاوڕێیەکەی پێشکەش ئەکرد، هەمزە پەلەی بوو بۆ پیاسەی ئێواران، بۆیە زوو زوو پێکی دروست ئەکرد و ئەینا بەسەریەوە، دوای پیاسەکردنیش ئەوکاتەی دنیا تاریك ئەبوو، ملی رێی سینەمای ئەگرت، خوا هەڵناگرێ هەمزە زۆر دڵتەڕ بوو، لە سینەما لە ریزی پێشی پێشەوە لەبەردەم پەردەکەدا قاچێکی بۆ ئەخستە سەر ئەوی تر و جگەرەیەکی ئەنا بەلالێوەوە، هێندە فیزو بادانی زلبوو، رۆژانە ئیشی نەئەکرد شەو نەبێ.. شەوانی مانگەشەویش هەر حسابی رۆژی بۆ ئەکرا لای هەمزە، خۆ ئەگەر سەرماو سۆڵە و کڕێوە و تۆف بوایە ئەوە هەر هیچ..! لەگەڵ ئەمەشدا

هەرگیز بێ ئیش نەبوو، خەڵکی سلێمانی سەرەیان بۆ ئەگرت، چونکە هەمزە جێی سەرەکی ئاوەڕۆی سەرانسەری شاری سلێمانی بۆ گرتبوون، چونکە تەنیا هەر ئەم بوو خۆی لە قەرەی ئیشی وا بدا، بەکورتی هاوتای نەبوو، هەربۆیەش بە پارەیەکی زۆر مۆڵ.. بۆی دەردەدان. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەی، دوو چارەکە بەرمیلی بچووکی بەگوش بەستبون بە تەختەیەکی درێژەوە، هەریەکەو لە سەرێکەوە بەرمیلەکانی پێوە بەستبوون، کە هەردووکیانی پڕ دەکرد، ئیتر خۆی بۆ ئەخستە سەر چیچکان و تەختەکەی ئەنایە سەر هەردوو شانی و بۆی هەڵئەسایە سەر پێی و بەرمیلە بچووکەکان ئەکەوتنە سەر هەردوو لاڕانی و تەکەتەکیان بوو بە هەردوولادا.

هەنگاوی گورج و خێرای ئەنا بۆ قەراغ شار، لە شوێنێکی چۆڵ، هەردووکیانی قلّپدەکردەوە، بەمجۆرە هەمزە ناوبانگێکی باشی بەناو شاردا دەرکردبوو، تەنانەت ئێمەی ئەوسای منالّیمان لەسەرەتای پەنجاکاندا هەر هەمزەمان لەسەری کۆڵانێکا بەدیبکردایە بۆئەوەی تووڕەی بکەین، بە چەپڵە ڕێزانەوە و هەر لەدوورەوە بەدەنگی بەرز ئەم شیعرانەمان بۆ ئەوت:

ئەم شەو.. شەوی تاریکە

هەمزە لە گوو خەریکە

ئەمشەو.. شەوی رووناکە

هەمزە پۆشتەیەو پاکە

ئەمشەو .. شەوی سەرمایە

هەمزە لە سینەمایە

ئیتر ئەو ساکە هەمزە، بۆ خۆشی کەمێك سەرخۆشبوو، تووڕە ئەبوو راوی دەناین و لەگەڵیشیا تێر تێر جوێنی مزری پێ دەداین، ئەوسای منداڵی ئێمە هەمووی رابواردن و خۆشی و گەڕان و سەیران و یاری کردنێکمان لەم بابەتانە بوو، وێڕای ئەوەش گەلێ دڵمان خۆش و بەختیار بوو، بۆیە ئەمڕۆ حەزمکرد لەم بیرەوەریانەمدا وەك یادگارێکی شیرین یادیان بکەمەوە.

ساڵی 1955 نیوەڕۆ بوو، لە خوێندنگە ئەگەڕاینەوە، من و چەند خوێندکارێکی تر پێکەوە بەڕاستە شەقامەکەدا ئەڕۆیشتین، روانیمان خەڵکێکی زۆر بە پەلەو پڕتاو بەرەو بەردەرکی سەرا دەڕۆن، کە پرسیارمان کرد، ئەو هەڵەداوان و بەپەلە و خێرا رۆشتنە چییە بۆ بەردەرکی سەرا؟ وتیان ئەی گوایە نەتانزانیوە کە تەرمی خولە پیزە و چەتەکانی تر هەموویان وان لەبەر دەرکی سەرا.. ئیتر ئێمەش هەمووومان بەڕاکردن بۆ بەر سەرا رۆیشتین، کە تەماشامان کرد خەڵکێکی زۆر وەستا بوون لە دەوری پاسقەمەرەیەك کە چەند تەرمێکی لەسەر هەڵچنرا بوو، بەلاَم ئەوی سەرنجی راکێشاین، دیمان هەموویان دەمو لوتیان پێچابۆوە لەبەر بۆنی تەرمەکان بۆ گەنیان

کردبوو، کەس خۆی بۆ نەئەگیرا زۆر بوەستێ. لەسەر پاسقەمەرەکە یەك دوو پۆلیس تەرمەکانیان فڕێدایە خوارەوە، لەپڕ پۆلیسێك هاواری کرد، ئەوە خۆیەتی!!، کابرایەك لە تەرمەکە چووە پێشەوە بەوردی و سەرنجەوە روانی لە تەرمەکە و وتی: وایە.. خۆیەتی!! عەزەی مینە رەشە، من لە نێوان دوو پیاوی کەڵەگەتا وەستا بووم، گوێم لێبوو یەکێکیان بەوی تری وت: عەزەی مینە رەش مامی خولە پیزەو تایەرەو زۆریش لەوان ئازاو چاپووکتر بوو، کاتێ خۆی گیرا بوو دوو ساڵ سزای بەندییان بەسەردا دابوو رەوانەی خوارووی عێراقیان کردبوو، کە لە بەغداوە بەسواری شەمەندەفەر و هەردوو دەستی بە کەلەپچەوە بوو لەنێوان دوو پۆلیسدا دەبێت، شەمەندەفەرەکەش لەسەر هێڵی خێرا و نزیك خواروترین شار بۆتەوە، ئەمیش لە پەنجەرەکەوە هەڵی دەستدەکەوێت و خۆی فڕێدەداتە خوارەوە و بەو هەموو بیابان و دێ و شار و رێ و بانەدا، بەپێ خۆی گەیاندبۆوە تاقمە چەتەکەی لەگەڵ خوولە پیزەدا بوون، لەهەمووی سەیرتر کەسێکی وەك عەزەی مینە رەش کە نەخوێندەوار و دوور لە شارستانیەت و زماننەزان چۆن لەو هەموو رێگا دوورەی خوارووی عیراقەوە گەیشتەوە ناو چەتەکانی لەمەڕ خۆی، ئەمە جێی سەرسوڕمانە کاکە!! کاتێ تەرمەکە کەوتە سەر زەوی دووپشکێکی گەورە لە کەللە سەرەکەیەوە هاتە دەرێ، خێرا پۆلیسێك بەقۆناغە

تفەنگ پلیشانیەوە، تەرمەکە هێندە ئاوسا بوو، ها ئێستا ها تاوێ تر دەتەقێت، لەولا پۆلیسێك روویکردە خەڵکەکەو وتی ئەمە دوا رۆژی پیاو خراپ و چەتەو رێگرە..! کێ دەیوت ئاوا خۆی و تاقمەکەی لەناودەبرێن؟!

پۆلیسێکی تر هەڵیدایەو وتی: بەتەما بوون ئیرادە مەلەکیان بۆ دەرچێت و معاشێکی مۆڵیان بۆ ببڕینەوە!! چوار مەشقی لێی دانیشن..! ئەو هەموو راوڕووت و کوشتارەش کە کردبوویان هەروا بە ئاسانی سەربگرێت بۆیان! تا توانی شەقێکیشی لە کەللەسەری هەڵدا. ئیتر من بە برادەرە هاوەڵەکانم وت با بڕۆین.. ملی رێمانگرت.. بەیانی بوو لەگەڵ هاوڕێی کۆچکردوم سەرکەوت رەشید کە هەردووکمان لە پۆلی سێی سەرەتایی بووین لە خوێندنگەی مەڵکەندی لەگەڕەکی گاوران، بەرلەوەی بگەینە خوێندنگە لە رێگەکەماندا مزگەوتێك هەبوو ناویم بیر نەماوە، لەوێ بەدەرگای مزگەوتەکەوە وێنەیەك هەڵواسرابوو، هەردووکمان چووینە پێشەوە و سەیرمانکرد، کەچی لەپڕ سەرکەوت کەوتە دڕاندنی وێنەکە، وتم: سەرکەوت ئەوە وێنەی کێیە دڕاندت؟ وتی وێنەی کاکەی فەللاحە، تومەز لەو بەر مزگەوتەکەوە پۆلیسێ بۆ چاودێری وێنەکە دانرابوو کەدی وا ئێمە وێنەکەمان لێکردەوە دڕاندمان، هاواری کرد نەڕۆن، ئێمەش بەڕاکردن رامانکرد تا گەیشتینە خوێندنگە، هەر بەگەیشتنی ئێمە زەنگی چوونە

ژوورەوە لێدرا.. من و سەرکەوتیش خۆمان کرد بە ژووری پۆلەکەماندا، ئیتر مامۆستا هاتە پۆلەوە و هەموو هەستاین لەبەر مامۆستاو ئەویش وتی دانیشن و لە دەرگای پۆل دراو بەڕێوەبەر و پۆلیسەکە هاتنە ژوورەوە هەر هەمان پۆلیس بوو کە هاواری لێمانکرد کوڕە نەڕۆن! بەڕێوەبەر وتی: ئەیانناسی؟! پۆلیسەکە وتی: بایەك یەك تەماشایان بکەم، هات بەناوماندا و تەماشای کردین، منیش لە راستیدا زۆر زۆر ئەترسام و گیانم ئەلەرزی، کە بەهەردوو ریزی نێوانماندا هات و چۆیکرد و سوڕایەوە هیچی نەوت!! بەڕێوەبەر وتی: لێرە نەبوو؟ یەك خوێندکار بوو؟ نەخێر دوان بوون، بەڕێوەبەر وتی با بڕۆین پۆلەکانی تریش سەیرکەین!! هەرچی مامۆستای وانەکەمان ئەیوتەوە هیچم ئاگا لێنەبوو هەموو هۆش و گۆشم لای پۆلیسەکە بوو، کاتێ زەنگی پشوو لێدرا چوینە حەوشەو تەماشای هەموو لایەکم کرد، کش و مات و هیچ نەمابوو ترسی هەبێ.

چلەی زستان، مانگیش رەمەزان بوو، شەوانە کۆچکردو مەلا سمایل لە چایخانەکەی (شێخ محەمەدی کاکەلاو) بەرامبەر سەرا ئەکەوتە خوێندنەوەی یوسف و زلێخا و مەنیجەو بێژەن و ئەمیر ئەرسەلان، با جارێ باسێکی مەلا سمایل خۆیتان بۆ بکەم.. چارەکە عارەقەکەی بەشەو بەرۆژ لەبەر باخەڵیا بوو، هەرکاتێ لەسەر شۆستەکان تووشتبوایە ئەیگرتی و ئەکەوتە قسەی خۆشکردن بۆت،

هەر لە گەرمەی قسەکردندا کە حەزی لە قومێ دەکرد پێی ئەوتی با بەدزیەوە قومێکی لێدەم! مەلا سمایل وێڕای ئەوەی بۆ خۆی پیاوێکی خوێندەوار و هۆشمەند و زیرەك و شاعیرێکی باش و کورد پەروەر بوو، هەموو کەسێ خۆشی ئەویست. گرنگ ئەوە بوو کە راستەوخۆ هەموو ئەو داستان و حیکایەتە فۆلکلۆرییە خۆشانەی لە زمانی فارسیەوە ئەیکردنە کوردی رەوان و پەتی..

لەسەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابوردوو، لە چایخانەکەی (شێخ محەمەدی کاکەلاو) بەدەنگە بەرز و گڕە خۆشەکەی خۆی ئەو چیرۆك و حیکایەتانەی ئەخوێندەوە بەتایبەت شەوانی درێژی زستان و رەمەزانان – بەڵێ ئەم مەلا سمایلە بە مەلا سمایلی عەرز و حاڵچی بەناوبانگبوو، کۆچکردوو عوسمانی حەمە نادر بۆی گێڕامەوە وتی: زۆربەی شەو لەم شوێنەی گەرماوی بەرخی، گەرماوی بەرخی عوسمانی حەمە نادر خاوەنی بوو، کە ئەوسا کەلاوە بوو، رێك بەرامبەر ماڵی فایەق بێکەس. شەوانە مەلاو فایەق و چەند برادەرێکی خۆیان، بەگۆرانی و چەقەنەو سەماو چەپڵە رێزانەوە ئەهاتنە ئەم کەلاوەیە تا تاقەتیان ئەچوو ئاوا شەوگاریان بەسەر ئەبرد، پاشان دووعاخوازیان لە فایەق ئەکرد، ئەویش ئەچووە ماڵەوە، ئیتر نۆرەی بردنەوەی مەلا سمایل بوو، ئەویش ماڵیان بە تەنیشت خوێندنگەی (عەونی) ئەوساوە بوو بەرامبەر مزگەوتی حاجی مەلا شەریف، هەر بەهەمان داب و

نەریتی ئەوەی فایەقیان بەرێکرد، ئەمیشیان رەوانەی ماڵەوەیان ئەکرد، مەلا سیمایل بۆ بژێوی خۆی و ماڵ و منداڵی، هەر لەسەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابوردووەوە لەبەردەم دەرگای سەرادا خۆی و تەلعەت ناوێك کە خەڵکی کەرکوك بوو لەگەڵ یەك دوانێکی تر بەدەروی دارە هەرە گەورەکەی ئەوسا کە ئێستا نەماوە ریزمان ئەبەستوو ئەکەوتنە سکاڵا نووسین بۆ خەڵکی. رەمەزانیش لە چایخانەکەی شێخ محەمەدی کاکە لاو کە بەرامبەر سەرا بوو، ئەکەوتە خوێندنەوەی داستانی (ئەمیر ئەرسەلان و مەنیجەو بێژەن تا شەوگارێکی درەنگ) مەلا سمایل تا بڵێی پیاوێکی رووخۆش و دەم بە پێکەنین، قسە خۆشبوو، سەرو سمێڵی سپی و تەنانەت برۆکانیشی وەکو کلوی بەفر سپی ببوون، جوتێ چاوی شینی جوان لەناو ئەو هەموو سەر و ریش و برۆ سپیەدا جوانییەکی نیشان ئەدا، هەر لە مەلا سمایل خۆی ئەهات و بەوشێوەیەی دەناسرایەوە لە ناو خەڵکیدا هەمیشەش روومەتەکانی سوور هەڵگەڕابوون و بریسکەیان دەهات، وێڕای ئەمانە خواردنەوەی مەلا سمایل بەردەوام بوو بەشەو و رۆژ چارەکە عارەقەکەی لەبەر باخەڵیا بوو، هەرکاتێ لەسەر شۆستەکان تووشتبوایە ئەیگرتی و ئەکەوتە قسەکردن و پێی ئەوتی: بڵێ.. بژی کورد! بژی کوردستان! من خۆم زۆر چاك لەبیرمە لەگەڵ چەند برادەرێکی ئەوسای مناڵیمان و شەوانی رەمەزان ئەچوینە بەردەم چایخانەکەی کاکە شێخ بۆ گوێگرتن

لە مەلا سمایل، هەر لەکاتی خوێندنەوەی چیرۆکەکاندا ئەگەر حەزی لە خواردنەوەی قومێك عەرەق بوایە، بەناوی چوونە سەرئاو یان بۆ میزکردن ئەهاتە دەرێ، ئێمەی مێردمنداڵیش بەدزە دزە دوای ئەکەوتین تا پشت دوکانی ڕەسم خانەکەی یەحیا فەنی، لەوێ لە کەلاوەکە سەیرمان ئەکرد وا مەلا بەملاو ئەولادا ئەڕوانێ تا بزانێ کەس دیار نییە و چاوی لەم نییە!! ئیتر بەدزیەوە دەستی ئەبرد لەبەر باخەڵی چارەکە عەرەقی دەردەهێناو ئەینا بەسەریەوە قومێکی بەدڵی خۆی لێئەدا!! ئەوسا ئێمەش خۆمان ئاشکرا ئەکرد و ئەمانکردە هەڵاو ئەمانوت: مەلا ئەوە چی ئەکەیت؟! ئەویش خێرا و گورج ئەسڵەمییەوە و وەڵامی ئەدواینەوە ئەیوت: ڕۆڵە هیچ نییە! دەرمانەکەمە ئەیخۆمەوە. ئێمەش زۆرزانانە ئەمانوت: جا باشە ئەگەر دەرمانە بۆ بەدزیەوە ئەیخۆیتەوە بۆ لەناو چایخانەکە نایخۆیتەوە؟! ئیتر تەواو تووڕەمان ئەکرد ئەیوت: تۆ سەیری ئەم شەیتانانەی لە شەیتان بوانە! دوایی هەر خۆی بەپێکەنینەوە ئەیوت: نازانم ئێوە چیتان لەمن ئەوێ!! ئێمەش هەمووومان بەیەك دەنگ ئەمانوت: کە چوویتەوە ژوورێ بە کاکە شێخ بڵێ با لاشیپانێك بخاتە دەرگاکەوە و ئێمەش گوێمان لەتۆ بێ!! مەلاش بە پێکەنینەوە ئەگەڕایەوە ناو چایخانەکەو هێشتا بەسەر پێوە بوو روویکردە شێخ و وتی: کوڕە

شێخە، ئەم زۆپایە نیڵە نیڵ لە ئێوارەوە ئەسوتێ دووکەڵی جگەرەش ئەم ناوەی قانگ داوە بۆ لاشیپانێك ناكەیتە دەرگاكەوە؟!

ئەویش بەقسەی مەلای ئەکرد و ئێمەش شەوگارمان بەگوێ گرتن لەگەڵ دانیشتوانی ناو چایخانەکە کە هەموو پیاوی ئیماندار و نوێژکەر و رۆژوگر بوون!

رۆژانەش بەبەرد هەڵکەندنەوە و چاڵە بەفرەوە خەریك بوون، شەوگارمان ئاوا بەسەر ئەبرد! ئەوکاتەی عومەر عەلی پارێزگاری شاری سلێمانی بوو، یەکەم ئیشی وێنەیەکی گەورەی تەرازوویەك بوو، کە بەدیواری بەردەمی سەرادا هەڵیواسی، گوایە ئەم پارێزگارە نوێیەی سلێمانی دادپەروەر و خزمەتگوزاری خەڵکییە و نایەڵێ کەس مافی بخورێ، جا بۆ بڵاوبوونەوەی پڕوپاگەندەکردن بەناو خەڵکیدا، کۆمەڵێك لەدەست و پێوەندی خۆی کە بەپیاو چاك و خێرخوای دانێن. ئەم کابرایە رۆژانە کردبووی بەخو سەری کردبووە سەر نانەواخانەو قەساب و ناو بازاڕ و هاتووچۆی خوێندنگەو فەرمانگەکان، شەوانیش خۆی دەگۆڕی و حەسحەسەکانی بێزار کردبوو، گوایە بۆ دز و جەردە و پیاو خراپ دەگەڕێ! بەڵام راستی گەڕانی شەوی بۆ ئەوە بوو کە کوردپەروەران و شیوعیەکانی ئەوکاتە، شەوانە بەیانات و شتیان بەدیوارەکانی سەراو شوێنە گشتییەکاندا هەڵئەواسی و بڵاویانئەکردەوە. جا بۆیە عومەر عەلی یەکجار داخ لەدڵ بوو لێیان

بەتایبەتی لە نەوەکانی مەلیك مەحمود، هەر ئەم کابرایەش بوو جەژنی نەورۆزی کردە جەژنی دارو درەخت، جا لەو سەرو بەندانەدا مەلا سمایل لە بەردەم دەرگای سەرا مێز و کورسیەکی دانابوو، سکاڵانامەی بۆ خەڵکی دەنووسی. شەوانەش خۆی مەست ئەکرد و بەدەوری فولکەکەی بەر سەرادا ئەسووڕایەوە. شەوێك ئۆتۆمبێلێك لەبەردەمی ئەوەستێ و مەلا سمایلیش بەکەسێکی ناسیاوی خۆی دەزانێ دەرگای پێشەوەی دەکاتەوە و سوار ئەبێ! ئۆتۆمبێلەکە ئەڕواو لەدواوە زەلامێك ئەڵێ: ئیشتە تۆ ناترسی ئەشقیا بەم شەوە رووتتکەنەوە؟! بتکوژن؟

ئیشتە تۆ سەکران؟! مەلا سمایل لەو خەیاڵە خۆشەی دەوری فولکەی بەر دەرکی سەرا بەهۆش دێتەوە و وەك کارەبا یەك وشەی "ئیشتە" بە ئاگای دەهێنێتەوە.

ئیتر ئەزانی ئەمە عومەر عەلی خۆیەتی ئەمیش زۆرزانانەو یەکسەر ئەڵێ: جا لەوەتەی پاشا تەشریفی هێناوە بۆ ئەم شارە! دز و پیاو کوژ هەر هەموویان باریان کردووە!!

کێ دەتوانی کەس لەوی تر بکەوێ، تۆ ئەڵێی چی عومەری خەتاب لێرەیە لێرە!! تۆ پاشا ناناسی!! ئەی نابینی من بەم نیوەشەوە بەسەربەستی بۆ خۆم دەخۆمەوە و بەم شەقامانەدا پیاسە دەکەم! پارێزگار عومەر عەلییە ئەگەر نازانی!! عومەر عەلی کە گوێی لەم

قسانە بوو بیسکەی سمێڵی دێ و بەفیزێکەوە بەمەلا سمایل دەڵێ: ئیشتە تۆ ئیشت چییە ! ! ناوت چییە؟ مەلا خێرا وەڵامی ئەداتەوە، من ناوم مەلا سمایل عەرزو حاڵچی ئیتر عومەر عەلی لەدواوە دەستی درێژ ئەکاو کارتێکی دابوویێ بە مەلا سمایلی وتبوو، ئیشتە تۆ بەیانی وەرە مواجەهەی من و بەلێخوڕەکەی وتبوو هێواش هێواش مەلا ئیسمایعل با دابەزێ !

مەلا سمایل دابەزیبوو، بەڵام سەری گێژی خواردبوو، لەدڵی خۆیدا وتبووی ئەمە چی بوو؟! خەو بوو راستە، ئەم کابرایە ئەڵێی ماخۆلانێتی رۆژانە خۆی ئەکا بە هەموو شوێنێکاو خەڵکی هەراسان کردبوو، شەوانەش ژیانی حەسحەسەکانی بێزار کردبوو، جا باشە ئەم کارتەی بۆ داوەتێ بۆ بچێتە لای، کە زۆر بیری کردەوە بڕیاری دا بچێ بۆ لای، خۆ هەڵیناواسێ ئەگەر بیویستایە بیگرێ هەر شەو بە پۆلیسەکانی ناو سەرای ئەوت بیگرن! بۆیە بەیانییەکەی مەلا سمایل ئەچێ بۆ سەراو بۆ بەردەم ژووری پارێزگار، بە یاساوڵەکە ئەڵێ: کارتی پاشام پێیە، یاساوڵەکە ئەچێتە ژوورێ، پاش کەمێك لەژوورەکە دێتە دەرەوە بەمەلا ئەڵێ:

برۆ ژوورەوە، کاتێ مەلا سمایل ئەچێتە ژوورەوە، عومەر عەلی بە پێکەنین و زەردەخەنەیەکەوە دەستی درێژ ئەکاو تەوقە لەگەڵ مەلا ئەکات و ئەڵێ: دانیش، مەلا سمایل پیاوێکی زیرەك و وردبوو زۆرزانانە

وتبوی نا پاشا دانانیشم لە خزمەتتدام!! عومەر عەلی ئەڵێ: نا..نا.. دانیش، مولا ئیسماعیل ئیشتە تۆ ئینسان چاك و وەرە حەز دەكەم خزمەت تۆ بیكەم، تۆش بەخەڵكی بڵێ پارێزگار ناوی عومەری خەتابەو مین تەخسیر ناكەم لەتۆ، هەرلەو بابەتە قسەی بۆ مەلا سمایل كردووەو دوایی پێیوتوە وەرە بزانم خەت كتابەت تۆ چۆنە!! تامین خەت كتابەت تۆ فەهیم بكەم، هەموو دەفعە موافەقەت لەسەر عەرزوحاڵ تۆ بیكەم! ئیتر مەلاش بەدەستو خەتە خۆشە جوانەكەی چەند دێڕێكی بۆ دەنووسێ: ئەیداتە دەست عومەر عەلی ئەویش لێیوەرگرتووە و خستویەتیە ناو چەكمەجە و مێزەكەیەوە.. پێی ئەڵێ تۆ بڕۆ.. مەلا سمایل كە دێتە دەرێ هەناسەیەكی سەرفرازی هەڵدەكێشێ لەدڵی خۆیدا بیری كردبۆوە تۆ بڵێی ئەم قورمساغە راست بكا؟!

هەر سكاڵایەك بە خەتی منەوە بچێتە لای ئەو موافەقەتی بۆ دەكا!! دوای چەند رۆژێك مەلا بۆی دەركەوت هەرچی سكاڵایەك ئەم نووسیویەتی ئەو پەسەندی كردووە!. هەر لەبەرئەوە بووە كە عومەر عەلی زانیویەتی مەلا سمایل شاعیر و خوێندەوار و خۆشەویستی ناو خەڵكی سلێمانییەو جێی متمانەیانە، جا بۆ مەرامی چەپەڵە گڵاوەكانی خۆی بەهەلی زانیوە كە كەسێكی وەك مەلا سمایل لەخشتە بباو بیكاتە ئەڵقەلەگوێی و دەستكەلای خۆی بۆ بڵاوكردنەوە و پڕوپاگەندەی بەناو

خەڵکا!! کاتێکیش مەلا سمایل دڵنیا بوو لەوەی هەرچی سکاڵانامەیەك خەتی مەلا بێ ئەو رەتی ناکاتەوە!! ئیتر هەر خۆی لەسەر مێزەکەی مۆری پارێزگار عومەر عەلی دروستکردبوو!! واژۆکەشی هەروەکو واژۆی عومەر عەلی لەسەر ئەکرد، کە عومەر عەلی بەمەیزانی، مەلا سمایلی گرت، رەوانەی بەندیخانەی سەرەوەی کرد بەبێ لێپرسینەوە!! تا دوایی کەسانی دڵسۆز و پیاوچاك بەبارمتەپێدان بەریاندا. ساڵی 1955 خاوەن شکۆ پاشای عێراق فەیسەڵی دووەم بۆ کردنەوەی ئامادەیی پیشەسازی، لەگەڵ شێخی گەورە مەلیك مەحمود حەفیدزادە سەردانی سلێمانیان کرد، ئێمە هەموو خوێندکارەکانی خوێندنگاکانی شارەکەمان لەم بەرو ئەوبەری شەقامەکەوە بەڕیز وەستێنرابووین بۆ پێشوازی لە خاوەن شکۆ پاشای عێراق.

خێرا خێرا ئۆتۆمبیلەکەی ئیدارە مەحەلی ئەڕۆشت و بە پرتاو ئەهاتەوە و لە بڵندگۆیەکی گەورەوە ئەینەڕاند خاوەن شکۆ پاشای عیراق گەیشتە تەیناڵ، تاوێکی تر ئەهاتەوە و بەهەموو دەنگی ئەیقیژاند وا خاوەن شکۆ گەیشتە تاسلۆجە. تا نزیك نیوەڕۆیەکی درەنگ ئەهات و ئەچوو، ئێمەی خوێندکاریش لە برسانا لاکەی سەرماندەهات و لە تینواندا خەریکبوو دەخنکاین بۆ قومێ ئاو، بەتەواوەتی هێزمان لەبەر بڕابوو، بەڵام ئەمجارە کە هاتەوە زۆر

بەخێرایی بە شەقامەکەدا تێپەڕی و هاواریکرد خاوەن شکۆ گەیشتە سلێمانی لە پڕ ئۆتۆمبیلێك تێپەڕی و بەدوایدا ئۆتۆمبیلی پاشای عێراق فەیسەڵی دووەم هات و هەموو کردمانە چەپڵە لێدان.. پاشاکەمان لاوێکی گەنم رەنگی منداڵکار بوو دەم بە پێکەنین دەستێکی لە جامی ئۆتۆمبیلەکەوە دەرهێناو سلاویکرد لە جەماوەر و ئێمەی خوێندکار، روانیم ئەڵقەیەکی لەپەنجەدا بوو، هەموو بەراکردن دوای ئۆتۆمبیلەکەی کەوتین، گوێمان لێبوو کەسێك لەدوامانەوە هاواریکرد وەرن خێرا وەرن پاشای گەورەی خۆتان ئەمەتا!! بەدەستەکانی ئاماژەی بۆ لای ئۆتۆمبیلێك کرد کە شێخی گەورەمانی تیادا بوو، دیمان خەڵکێکی یەکجار زۆر دەوری ئۆتۆمبێلەکەیان داوە و منیش زۆرم حەز ئەکرد مەلیکی خۆمان ببینم و دڕم بە خەڵکەکە داو بەناویاندا خۆم گەیاندە بەردەم ئۆتۆمبێلەکەی، جەنابی جامی ئۆتۆمبێلەکەی دادابۆوەو پسکیتی ئەدا بە خەڵکەکە، ئیتر من گورج پڕم کرد بە دەستی پیرۆزیا و ماچم کرد، کاتێکم زانی ئۆتۆمبێل بەرزکرایەوە بۆ ئاسمان و لەسەر شانی لاوانی شارەکەو جەماوەر بەهوتاف کێشان هەر بژی مەلیك مەحمود، پایەدار بی شێخی مەزن! تا بەردەم ماڵی پارێزگار لەوێ دانرایەوە.

منیش وڕ و کاس و برسی و بێ هێز، ناچار رێی ملی ماڵەوەم گرت.

سالّی 1957 دووکانەکەی باوکم خوار مالّی کەریم زەند بوو، دەمەو عەسرێکی درەنگ، هەورێکی رەشی تۆخ بەری ئاسمانی داپۆشی و کردیە بارانێکی بەلێزمەو خوڕو تەرزە بارین؟ بەلاّم تەرزە چی!! دەنك گەورە گەورە، لەوکاتەدا باوکم چوو بوو بۆ بازاڕ بۆ کڕینی شتی ناو دووکانەکە، منیش هەر خۆم لە دوکانبووم، لەو بەرمانەوە بینایەك دروستئەکرا بۆ خوێندنگە، لەبەردەمیا چالّێکی گەورەی زۆر قوولّ هەبوو بۆ گرتنی ئاو بۆ کرێکارەکان لە کاتی ئیشکردنیان، ئیتر ئەو چالّە پڕپڕ بوو لە پووش و پەلاّش و تەرزە، لەو بەریشمانەوە مالّی شەمسەخان خەسوی هونەرمەند عەلی جۆلاّ، پڕپڕی حەوشەکەیان ئاوی تێچووبوو زیاتر لە مەترێك، ئاوەکە پەنگی خواردبۆوە لە حەوشەکەیان، ناچار پەیژەیان نابوو بە دیواری سەربانەوە چووبوونە سەر پلەکانی سەرووی پەیژەکە لە ترسی هەرەسی ئەو ئاوە زۆرەی ناو حەوشەکەیان، لەوکاتەدا پیاوێکی پیری بەسالاّچوو لەوبەرەوە بەپالّ دیوارەکەدا هات و چاوم لێبوو لە پڕ کەوتە ناو چالّەکەوە، هەر لە هەمانکاتا کۆمەلّێ لاوی قۆلّ هەلّکردوو بەوێدا هاتن، منیش لەم بەرەوە هاوارم کرد فریای ئەو پیاوە کەون! کە بەر لە هاتنی ئێوە کەوتبووە چالّەکەوە، ئیتر یەکێکیان دانەوێوە و قۆلّی کرد بەناو ئاوەکەدا و وتی: هیچی تێدا نییە!! هاوارمکرد بۆ خاتری خوا هەر ئێستا لەبەرچاوی خۆم کەوتە ناوی! گوریسێکیان

پێبوو، یەکێکیان سەری گوریسەکەی گرت و چووە ناو چاڵە ئاوەکەوە و خێرا سەری دەرهێناو وتی: زەلامێکی تێدایە، کە زەلامەکەیان دەرهێنا پیرەمێرد بوو گیانی سپارد بوو — ئێوارە درەنگ باوکم لە بازاڕ هاتەوە باسی لافاوەکەی بەردەرکی سەرای ئەکرد کە هەر وا سەیارە و بەرمیل و بێشکەی منداڵ و کەلوپەلی ناو ماڵی خەڵکی بەسەر ئاوەکەوە بوون وتی: کچێك کە خەڵکەکە وتیان ئەوە کچی سەعید ساقی عەریفی پۆلیسە وا خۆی هەڵواسیوە بەدار تەلێکا لەتاو هێرشی ئاوەکە لەپڕ هروژمی ئاو بەرمیلێکی هێناو دای بەقەدی دار تەلەکەو کچەکە کەوتە ناو ئاوەکە و ئاو بردی بەرەو خوار، بۆ شەوێ ئامبولاسی فریاکەوتن ئەگەڕا بەناو شاراو لە بڵندگۆیەکەوە بانگی خەڵکی ئەکرد و ئەیوت: "ئەوی ماڵوێرانە روبکاتە خەستەخانە!"

لە رادیۆی کوردی بەغداوە شیعری لافاوەکە هەموو شەوێك دەخوێندرایەوە، ئێمەش لە ماڵەوە، لە رادیۆکەی باوکمەوە، کە بە باتری ئیشی ئەکرد، ئەوسا پێیان ئەوت "کەرو جاشەکەی..!" واتە رادیۆ پاترییەکە، منیش ئەوکاتە دەخیلەم هەبوو، رۆژانە عانە عانە کە وەرمئەگرت، دوو فلسییەکم ئەخستە ناوی، کاتێ دەخیلەکەم هەڵپچڕی و کردمەوە و بژاردم پەنجا فلس بوو، ئیتر چووم بۆ کتێبخانە گەورەکەی سەر شەقامی مەولەوی کە ناوی کتێبخانەی گەلاوێژ بوو، چوومە ژوورەوە وتم کتێبێکی لافاوەکەم بدەرێ کە تازە دەرچووەو

دەستم کردەوە پەنجا فسەکەم بۆ راگرت، کەچی خاوەن کتێبخانەکە وتی: رۆڵە کتێبەکە بە "100" فلسە! منیش بەشەرمەوە هاتم بچمە دەرێ لەناو دەرگای کتێبخانەکە پیاوێکی کەڵەگەتی تێکسمڕاو دەستی گرتم و پەنجا فلسەکەی لێوەرگرتم و بردمی بۆ بەردەم خاوەنی کتێبخانەکەو دانەیەکی لە کتێبەکە هەڵگرتو دایە دەستم و پەنجا فلسەکەشی دامەوە و وتی: "بگرە ئەمە دیاری منە بۆ تۆ..!!" کە سەیرمکرد کتێبەکە ناونیشانەکەی لەسەری بوو نووسرابوو "دیاری"، ساڵ وەرگەڕایەوە و شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ کرا و پاشاو دەستەو دائیرەکەی لەناوبران و لەهەموو سەرانسەری عێراقا بوو بە ئاهەنگ و هەڵپەڕکێ و زەماوەند و چەپڵە رێزان و هات و هاوار و پیاهەڵدان بەسەرۆکی تەنیا خۆشەویستی گەل، هەر لەبەر دەرکی سەرا لۆری و گەلابە پڕ پڕ سیخناخ بوون لە خەڵك کە سوار بووبوون گۆرانیان ئەوت، کوڕو کاڵ مناڵ و گەورەو هەرزەکار، هەر هەموویان پێئەکەنین و ئەتریقانەوە و لەخۆشیدا بوون، لەو لاوە قەرەباڵغییەکی زۆر بوو، کە چوومە پێشەوە، هەر ئەو پیاوە کەڵەگەتەی لەبەردەم دەرگای کتێبخانەکە وەستا بوو کتێبی دیاری پێشکەش کردم، خێرا خێرا شیعری ئەخوێندەوە، جەماوەرەکەش چەپڵەیان بۆ لێئەدا، منیش لە یەکێك لەوانەی تەنیشتم پرسی: ئەمە کامەرانی شاعیرە وتی: بەڵێ، شاعیری گەورەی کوردستان. هەر لەگەڵ بەزم و هەڵپەڕکی و

چەپڵەرێزانی خەڵکەکەدا لەدوورەوە گوێم لێبوو بەدەنگی بەزر، بەڵام دەنگێکی زۆر خۆش گۆرانی و سروودی ئەوت کە بەرەو دەنگەکە چووم پیکابێك بوو بڵندگۆیەکی گەورەی کردبووە رووی خەڵکەکەو خۆشی بەرامبەر خەڵکەکە دانیشتبوو لەدواوەی پیکابەکە، کە سەرنجم دا خۆ ئەمە کاکە برایمی خەیاتە، ئیتر منیش وەك جەماوەرەکە بەچەپڵە لێدانەوە بەدوای پیکابەوە رۆشتم یەکێك لە سرودەکانی "یالا ئیستیعماری گەڕ.. ئەی دڕندەی شووم و شەڕ" بەڵام لەهەر هەموویان خۆشتر و بەسۆزتر سرودی "خۆشم ئەوێ وڵاتەکەم.. کانگای هیوا و ئاواتەکەم" وەستا برایمی خەیات ئەوسا شیوعیەکی ئازاو کۆڵنەدەرو چوست و چالاك بوو. ئەو شیعرانەی کە بەگۆرانی و سرود ئەیوتن، زۆری ئاوازی خۆی بوو بەتایبەتی سرودی "من شەڕم ناوێ شەڕ دوژمنی ژینی توخمی ئینسانە" ئیتر بەدەوری فولکەکەی بەر دەرکی سەرادا سوڕایەوە روویکردە توی مەلیك.

بۆ رۆژی دوایی هەر لەبەر دەرکی سەرا دەنگ بڵاوبۆوە مەلا مستەفای بارزانی دێت بۆ سلێمانی، هەروا بوو کاتێك بەردەرکی سەرا خڕۆشاو هەموو لەبەردەم ئوتێلەکەی نوری عەلی خاوەنی دەرمانخانەکە لە نهۆمی یەکەمی ژێرەوە ئەو سێ قاتە بوو کە دوانی بۆ میوانخانە کرابوو خواریشەوە کرابو بەدەرمانخانە، مەلا مستەفا بۆ قسەکردن بۆ جەماوەر لە قاتی سێیەم وەستا بوو، منیش لەناو

ئاپورەی خەڵکەکەدا وەستا بووم، دیم وا وەستا برایمی خەیات بەدارێکی درێژەوە وێنەیەکی مەلا مستەفای بەرزکردۆتەوە هاوار ئەکا، هەر بژی سەرۆك بارزانی، جەماوەرەکەش هەموو بەیەك دەنگ ئەڵێن بژی، ئەو ئەڵێ با، ئەمان ئەڵێن بژی، مەلا مستەفا لەو بەرزییەوە کە چاوی بە وێنەکەی خۆی کەوت، بەدەنگی بەرز هاواریکرد ئەو وێنەیەی من لادەن، وێنەی سەرۆکی تەنیا عەبدولکەریم بەرز کەنەوە، چونکە من جوندییەکی عەبدولکەریم قاسمم، بۆ ئەوکاتە وەك وەفایەك ئەو هەستەی دەربڕی..!

هەر لە کەفو کوڵی هەڵپەڕکێ و سەماو گۆرانی چواردەی گەلاوێژدا بووین، لایەك لە تووی مەلیك و لاکەی تریش لە کارێزی وەستا شەریف دەشتە پان و بەرینەکەی تووی مەلیك ئاهەنگی نەورۆز ساز کرا بوو، لەلایەك دەستەیەك لە سوارچاکانی لاوانی شارەزا نمایشی دوانزە سوارەی مەریوان ئامادەکاری بۆ بکەن و لەو ناوە هەڵپەڕکێ و چۆپی گرتن و رمبازی، بەڕاستی بۆ ئەوکاتەی مێردمنداڵی ئێمە تەواوکاری کردبووە سەر هەست و دەماغ و هۆشمان و ئاستی هوشیاریمانی بەرزکردبۆوە، لەوکاتانەدا بەبێ جیاوازی لەنێوان ئافرەتان و پیاواندا، بۆیە ئەو چەند کاتژمێرە هەر هەمووی بەپێوە جمەی دەهات لەهاتوچۆ، جا هەر بەشانی لای گۆیژەدا بەرەو سەرقەبرانی سەیوان بۆ کارێزی وەستا شەریف، یەکجار جەنجاڵ بوو، ئێمەی تازە پێگەیشتوو

هەر لەدوای شیعرەکانی کامەران کە دەیخوێندەوە بەدەنگە زوڵاڵەکەی بێ بڵندگۆ ئەیوت:

بۆ رۆژی نەورۆز.. سێ چەپك
لە نێرگز و گوڵی ناسك
ئەکەم بە دیارییەکی جوان
بۆ گەلی کوردی قارەمان

لە خوێندنەوەی هەموو دێڕێکدا دەکرا بە چەپڵەڕێزان و دووبارەکردنەوەی خوێندنەوەی شیعرەکە، جا دیسان ملی دەشتەکەمان دەگرتەوە، ئەمجارە بەرەو کارێزی وەستا شەریف تا بزانین کاملا لەولای تر چاکتر هەڵدەپەڕن بۆ نەورۆز! ! لێرە لە کارێزی وەستا شەریف مامۆستای شاعیر و ئەدیب و مێژوونووس محەمەد رەسوڵ هاوار کەوتە خوێندنەوەی شیعرێك کە تەنیا ئەم کۆپلەیەم لەیاد ماوە:

لاوان وریا بن.. لاوان وریا بن
کەمتەرخەم مەبن.. لاوانی چابن
گشت لا هەرایە و مقۆ مقۆیە !
زۆر چاك بزانە.. بۆ کەوڵی تۆیە !

بەڵێ رۆژان رابورد و خۆشەویستەکەمان نەورۆز، هەروەك جەژنێکی نەتەوایەتیمان بەسەربەرزی مایەوە! با بزانین ئەو لایەن و

دڵسۆزانەی ئەمڕۆی کورد، چۆن ڕێز لە تۆ ئەگرن! من پێم باشە پێشوازیکردن لە ئاشتی سەراسەری ڕاستەقینە لە کوردستان لەم ڕۆژەدا چاکترین دیاری و پیرۆزباییە!، کە لە هەمانکاتدا بەدوژمنان دەسەلمێنن کە چی تر کاتی ئەوە نەماوە، با لەگەرمەی گێرو گرفت و جیاوازیدا دەستمان وا لای ملی یەکتر کەین، چۆن ئەم خاکە لە هەموان پیرۆزتر و مەزنترە نابێ قەدری نەگرین، بۆیە شاعیری گەورەمان ئەحمەد موختار بەگی جاف دەفەرموێ:

بەبێ قەدری، بەسەریا رامەبوورن، حورمەتی بگرن!!

گوڵاڵە سورەی ئەم سەحرایە خوێناوی جگەرتانە!!

ساڵی 1963 بۆ بەیانی ڕۆژی 9ی حوزەیران، لەبڵندگۆی مزگەوتی سەرچنارەوە بەدەنگێکی بەرز بڵاویکردەوە، کە وا لەمڕۆوە هاتوچۆو گەڕان و هاتنە دەرەوە قەدەغەیە بەئەمری "قائد قوەی سەرچنار" هەرکەس لە کۆڵان، لەشەقام دەرکەوێ ڕەمی لێدەکرێ، هەروا نیو کاتژمێری پێنەچوو سەربازی ڕژێم بەهەموو کۆڵان و شەقامەکانی سەرچناردا بڵاوبوونەوە، کاتێکمان زانی لەو بەرماڵی ئێمە، ماڵی حەمەی زلێخا بوو لە دەرگاکەیاندا، ئێمەش لەم بەرەوە لە پەنجەرەکەوە تەماشامان ئەکرد، ئەوا ئەو تەنیا پیاوەی کە لەو ماڵەدا بوو حەمەی زلێخا، پێش خۆیانداو بردیان، حەمەی زلێخا کرێکاری کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار بوو. دوای سێ ڕۆژ بۆ تەنیا سێ کاتژمێر

ڕێگا کرایەوە، ئێمەش هەر بەپێ لەسەرچنارەوە بۆ سلێمانی کەوتینەڕێ، کاتێ گەیشتینە دووڕیانەکەی سەرچنار لەدووری شەقامەکەوە لاشەی کەسێکمان دی فڕێدرا بوو، ئیتر ئێمە بۆئەوەی کاتەکەمان بەفیڕۆ نەڕوات نەچوین بۆ سەیرکردن، پەلەمانبوو تا بچین بۆ سلێمانی بۆئەوەی دەنگ و باسی کەسوکارمان بزانین، ئیتر پاش چەند رۆژێکی تر ڕێگای هاتووچوو بەتەواوەتی کرایەوە، دوای دوو سێ مانگ ئەوانەی لە سلێمانی و سەرچنار گیرا بوون، برا بوونە ئەستەبڵی تەویلەی ئەسپەکان لە حامیەی سلێمانی بەریاندان، ئەمە وێڕای لەناوبردن و لەچاڵنانی کوژراوانی (9)ی حوزەیران، کە پۆلێ شەهیدی جوانە مەرگی شارەکەمان و هەندێ ڕێبواری دێهاتەکان لەکاتی هاتنیان بۆ ناو شار گیرا بوون، لەو رۆژە شومەدا لە چاڵ نران بەدەستڕێژەوە خرانە ئەو چاڵانەو داپۆشران! لەوانەش کە بەر بوون ئەو پیاوەی ئەو بەرمان حەمەی زلێخا. لەگەڵ باوکم چووین بۆ ماڵیان بۆ بەخێرهاتنەوەی رزگاربوون لەزیندان، کە هەزاران کەسی تێئاخنرا بوو، لە دەرگاماندا و باجی زلێخا دەرگای کردەوە فەرموی کردین بۆ ژوورەوە و، ئیتر زۆر زۆر پێخۆشحاڵی خۆمان بە بەربونی دەربڕی.

باوکم لێی پرسی زۆربون ئەوانەی سەرچنار کە گیرا بوون؟ حەمەی زلێخا وتی: نەوەڵا حاجی کەریم هەر من و مەکی عەبدوڵلاو قەسابەکەی سەرچنار، کە ئەویش ئەو بەیانییە زوو خەریکی چاکردنی ئاژەڵەکەی

بوو کە دوای سەربڕینی ئامادەی بکات بۆ فرۆشتن، بەڵام دیاربوو پێش ئێمە زۆری تریان لە خەڵکەکەی سەرچنار بردبێ وابزانم، هەر ئێمە مابووین سواری زیلێکی گەورەی سەربازییان کردین، چەند سەربازێك بەکڵاشنکۆفەوە بەسەرمانەوە بوون، باوکم وتی: وا بزانم قەسابەکە ناوی رەحیمی عەینەیەو خەڵکی سلێمانییە؟! کاکە حەمە وتی: بەڵێ رەحیمی عەینە خۆیەتی.

ئیتر زیلەکە کەوتە رۆشتن سەربازەکانیش کەوتنە جوێندان بەکورد و کوردستان و سەرۆك بارزانی، یەکێکیان لە رەحیمی قەساب چووە پێشەوە و وتی جوێن بدە بە کورد و کوردستان بە مەلا مستەفای بارزان! رەحیم زۆر زۆر مەردانە هاتە وەڵام وتی: تۆ جوێن بە سەرۆکەکەی خۆت ئەدەی؟ تا من جوێن بە بارزانی بدەم؟! ئیتر سەربازەکە قەمەی کڵاشنکۆفەکەی روو کردە رەحیم و تا هێزی تیا بوو کردی بەورگیداو جارێکی تریش و چەند قەمەیەکی لێداو رەحیم بە بەرچاومانەوە گیانی سپارد!! دوایی روویکردە ئێمەو هەڕەشەی گیانکێشانی لێکردین و وتی: هەروەك ئەو سەگە ئەتان تۆپێنم! بە مەکی وت: تۆش وەك ئەو سەگە جوێن نادەی؟! دەی با بزانم چۆن تف لە چارەی سەرۆك و کورد و کوردستان ئەکەی خێراکە دەی!! مەکی بەسزمان کە تەرمی رەحیمی قەسابی بەوشێوە و رەفتاری دڕندەیی ئەم تاوانبارانەی دی، ناچار بوو ئەوان چی دەڵێن بەقسەیان

بکا، چونکە ئەمیش وەك رەحیم مەرگی خۆی لەبەرچاو بوو، گیانیش زۆر شیرینە!! کەوتە جوێن دان!! باوکم وتی: جا هەر مەکی جوێنی دا. ئەی تۆ؟ حەمە وتی حاجی کەریم ئەوانە ئەوەندە زاڵمن ناتوانی بەرهەڵستی لەگەڵیاندا بکەی! بێگومان منیش وەك مەکی گیانی خۆم بەچەند جوێنێ لەدەستیان رزگار کرد. ئەو ساڵەی کەوتم ماڵمان لە سەرچنار بوو لە ساڵی 1965 دا، هەموو لاوانی سەرچنار سەیرانێکیان رێکخست بۆ ناو مەشتەلەکەی سەرچنار، لەوێ بەگۆرانی و هەڵپەڕکێوە رۆژمان بەسەر برد، هەرگیز لەیادم ناچێ هەر لەو رۆژگارانەدا لە سەرچنار مەلەوانگەیەك هەبوو، رۆژانە ئەچووین لەوێ تێر تێر مەلەمان ئەکرد، لەهەمان کاتدا کۆمەڵێ لاوی سلێمانیش ئەهاتن بۆ مەلەوانگەکە، بەڵام بۆ ئەوان بەناسنامە ئەکرانە ژوورێ، بۆیە هەر هەموویان ناسنامەیان دەرهێنا بوو، ئەوەش کە بەرپرس و چاودێری لە مەلەوانگەکە ئەکرد برای خۆشەویستم مامۆستا جەمال تۆفیق بوو بە (جەمالی خەلفە تۆفیق) ناوبانگی دەرکرد بوو، ئێستا لە هەندەرانە، ئەوانەی لە سلێمانییەوە ئەهاتن بۆ مەلەوانگەکە ئەمانە بوون: هەردوو برا جەمال و جەلال کوڕانی مامۆستای کۆچکردووی ئەدیبی ناسراو محەمەد مستەفا کوردی، شەهیدی ئەندازیار فەرهاد عیزەت کابان و فەرەیدونی برای و دلێری سەید مەجید و تایەری عەبە پشی و مامۆستای شەهید عەزیز مەحمود. ساڵ وەرگەڕایەوە، شەوێك

لەنیوەشەودا تووشی ئازارێکی ناو سکم بووم و ئۆقرەم لەبەر برِا بوو، ناچار باوکم چووبوو بۆ ماڵی کۆچکردوو عومەر نەمەڵی تا بەهانامانەوە بێ و فریامان کەوێ کە کاك عومەر نەمەڵی هات و بەوشێوەیە منی دی یەکسەر کردمیە کۆڵ و لەگەڵ باوکم بردمی بۆ لای حاجی جەمال کە بەرپرسی سەرپەرشتی نەخۆشخانەی سەرچنار بوو، چوینە ماڵەوە بۆ لای، ئەویش دەرزییەکی خەوی لێدام، بەیانی بردمیان بۆ نەخۆشخانەی سلێمانی، لەوێ پشکنینی وردیان بۆ کردم دەرکەوت کە تووشی "قرحەی مەعیدە" بووم، لەوێ هەردوو عەبدولرِەحمان ریس و دکتۆرە ناسکە، دوای سەیرکردن راپێچی ژووری نەشتەرگەرییان کردم، دوای نەشتەرگەرییەکی سەرکەوتوو لەهەمان کاتدا نەشتەرگەری ریخۆڵە کوێرەشیان بۆ کردم، دوای شەش حەوت رۆژ دەرچووم لە نەخۆشخانە، لەو ساڵەدا رۆژنامەیەك دەردەچوو ناوی "الاخبار" بوو، هەمووی بەزمانی عەرەبی و بۆ پرِوپاگەندە دەردەچوو، تەنیا لاپەرِەیەکی نەبێ کوردی بوو کە کۆچکردوو محەمەد تۆفیق وەردی سەرپەرشتی ئەکرد، رۆژنامەکە هی محەمەد بریفکانی بوو لە بەغدا دەردەچوو، ئەوکاتە سەرەتای خولیای شیعر نووسینم بوو، خێرا خێرا شیعرم ئەنووسی و ئەم نارد بۆ "دەنگ و باس" کە لاپەرِە کوردییەکە بوو، دوای چاوەرِوانی زۆر بڵاونەئەکرایەوە، تەواو نیگەران بووم و یەکجار هیوا برِاو بووم لەبڵاونەکردنەوەی شیعرەکانم، دوا جار ناچار

بڕیارێکم دا کە بۆ ئەمجارە شیعر بە ناوی یەکێك لە شاعیرەکانمان بنێرم، بۆیە شیعرێکم بەناوی "مەدهۆش"ەوە ناردو کاتی دەرچوونی رۆژنانەکە دێم شیعرەکەم بەناوی "مەدهۆش"ەوە بڵاوکراوەتەوە، منیش یەکدوو ژمارەم لە رۆژنامەکە کڕی و خستمە بەر باخەڵم و وەك کێچ کەوتبێتە کەوڵم گورج و خێرا بەرەو دووکانی مەدهۆش چووم، لەدڵیشا زۆرم پێخۆشبوو، خۆم بەسەرکەوتوو دەزانی و لە سەرێکی ترەوە ماتی و پەستییەك دایگرتبووم بەدەم رۆشتنەوە گەشتمە بەردەم دوکانی بەرگدرویەکەی مەدهۆش، کە سەیرمکرد وا "مامە" دانیشتوەو کامەرانی شاعیریش هەمان رۆژنامەی بەدەستەوەیەو بەپێوە وەستاوە و قسە بۆ مەدهۆش ئەکا، خۆمکرد بەدوکانداو گوێم لێبو مەدهۆش وتی: ئاخر نابێ بزانن کە ئەوە شیعری من نییە!! کەی من شتی وام نووسیوە! کامەران هەڵیدایەو وتی: جا بۆ ئەم شیعرە جوان نییە؟! ئیتر کەوتە خوێندنەوەی شیعرەکە کە تەواو بوو "مامە" عەلی باپیراغا وتی: حەمە عەلی وا نەگبەتی شانی تۆی بەرداو بەرۆکی خاوەنی ئەم شیعرەی گرت!! مەدهۆشیش وتی: بەڕاستی شیعرەکەم لا جوانە، بەڵام لەوە جوانتر حەزمئەکرد خاوەنەکەیم بناسیایە!! بۆ یەکەمجار پەردەی شەرمم دڕاو زۆریش لەدڵەوە ئەو هەموو ستایشەم پێخۆشبوو کە لەلایەن ئەو گەورە شاعیرانەوە کرام، بە تایبەتی لەلایەن مەدهۆش خۆیەوە، بۆیە لەناو دەرگاکەوە بەدەنگی نیوە

نووساوەوە بە ئەسپایی پێم نا بە جەرگی خۆماو وتم: ئەگەر بە بچووکی خۆتانم وەرئەگرن ئەو شیعرە شیعری منە..!! هەموو دەستیانکرد بە قاقای پێکەنین و دایانە چەپڵە و پیرۆزبایی گەرمیان لێکردم و وتیان فەرموو خۆت شیعرەکەمان بۆ بخوێنەرەوە با بەدەنگی خۆت گوێمان لێبێت. مێژووی شیعرەکە بڵاوکراوەتەوە 1966/11/11 رۆژنامەی دەنگ و باس:

شیرین شیرینی.. هەر تۆ شێومی
تۆ شیرین وێنەی.. وشەی لێومی
تۆ بڵێسە بوی.. بۆ دڵم وەك گڕ
جۆشی کڵپە بوو.. خۆشەویستی پڕ
ئەو رۆژەی کە چاو.. شیرینی بینی
دڵشانەی هەنگە.. بۆ جێی شیرینی
هەرچەندە دڵیش.. لای منە شیرینە
تۆش کە شیرینی!.. دڵ لام بەخشینە
بۆیە هەمیشە.. داوات لێدەکەم
تا ئاگاداربی.. تۆ لە رازەکەم
رازو گلەیم.. تەنیا ئەمەیە
نووسینی خامە.. لەسەر نامەیە
تا گوڵی "مەدهۆش" نەکرێ بەسەرتا

شیرین! بەرگی شوو نەکەی بە بەرتا

ئەوکاتانە لە تەنیشت سینەمای رەشید کە ئێستا "رەشید مۆڵ"ە فەرمانگەی بەڕێوەبەری پۆستەو تەلەگراف هەبوو، لە رارەوی چوونە ژوورەوەی فەرمانگەکە ژوورێکی خنجیلانە بە چینکۆ و لەوح سەری بۆ گیرا بوو، کرابووە چایخانە بۆ فەرمانبەران، چالێنەرو چایچییەکەی ناوی مام عەلی بوو، منیش ئەوکاتە دوای خوێندنگە ئەهاتمە لای رەوفی برام کە حانووتی سینەمای رەشیدی هەبوو، بۆ چا خواردنەوەش ئەچوومە چایخانەکەی مام عەلی، هەر لەوێ بو کۆچکردو شێخ ئەنوەری شاعیرم ناسی کە خۆی یەکێ بوو لە فەرمانبەرانی پۆستەو تەلەگراف، ئەوکاتە بوو کە دەستم کردبوو بە شیعر نووسین، لەوێ شیعرەکانم بۆ هاوڕێی شاعیرم شێخ ئەنوەر، ئەخوێندەوە و خوا هەڵناگرێ ئەویش لای خۆیەوە دەستخۆشی لێئەکردم، هەر لەو کونە بچووکەدا هاوڕێی خۆشەویستم محەمەد رەشید "حەمە رەشید هەرەسم" ناسی، کە ئەویش چەپۆکی شیعری بەرکەوتبوو، بەڵام هەر زوو وازیهێناو روویکردە هونەری شانۆو ئێستا یەکێکە لە هونەرمەندە گەورەکانمان، رۆژێك شێخ ئەنوەر، پێی وتم: مارف! چۆنە بەلاتەوە شاعیرەکانمان تاقیبکەینەوە؟!

وتم: چۆن؟! وتی: هەر خۆمان شیعرێك رێکئەخەین و ئەنووسین نیشانی ئەوانی ئەدەین!! هەروا بوو کەوتینە شیعر رێکخستن، بەڵام

لە ڕاستیدا هەرهەموو شیعرەکان هی شێخ ئەنوەر خۆی بوو، بۆ منی ئەخوێندەوە، منیش زۆر زۆر پێکەنینم دەهات، کەچی ئەویش هەر بە پێکەنینەوە ئەیوت: بۆ تۆ لات وایە شیعر نین؟ ئیتر ئەی وت: با بچین نیشانی شاعیرانی بدەین بزانین ئەڵێن چی بەرامبەر ئەم شیعرانە:

کوا سەیلە سەیلەی شمشێر زێڕینم؟!

کوا بیگرەو مەچۆی مەهارای بینم..؟!

کوا عێڵی مەهبای بابان.. نشینم..؟!

کوا مەهتەدی کورد..؟ کێش بە نیگاران..؟!

کە رۆشتین بەدوای شاعیرەکاندا بگەڕێین، یەکەمجار مامۆستای کۆچکردو ئەبوبەکر هەوریمان دۆزییەوە، "أ.ب هەوری"، شێخ ئەنوەر پیوت: مامۆستا من لە پۆستەو تەلەگراف فەرمانبەرم، بۆ هەڵکەندنی دار تیلی تەلەفۆنات چاڵی گەورەو قووڵمان هەڵدەکەن، جا لە یەکێك لەو چاڵانە کۆمەڵە کاغەزی زەردو پواومان دۆزیەوە، من خێرا نەمهێشت دەستکاری بکەن لە زەرفێکی نایلۆنم کردو بردمەوە ماڵەوە و بەئەسپایی و هێمنی ئەم چەند شیعرانەم لێنووسیەوە جا نازانم بەڕێزتان ئەم شیعرانە بەهی کام سەردەم و کام شاعیر دەزانن؟! ئەویش کە چەند جارێك شێخ ئەنوەر بۆی ئەخوێندەوە. ئیتر کۆچکردوو "أ.ب هەوری" وتی: ئەم شیعرانە هی سەردەمێکی زۆر لەمێژینەیەو شاعیرەکەشی تا ئەمڕۆ نەناسراوە نازانرێ کێیە؟! دواتر

سەرمان لـە شـاعیری دڵتـەڕو زمـان شـیرین حەمـە عـەلی مـەدهۆش لـە دوكانە بەرگدروەكەیداو. شـێخ ئـەنوەر بەهـەمان شـێوەی پێشـوو بـۆ ئەمیشی خوێندەوە، ئەویش فەرمووی لەڕاستیدا سەری لێدەرناكـەم.! پاشان بیرمان كردەوە بچین بـەدوای مامۆسـتا كامەرانـدا بگـەڕێین، لـە دوكـانی مـەلا عـەزیزی سـەحاف دیمـان دانیشـتبوو، خێـرا ئـەم دیـو و ئەودیومان بەجووتە لێگرت و شیعرەكەمان دایە دەستی بۆشمان بـاس كردبـوو كـە دۆزیومانەتـەوە. یـەك دوو جـار ئـەویش خوێندیـەوە بـە زەردەخەنەیەكــەوە ســەیری كــردین و وتــی ئەمانــە وەك شــیعرێكی شاعیرانە بە وەزن و قافیە رێكخراون و مۆسیقاشی تێدایـە.. هەرچـۆنێ بیخوێنیتــەوە، لەســەرەوە بــۆ خــوارەوە لــەخوارەوە بــۆ ســەرەوە شیعرە..! بەڵام هەرچی پێی بڵێن مانا نییەتی..!! هەتیوانە ئەترسم ئەم شیعرانە خۆتان نووسیبێتتان.. چونكە مارف لەم بابەتە پێشینەی هەیە! مەبەستی شیعرەكەی مەدهۆش بوو، بەڵام ئێمە نەچووینە ژێـر باری ئەوەی شیعری ئێمە بێ و ئەویش لە كورتی وتی: مێشكی خۆتان بـەم شـتە هـیچ و پوچـانەوە خـەریك مەكـەن!!. هـەر لـەو سـاڵانەدا ئەچوین بۆ لای جـەمال شـاربازێڕی لەماڵـەوە كـە خـۆی بەتـەنیا بـوو، رۆژانـە بـۆ خـۆم ئەچـووم سـەرم لـە هونەرمەنـدی كۆچـكردو هـاوڕێی خۆشەویستم "خالیـد زامـدار" ئـەدا، كـە دوكانەكـەی لەسـەر شـەقامی پیرەمێرد بـوو، پێكـەوە دانیشـتبووین لـە پـڕ زەلامێـك بـەڕووتووقوتی

خۆیکرد بەدوکانەکەدا، کە ناسیمانەوە کۆچکردو هۆگر گۆران وو..!
خێرا خالید کردیە ئەودیوی ژوورەوەی ناو دوکانەکەی، لەناوەڕاستی دوکانەکە پەردەیەك هەبوو، کردیە ئەودیو پەردەکە، بە پەلە رایکردە دەرەوە و هێندەی پێ نەچوو پانتۆڵێك و کراسێکی بۆ هێنا. هۆگر بۆ خۆی بەر لە تێکچوونی مێشکی، شاعیرێکی نوێخواز و خاوەن کۆمەڵە شیعرێکی جوانبوو کاتی خۆی بڵاویکردبۆوە، کوڕی گەورەی شاعیری مەزن "گۆران"ە لەراوەدونان و گرتن و ئەشکەنجەو ئازاردانـدا هۆش و گۆشی لەدەستدا بوو.. هەر لەو ساڵانەدا بوو من و شێخ ئەنوەر و هونەرمەند ئەحمەد سالار، ئەچوین عەلی کەمال باپیرمان لەماڵی کەمالی کوڕی کە لە پشت باخچەی گشتییەوە بوو ئەمانبردو لەوێ دادەنیشتین و قسەو باسیش هەر شیعرو ئەدەبیات بوو "شێخ ئەنوەر شیعری خۆی بۆ "مامە" دەخوێندەوە و ئەیوت "مامە" ئەمانەی بۆم وتی لەشیعر ئەچن؟! مامەش ئەیوت: بەڵێ ئەمانە شیعرن، بەلام تۆ نەك هەر شاعیر..! بەڵکو ساحیریشی.. لەو دەمانەدا وێنەیەکمان گرتبوو.

من و شێخ ئەنوەر و ئەحمەد سالار و مامەش لە ناوەڕاستی هەمووماندا بەخۆی و گۆچانەکەیەوە، شێخ ئەنوەر ئەم شیعرەی لە پشتی وێنەکە نووسیوە:

بۆ چەند هەناسە.. دنیا وێنەیە
بەم وێنەیە.. بگرین وێنەیە

لاو پیر هەموو گیای دروێنەیە

با یادگار بێ.. لات ئەم وێنەیە

ساڵی 1968 ئەو ساڵانەیە کە زۆر شیعرم تێدا ئەنووسی و ئەمبرد نیشانی جەمال شارباژێڕی و شێخ ئەنوەر و برادەرانم ئەدا.

لەو شیعرانە یەکێکیانم زۆر لاجوان بوو، حەزمئەکرد بکرێتە گۆرانی بەتایبەت بە دەنگە خۆشەکەی برایمی خەیات تا ئاوازی بۆ دانرێ و بیڵێت، بۆیە چووم سەردانم کرد لە دوکانەکەی کە لە شەقامی مەولەوی بوو.. یەکسەر فەرموی دانیشتنی لێکردم، منیش بەشەرمێکەوە پێموت: نەخێر نەهاتووم تا دانیشم، بەڵکو هاتووم ئەم شیعرەم بۆ هێناوی تا ئەگەر لات پەسەندو گونجاو باش بوو بکرێتە گۆرانی،

شیعرەکەم لە باخەڵم دەرهێناو دەستم درێژکرد و دامەوە دەستی و ئیتر لە دوکانەکەی هاتمە دەرەوە.. دوای چەند مانگێك کاسێتێکی کاك برایم کەوتە بازاڕەوە و کڕیم و چوومەوە ماڵێ و گوێم لێگرت، زۆر سەرسام بووم کە یەکێك لە گۆرانییەکانی تەنیا یەك کۆپلە لەو شیعرەی پێمدا بوو لەگەڵ یەك دو کۆپلە شیعری تر کە نازانم هی خۆی بوو یان هی کێی تر...؟! ئیتر چووم بۆ دوکانەکەی پێموت: کاك برایم ئەو شیعرەی من پێم دایت تەنیا یەك کۆپلەی منی تێدا بوو لە یەکێك

لە گۆرانیەکانت!! زەردەخەنەیەك گرتی و دەستی کرد بە پێکەنین بەزۆر فەرمووی دانیشتنی لێکردم، منیش دانیشتم، وتی کاك مارف ڕۆژانی پێنج شەموان کاك شەوکەت ڕەشید لە کەرکووکەوە دێنەوە و سەردانم دەکات و دەپرسێ ها برایم دەنگ و باسی شیعر و شاعیران چییە..؟! منیش هەرچی شیعرێکم لای شاعیرانەوە بۆ هاتبێ ئەیخەمە بەردەستی و ئەویش دوای خوێندنەوە و وردبوونەوە لەشیعرەکان ئەکەوێتە هەڵبژاردنی شیعرە جوانەکانی تا من بیڵێم.

دوای ئەوەی ئامادەی دەکات بۆ ئەوەی ئاوازی بۆ دانرێ جا لە شیعرەکەی تۆ یەك کۆپلەو لە شیعری ئەژی گۆران کۆپلەیەك و کۆپلەیەکی تریش هی شاعیرێکی خەڵکی هەولێرە ئاوازمان بۆ داناو کردمانە ئەو گۆرانیە کە گوێت لێبوە.. کۆپلەی شیعرەکەی تۆ ئەوەیە لە کاسێتەکەدا گوێت لێبوو:

شیرین بۆ وا لە ئاستی من
دڵت بۆتە قەڵای ئاسن
تۆبوی بڕوام بۆ تۆ ئەژیام
تەنیا تۆ بوی هێز و توانام

لە ڕاستیدا شەکەوت ڕەشید هونەرمەندێکی ژیر و وریا و زیرەك بوو، بەڵام نەئەبوو دەستکاری شیعری شاعیران ئاوا تێکەڵاویان بکات..!!

هەر لە هەمان ساڵدا لەو بەرمانەوە، گازیۆنیەك هەبوو، من و مەحمود خاكی لە پاڵی دیواری پۆستەو تەلەگراف كتێبمان دەفرۆشت، گازینۆكەی ئەوبەریشمان هی عەلی لالەمین بوو، كەسێك هەبوو هەموو عەسرانێك لەوێ دادەنیشت و كاتێكیش لای ئێمە لەمبەرەوە ئەبوو بەسێبەر ئەهاتە ئەم بەرو چاوی بە كتێبەكاندا ئەخشاندو پێیئەوتین ئێوە كتێبە كۆنەی خەڵك ئەكڕنەوە، ئەگەر هاتو كتێبی فەلسەفی و سیاسی تێدا بوو بۆیان هێنان لێیان بكڕن، من لێتان ئەكڕمەوە. هەر لەو رۆژانەدا بوو مامۆستایەك هات و وتی: كتێبی كۆنە ئەكڕی..؟

وتم: بەڵێ! كوان؟ وتی: زۆرە لەماڵەوەیە. لە دەوروبەری من و مەحمود خاكی كتێبفرۆش كۆمەڵێ لای‌و خوێندەواری خوێن گەرمی خوێندنەوەی ئەدەبیات لە دەوروپشتمان بوون، وەكو مامۆستا ئەحمەد حسێن و دكتۆر سەباح غالب و محەمەد محەمەد "ئارام" جەزای عەلی ئەمین، عەبدولڕەزاق پشدەری، روومكردە كاك سەباح غالب و وتم: ئەچم لەگەڵ مامۆستا ئەو كتێبانە ئەكڕم چاوێكت لە كتێبەكانم بێ، ئەو مامۆستایە خوشكەزای مامۆستا محەمەدی مەلا كەریم بوو ناوەكەیم لە یاد نەماوە.

چوینە ژوورەوەی ماڵەكەیان، لەوێ كتێبێكی یەكجار زۆری لێبوو، لە هەمووی سەیرتر ئەو كتێبانە بوون كە ئەو برادەرە سۆراخی

ئــەکردن و بەدوایانــدا ئەگــەڕا. مختــارات لیــنین، اقتصــاد السیاســی ماركسی، اصل العائله، انجلز و زۆر زۆری تر، وتم مامۆستا ئەگەر بێتـو من ئەمانە لە تـۆ بکـڕم و بیبەمـە بـەر دەرکـی سـەرا، یەکسـەر لەگـەڵ جادەکە دا سواخم ئەدەن.. هاتمە دەرەوە، بۆ سبەینێ هـەمان کـەس هاتەوە ئەمبەر بۆ لامان و کەوتـە سـەیرکردنی کتێبـەکانمان، ئـیتر مـن چـوومە نزیکیـەوە وتم: کاکـە! ماڵێـك چـووم بـۆ سـەیرکردنی کتێـب کەلێیان بکڕم، بەڵام چی!

هەمووی هەر لەو کتێبانـە بـوون کـە بـەڕێزتان لـەدووی ئەگـەڕێن! یەکسەر وتی: ئێ باشە بچۆ بیکڕە.. جا وتم یەکجار زۆرە و منیش ئـەو پارەیەم نییە کە  داوای کات..! وتی: بەمەزەنـەی تـۆ بـای چـەندە؟! لەم کاتەدا کاك سەباح غالب هات و چاك و چۆنی لەگـەڵ کـرد، منـیش وتم نازانم رەنگە بایی (30) دینار زیاتر بێ.. ئیتر ئەویش دەستی کـرد بەگیرفانیاو (3) دە دینـاری بـۆ دەرهێنـام و وتـی بـڕۆ بیکـرە، منـیش پێموت ئەگەر رێکەوتین و کڕیم بیهێنم بـۆ کـوێ؟! ناونیشـانی مـاڵێکی دامێ و رۆشتەوە ئەوبەر لە کاك سەباحم پرسی ئـەم پیـاوە کێیـە..؟! وتی: ئەوە کاك نەوشیروانە!. بۆ رۆژی دواتـر ئـەو مامۆسـتایە هاتـەوە بـەردەم کتێبـەکانم، منـیش چـوومە لایـەوە و تم: بـا بچـین بـزانم لێـت ناکڕم! هەردوکمان رۆشتین گەیشتینە ماڵەکـەو چـوویتە ژوورێ و پـێم وت: هــەر هــەمووی ئــەدەی بەچــەند؟ وتــی: "40" دینــار وتم "40"

دیناری چی کێ ئەمانە ئەکرێ! وتی: ئەی تۆ چەندەی پێئەدەی؟ وتم "10" دینار وتی: تۆ نیازت لە کڕینی نییە! وتم کەیفی خۆتەو هەنگاوم نا بڕۆمە دەرەوە وتی: باشە بە (30) دینار، دیار بوو ئەویش ئەیویست لە کۆڵی بێتەوە، منیش ئەمجارە بۆمکردی بە (15) دینار وتی وەڵاهی حەمامی پێ گەرم کەم نایدەم بەو پارەیە، وتم لەکورتی بیبڕەوە وا بۆمکردی بە (20) دینار، ئیتر دیار بو نەرمبوو وتی: جا چۆنی ئەبەی؟ وتم ئەچم گوێنی بۆ ئەهێنم، رۆشتم و چەند گوێنیەکەم هێناو پڕ پڕمکردن و چووم تەکسییەکم هێناو تێمکردو رۆشتم بۆ بەردەم ئەوماڵەی ناونیشانی پێدابووم. لە دەرگام دا، کە کردیەوە کاك نەوشیروان خۆی بوو، وتم یارمەتیم بدە گوێنیەکان قورسن هەموومان بردە ژوورەوە و منیش پێموت بە (20) دینارم کڕیوە، ئەوەش (10) دینارەکە، هاتە دەرێ و پارەی خاوەن تەکسی داو منیش گەڕامەوە لای کتێبەکانم. دوای چەند رۆژێك یەکێك بانگم ئەکا کە سەیرم کرد کاك نەوشیروانە، ئەڵێ مارف وەرە ئەمانەش بەشی تۆ، گوێنیەك بوو لەگەڵی داگرتم کە هەڵمپچڕی هەمووی گۆڤاری شەفەق، گەلاوێژ، بڵێسە، رۆژی نوێ رۆژنامەکانیش ژین و ژیان و هەتاو، چەند ژمارەیەك لە زاری کرمانجی دیوانە کوردیەکان. لە ساڵی 1968 لە دەفتەرێکی لاپەڕە رەنگاورەنگ کە ناوم لێنا بوو "ئەلبوومی بیرەوەری". لە لاپەڕەکانیدا هاوڕێی و خۆشەویستانم هەریەك بەوێنەو

چـەند دێـڕ لـە نووسـینی تێـدا بەسـەریانکردومەتەوە، لەوانـە هـاوڕێی هونەرمەند و خۆشەویستم خالید زامدار، عـەلی توانـا، رەوف حەسـەن، محەمەد رەشید "ئارام"، حەمە سەعید حەسەن، سـەباح غالـب، شـێخ ئـەنوەر، ئەحمـەد، سـالار جـەمال شـارباژێڕی، محەمـەد مسـتەفای "پاسـۆك"، جـەمال کابـان، عوسمـان شـەیدا، فوئـاد محەمـەد ئـەمین سـەراج، ئـازاد جـەلال، عـەتا قـەزاز، هـەمزەی جوانەمـەرگ، ئەمانـەو چەندین برادەر لەو ئەلبومە وێنەو نوسینیان تۆمار کردووە.

ساڵی 1969 ئەوکاتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردسـتان بـاڵی مەکتەبی سیاسی بووم، کە بە جەلالی بـەناوبانگ بـوو، لـەو سـاڵەدا درا بووم بە لیژنەی پزیشکی لەسەربازگەی رەشید، چونکە کاتی خۆی دوو نەشتەرگەری کرابووم. لە سلێمانی نامەیـەکم لـە حیـزب وەرگـرت تـا لەبەغـداد یارمـەتیم بـدەن و کارەکـەم بـۆ رایـی بکـەن، ئەوسـا بـاڵی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ رژێم لە گفوگۆدا بوو، لەهـەمان کاتیشـا چـەند بڕیارێکیشـیان بـە رژێـم جێبـەجێ کردبـوو وەکـو "نـەورۆز" کـرا بـووە جەژنی نیشتمانی، دهۆك کرابوو بە پارێزگا، زانکۆی سلێمانی دامـەزرا، کۆڕی زانیاری کورد لە بەغـداو هـەردوو رۆژنامـەی هاوکـاری و گۆڤـاری بەیان لەو بڕیارانە بوون کە جەلالییەکان بەرژێمیان کرد. جا من بەخۆم و نامەکەی حیزبەوە چووم بـۆ ئـەو بینایـەی کـە لـە کۆتـایی شـەقامی کچـاندا بـوو لـە نهـۆمی دوو، کـە بـەرپرس و سەرپەرشـتیکەری کمـال

محێدین بوو، چەند رۆژێ لەسەریەك چووم، هێندە جەنجاڵ و قەرەباڵغ بوو بەر من نەئەکەوت تا بچمە ژوورێ، لەمیوانخانەش لە میوانخانەی سیروان بووم لەسەر شەقامی ئەمین کە نەفەری شەوی بە (200) فلس بوو، منیش ئەوەندەم پارە پێ نەما بوو، لە هەمان کاتدا ئەشمزانی ماڵی مامۆستا برایم ئەحمەد لە شەقامی فەلەستینە، ناچار شەو لە میوانخانەکە نامەیەکی درێژم بۆ نووسیوو هەموو شتێکم بۆ باسکردبوو، لە کۆتایی نامەکەدا لەجیاتی ناوی خۆم ناوی یەکێك لە پاڵەوانەکانی چیرۆکی "کەرەلووتی مەنۆچەرم نووسی کەواژۆمکرد" مەنۆچەری خزمەتکارت!" ئەشمزانی کە کۆمەڵێ "پ.م" پارێزگاری ئەکەن هەموویان برادەری رەوفی برام بوون، کە ئەویش جەلالی بوو، وەکو کەریمی حەمەی حەلێ. شۆفێرەکەی عومەرە رەش، هەرکە چووم لەدوورەوە وتیان: ئەوە خێرە هاتووی بۆ ئێرە؟! وتم نامەم هێناوە بۆ مامۆستا برایم، نامەکەیان لێوەرگرتم و بردیان بۆ سەرەوە، دوای نیو کاتژمێر لە چاوەڕوانیدا، مامۆستا برایم لە دورەوە ئاماژەی کرد کە با بیتە سەرەوە بۆ لام، "پ.م"ەکان وتیان برۆ بۆ سەرەوە، کە چووم مامۆستا برایم لە ناوەڕاستی ژوورەکەوە وەستا بوو، لەولایەوە لەسەر مێزێك کۆمەڵێك کتێب دانرا بوون، روویتێکردم وتی: ها کوڕم! کێشەت چییە؟ منیش لە نووکەوە هەمووم بۆ باسکرد، وتی لە راستیدا پزیشکێك دەناسم لەو لیژنەیە کە باستکرد ئەویش کوردە

ئەگەر شتی پێ بکرێ!! بڕۆ خوارەوە با خۆم بگۆڕم! چونکە بیجامە و ڕۆبی لەبەردا بوو، پاش کەمێك هاتە خوارەوە و لەبەردەم سەیارەکەدا وەستاو بەمنی وت: وەرە سواربە، منیش خێرا دەستم برد دەرگای پێشەوەی سەیارەکەم بۆ کردەوەو فەرموم لێکرد بۆ سەرکەوتن.. بەڵام ئەو بەمنی وت کوڕم تۆ سەرکەوە!! زۆرم لا سەیر بوو، هەر وەستا بووم لە پڕێکا پاڵێکی پێوەنام بۆ پێشەوەی ناو سەیارەکە، سەیارەکە مارسیدس بوو، ڕەشێکی تۆخ، ئاڵایەکی عیراقی بەسەرەوە بوو، سەیارە کەوتە ڕۆیشتن، گوێم لێبوو لەپشتەوە پێئەکەنی و بەعومەرە ڕەشی وت ئەم کوڕە وا ئەزانی لای خۆمانە هەر ئەبێ پیاوی گەورە لە پێشەوە دانیشن، نازانێ لێرە گوایە پیاوی گەورە لە پشتی سەیارەوە دائەنیشن، زۆر ڕۆشتین گەیشتینە نەخۆشخانەی سەربازگەی ڕەشید، لەوی دابەزین، خۆی چوو بە پاسەوانی بەر دەرگای دکتۆری وت: بڵێ فلان هاتووە، پاسەوان چووە ژوورێ و هێندەمان زانی دیار بوو دکتۆر خۆی بوو هاتە دەرەوە و رویکردە مامۆستا برایم، بە پێکەنینەوە وتی: ئەوە چۆن بوو ئێمەتان بیرکەوتەوە؟! فەرمووی لێکردو لەگەڵیشیا دەستی کردە ملی و بردیە ژوورەوە، هەروا لەم دیو پەردەیەکەوە گوێم لێبوو مامۆستا برایم وتی: لە ڕاستیدا بۆ ئیشی کوڕێکی خەڵکی سلێمانی هاتووم بۆ لات تا یارمەتی بدەی، چونکە داویانە بە لیژنە لای ئێوە، دکتۆر وتی: جا

کێشەی چییە؟ وتی: نـازانم خـۆیم هێنـاوە، ئـیتر سـەری کێشـایە ئـەم دیوو منـی بـانگ کـرد وتـی: وەرە بزانـە دکتـۆر ئـەڵێ چـی! ! چـوومە ژوورەوە و سڵاومکرد و دکتۆر وتی: ها بڵێ بزانم گرفتت چییە؟ منـیش پێم وت:

کە دوو نەشتەرگەری کراوم ئێستا دراوم بەلیژنە لای بەڕێزتان، جـا ئەمەوێ ئیخراجکـرێم، دکتـۆر رووی لـە مامۆسـتا بـرایم بـوو وتـی: مـن ســەرۆکی لیژنەکــەم ئــەتوانم تــەنیا دوو ســاڵی دوابخــەم، دوای دوو ساڵەکەش جارێکی تر دیسان دوو سـاڵی تـریش دوای ئەخـەم، ئەوسـا ئیتر ئیخراج دەکرێ! لەسەربازی ها مامۆستا بـرایم! ! مامۆسـتا بـرایم پێکەنی و وتی: بۆ بەمن ئەڵێیت؟! روویکـردەوە مـن و وتـی هـا کـوڕە دکتۆر وا ئەڵێ: ئەی تۆ چـیی ئـەڵێیت..؟ وتم فـەرموودەی بەڕێزتانـە! هاتینە دەرێ و مـن یەکسـەر ملـی رێگـام گـرت و رۆشـتم، گـوێم لێبـوو مامۆستا برایم بەعومەرە رەشی وت ئا بزانە ئـەوە بـۆ کـوێ ئەچـێ..؟ عومەر بانگی کردم گەڕامەوە و مامۆستا وتی: بۆ کوێ ئەڕۆشتی؟ وتم بۆ میوانخانەکەم، وتی وەرە سەرەوە لێرەوە میوانخانەکەت دوورە..! سەرکەوتم و سەیارە کەوتە رۆشتن.. مامۆستا برایم پرسی تا چـەندەت خوێندووە؟ وتم: تا پۆلی سێی ناوەندی ئـیتر وازمهێنـاوە لـە خوێنـدن. وتــی لــەم رۆژانــەدا رەئـیس حەمــەومین خــەریکی وەرگرتنــی ئــەو

قوتابیانەیە کە پـۆلی سـێ و پێنجیـان تـەواو کـردووە، تـا بیانکـات بـە مفوض و نائب ظابط.

کــە رۆیشــتیتەوە بــۆ ســلێمانی نامەیــەك بــدە بــە حیــزب تــا ناونووسـتکەن بـۆ وەرگـرتن لـەو لیسـتەدا کـەبۆ رەئـیس حەمـەدەمین دەینێرن!. ئینجـا پرسـی پـارەت پێمـاوە؟ وتم: بـەڵێ! وتـی: بـۆ درۆ دەکەیت، ئەی لەنامەکەتا نەتنووسیوە، کە پارەی میوانخانەشم هێندە پێنــەماوە! ئــیتر بــە عومــەری وت: ئــادەی عومــەر پــارەت پێیــە؟ عومەریش لە گیرفانیا "10" دیناریەکی دەرهێناو فەرمووی مامۆسـتای کرد، مامۆستا برایم وتی: بیدە بە "مەنۆچـەر" بـە پێکەنینـەوە، ئـەو رۆژە لە بەغـدا مامـەوە بـەیانی زوو چـووم بـۆ نـەهزەو سـواری پاسـی سـلێمانی بـوم و گەڕامـەوە، هـەر کـە گەیشـتمەوە سلێمانی نامەیـەکم نووسی و داوای ئەوەمکرد کە لە بەغـداوە نـاوی ئەوانـەی پـۆلی سـێ و پێنجیان تەواو نەکردووە، ئەیانکەن بەمفەوەز و نائب زابت! منیش کە پۆلی سێم تەواو نەکردووە ناوم بنوسن لەو لیستەدا.. دوای پێنج شەش رۆژ بەسەر ناردنی نامەکەمدا، ئێوارە بوو کاك نەوشیروان هاتە بـەردەم کتێبەکانم و وتی: مارف تۆ ئەوەت لە کوێ بیسـتووە؟ هانیوتـە؟! کـە دەورەی مفەوەزی و نائب زابتی کراوەتـەوە..؟! بـۆ ئەمـە لافاوەکـەی ساڵی -58-تـە..؟! مەبەسـتی ئـەو سـاڵە بـوو کـە شۆڕشـی (14)ی گەلاوێژ کراو هەرچی لە پۆلی سێ و پێـنج و بەکـەلوریا دەرنەچـووبوون

بە بڕیارێك هەموویان ئەو ساڵەیان بەدەرچوو بۆ هەژمارکردن، ئەمجارە دوای چەند رۆژێك دیم کاك نەوشیروان بەپێکەنینەوە هات بۆ بەردەم سندوقی عەرەبانە بۆڵبڕینەکەم ئەوەی ئێواران کتێبەکانم ئەخستە ناوی، بەڵام سەیر بوو زۆر کەم نەوشیروان مستەفا پێئەکەنی، کەچی ئەمجارە ئاوا بەو رووە خۆشەوە دیم! لیستێکی پێبو لەسەر سندوقەکە دایناو قەڵەمێکی دایە دەستم و وتی: لای ناوەکەی خۆتەوە واژۆی بکە!! کە بەلیستەکەدا روانیم ناوی یەکەم شەهید جەمال عەلی بایر بوو دووەم ناو حیکمەت عەبدوڵڵا غەفور "حکیمەتی عەبە پاشا" سێیەم ناو "مارف کەریم ساڵح" بوو، منیش بە قەڵەمەکە خەتێکم بەسەر ناوەکەی خۆمدا هێناو قەڵەمەکەم دایەوە دەستی..!! ئەوکاتە کاك نەوشیروان بەرپرسی رێکخراوی (13) بوو.. لەم رەفتارەم زۆر تووڕەبوو لێیداو رۆشت – کاتێکیش گۆڤاری رزگاری لە 1969/4/20 یەکەم ژمارەی دەرچوو، لەپێش هەموو کتێبخانەکانەوە "50" دانەی پێچراوەی بۆ ئەناردم بەبێ وەرگرتنی پارەکەی، هەموو دانەیەکی بە (70) فلس بوو، ساڵی 1970 بووم بە ئەندامی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی لە مەڵبەندی سلێمانی، لە چەند چالاکییەکی وەك کومبارس بەشداریم کردووە، لە شێخی تەبلە رەش لە نووسینی عەلی توانا لە دەوری شێتێکدا لە "کێچ" نووسینی محەمەد سدیق مەحموود بەڕێوەبەری نوێ. ساڵی 1972 زۆر بێ ئیش و بێ پارە و پول بووم،

حەمە سدیق هەر بەدوای ئیشێکدا دەگەڕا کە داممەزرێنێ، لـەو سـاڵەدا میهرەجانی شیعری کوردی کرا لە شاری کـەرکوك، زۆربـەی ئەنـدامانی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی ئامادەیی خۆیان سازدا بـوو کـە بچـن، لەناویانا من و جەمال شاربازێڕی و عەبـدولڕەزاق پشـدەری نـەبێ، کـە هیچمان کرێی سەیارەمان نەبوو کـە بچـین حەمـە سـدیق کـە هەمیشـە خەمخۆری من بوو بانگی کردم و وتی:

وەرە مـن کـەس سـوار ناکـەم تـەنیا تـۆو رەزاقـە شـەل و جـەمال شــاربازێڕی، هــەموو نــان خــواردن و مەسرەفێکیشــتان بەنــدە لــە خزمەتتاندا ئەبم، بەیانی بوو زۆر لەبەردەم کۆمـەڵ ئامـادەبووین، کـاك حەمە سدیق سـەیارە مۆسـکۆفیجەکەی راگـرت و ئێمـەش هەرسـێکمان سـەرکەوتین بـەرەو کـەرکوك ڕۆشـتین، کـە گەیشـتینە ئـەوێ، تـازە هۆڵەکەیان کردبۆوە و خەڵك ئەچوونە ژوورەوە، ئێمەش خۆمـانکرد بـە هۆڵەکەدا و لەڕیزی پێشـەوە دانیشـتین لـەلای یەکـەوە، بـەڵام ئـەوەی جێـی سەرسـوڕمانبوو، دیمـان دوو شـاعیری نوێخـواز کرابوونـە دەرێ ئەوانیش لەتیف هەڵمەت و جەلالی میرزا کەریم بوون، نەیانهێشت شـیعر بخوێننــەوە، ئــەوەی کــە زۆر ســەرنجی تەماشــاکەرانی بــەلای خۆیــدا راکێشا لەپێش شیعر خوێندنەوە، چیرۆکێك بوو لەسەر شانۆ نمایشـکرا لــە نووســینی حســێن عــارف بــەناوی "چــاڵی جــەرگی پیرێــژن" کــە هونەرمەنـد عومـەر چاوشـین دەوری پیرێـژنی نمـایش ئـەکرد، زۆر لـە

بەرپرسـان کـە لـەڕیزی پێشـەوە بـوون لـە کاریگـەری نمایشـی شانۆگەرییەکە فرمێسـك بەچـاویانا هاتـە خـوارەوە و دایـان لەچـەپڵە، کەسـێك هـات و چرپاندی بـەگوێی سـەیدا سـاڵح یوسـفی کـە لـەڕیزی پیشـەوەدا دانیشـتبوو، ئـەویش خێـرا هەسـتاو چـووە دەرێ و دوایـی زانیمان کە هەردوو شاعیر لەتیف و جەلال گیرابوون، سەیدا چـوو بـوو بـەری دان و هاتـەوە. سـەرە هاتـە سـەر شـیعر خوێندنـەوە، شـێرکۆ بێکەس بەشداریکرد بەشیعری "من تینوێتیم بـەگڕ ئەشـکێ" لـە کـاتی خوێندنەوەی هەر کۆپلەیەکدا ئەبوو بەچـەپڵە لێدان و پێیـان دووبـارە ئەکردەوە، دوای ئەو میهرەجانە کۆمەڵ سەیرانێکی بۆ قەشـقۆڵی سـاز کـرد و لـە 1972/5/12 ئـەو سـەیرانەمان کـرد کـە دەیـان وێنـەی دانسـقەو یادگـاری تێـدا گـیراوە لەلایـەن هونەرمەنـد کـاك (قـادر مەنمی)یەوە.

پاشـانیش چـەندین شـانۆگەری ئامـادەکرا بـوو، کـە بـبرێ بـۆ تەلەفیزیۆنی بەغداو لـەوێ تۆمـار بکـرێ، رۆژی 1972/5/13 هـەموو ئەو دراماو شانۆگەریانەی هێنرابـوون بـۆ تەلـەفزیۆن هـەموویان تۆمـار کران، لەناویانا بەڕێوەبەری نوێ کە حەمە سدیق هەر بەناوی خۆمـەوە حیوارێـك هـەبوو "ئەفـەنی مارفـە فـەنی" کـە بـۆ ئـیش ئەگـەڕام لـە نووسینی حەمە سـدیق بـوو، هـەموو لـە میوانخانـەی مسـتەفا دابـەزی بووین. شەوەکەی لـە ژوورەکـەی نـوری وەشـتی، فوئـادی حەمـەومین

ئاغا، رەوف یەحیا، حەمە سدیق، منیش لایان دانیشتبووم، خاوەنی میوانخانەکە زۆر زۆر هاوڕێ ودۆستی حەمە سدیق بوو، کە ئەویش کاك مستەفای سەعەی فەقێ مەحمود بوو. هێندەمانزانی بە چەقەنەو سووڕدانەوە خۆیکرد بەژووردا، دیار بوو زۆر سەرخۆش بوو، لەگەڵ حەمە سدیق کردیان بە شەڕە جوێن و سوعبەت، حەمە سدیق کەلای کردەوە منی دی روویکردە مستەفاو وتی: مچە ئەم شاعیرەمان لای خۆت لە میوانخانەکە بۆ دامەزرێنە ! ! مستەفاش کە زۆر مەستبوو سەیرێکی منی کردو پێکەنی و وتی: لەمشەوەوە لێرە دامەزراوە ! ! ئیتر حەمە سدیق قسەکەی لە دەم سەندەوە وتی: مستەفا ئێمە بەیانی ئەڕۆینەوە بۆ سلێمانی وا مارفم دایە دەست تۆ بۆتی بەجێ ئەهێڵین.

بەڵێ وابوو بۆ بەیانی ئەوان رۆشتنەوە، منیش لە میوانخانەکە مامەوە، کاك مستەفا کردمییە ناونووسی میوانەکانی میوانخانە "کاتبی ئوتێل".

لە 1972/5/14 ئیتر رۆژانەو شەوانە زۆر شتی سەیرم ئەدی، شەوێکیان درەنگانێك، دەرگای میوانخانەمان داخستبوو، منیش سەیری شوێنی کلیلەکانم کرد، هەموو میوانەکان هاتبوونەوە و کەس لەدەرەوە نەما بوو، ئیتر چوومە ژوورەوە بنوم، گوێم لێبوو زەنگی دەرگای دەرەوە لێدرا، چەند جارێك لەسەریەك لێئەدرایەوە، هێندەم

زانی شاگردی ئێشکگر کە ناوی باقی بوو لە دەرگای ژوورەکەی دام و وتی: کاك مارف زەلامێك لە بەردەرگا وەستاوە. دەرگای لێبکەمەوە؟ منیش وتم: ئەیناسی؟ نەفەری خۆمانە؟ واتە میوانی میوانخانەیە؟! باقی کە کوڕێکی هەورامی بوو، بەڵام یەکجار زیرەك و وریا و لەسەرخۆ بوو وتی: نەوەڵا نایناسم، دیسان لە زەنگەکە درایەوە.. وتم: باقی بچۆ بیکەرەوە، باقی بە پلیکانەکانا رۆشتە خوارەوە و دەرگای کردەوە، زەلامێك سەرکەوت لە مرۆڤ نەدەچوو سەر و ریشی هات و، قژێکی درێژی بژی پێوە بوو، تەنیا کونی چاوەکانی بەدەرەوە بوون، هاتە بەردەم مێزەکەم وتی: مارف نامناسی؟! منیش وڕو تاس بردبوومیەوە و چاوەکانم هەڵگلۆفت و وردتر سەرنجم دا، ورد بوومەوە و روانیم.. هەر هیچ نەمناسی!! بۆیە بەدەنگی نزم و دڵشکاوییەوە وتی: تەها خەلیلم! هەر ئێستا لە ئاسایشی گشتییەوە سواری ئوتۆمبیلێکیان کردم و لەبەردەم میوانخانەکەی ئێوەدا فڕێیانداوم..! ئیتر کە لێم ئاشکرا بوو هونەرمەندی کۆچکردو تەها خەلیلە، دەستم کردە ملی و داوای لێبوردنم کرد، کەچی ئەو وتی: زۆر زۆرم برسییە، فریام کەون وا ئەمرم لەبرسانا. بە باقیم وت، بڕۆ هەر ئێستا چایچیەکە هەستێنە و باخواردنی بۆ ئامادە بکات.

کەسایەتییەکی رووخۆش و دەم بەپێکەنین، کۆچکردو مستەفای سەعیدی فەقێ مەحمودەو بنەماڵەیەکی ناو شاری سلێمانییە،

لەسـەرەتای لاوێتیـەوە، وەك تێكۆشـەرێكی حیزبـی شـیوعی عـێراق چوست و چالاك بـوو، لـەڕووی خـەمخۆری و دڵسۆزیشـی بـۆ ئـەدەب و هونەری كوردی، یـەكجار بـە پەرۆشـی و مامەخەمـەی بـەرەو پێشـەوە بردنی هەموو بوارەكانی هونـەر بـوو. لـە سـاڵانی پـەنجاكانی سـەدەی رابوردوو لەسەر شەقامی مەولەوی كۆگایـەكی زۆر دڵگـیر و قەشـەنگ و رازاوەی جـوانی هـەبوو، كـە هـەموو بابەتـەكانی خـۆ جـوانكردن و ئارایشتی خانمانی لا دەستدەكەوت، كۆگاكـەی نـاوی "گـوڵزار" بـوو، لـەنێوان پەنجاكانـدا رویكـردە بەغـدا و لەسـەر شـەقامی رەشـید میوانخانەیـەكی كـردەوە، دواتـر لـە بەغـدا لـە سـاڵانی حەفتاكانـدا میوانخانەیەكی مۆدێرنی پێـنج ئەسـتێرەی كـردەوە لـە سـەر شـەقامی كۆماری، بەرامبەر گازینۆی كندی ئەوساو ناوی لێنا "فنـدق مسـتەفا". جا ساڵی، 1972 كەمن لـەوێ كاتـب بـووم ئـەوەی سـەرنجی راكێشـا بـووم، ئـەوە بـوو كـاك مسـتەفا بەهەمیشـە سـەرقاڵی كڕینـی گۆڤـاری وڵاتانی دەرەوە بوو كە تایبەت بوو بەو گۆڤارانەی رێكلامی زۆری تێـدا بوو لەسەر نوێترین تەسجیلات!

ژوورەكـەمانی پڕكردبـوو لەهەمـەجۆرە وێنـەی تەسـجیل! قاسـەی میوانخانەكەش چەندین كاسیەتی تێدا بوو، ئەمە جگە لە گیرفانـەكانی پشتەوەی پانتۆڵەكەی!! كە لێم ئەپرسی.. كاك مستەفا ئەو شـریتانە بۆ لە ماڵەوە دانانێیت..؟! ئەیوت: ئەمانە شـریتی ئاهـەنگی دانسـقەی

هونەرمەنـدانن و دەنگخۆشـان، گۆرانیبێـژانی کـوردن، هـەر لـە عـەلی مـەردان و تایـەر تۆفیـق و شـەماڵ سـائیب و حەسـەن زیـرەك، ئـەوەتا خۆشت ئاگات لێیە کە رەفیق چالاك دەیان کاسـێتی بـێ مۆسـیقای لـە ماڵــەوە بــۆ تۆمــار کــردوم! . مامۆســتای کۆچــکردو ئەگــەر هــەموو ئێوارەیەك نەهاتایە بۆ لامان ئەوە لە ماڵەوە لەگەڵ کاك مستەفاو کـاك عەبــدولڕەحمانی باتــاو برادەرانــی دادەنیشــت، بــەڵام بــۆ ســازدانی ئاهەنگەکانی ماڵەوەی کە هەمووی تیپی مۆسیقای گـەڕۆك هـەبوو ئـەو سا لە بەغدا، بەپارە ئاهەنگەکانی ساز ئەکرد،جا کـاك مسـتەفا بـانگی ئەکردن و لەگـەڵ گـۆرانی بێـژەکان پرۆڤـەی پێـدەکردن، دوای پرۆڤـە ئەوسـا دەسـتیان ئـەکرد بـە تۆمـارکردنی ئاهەنگەکـە، لەهـەموو شـی سەیرتر کاك مستەفا هیچ کاسـێتێکی بەکـەس نـەدەدا لـە میوانخانـە و قاسەکەشی خۆشتری ئەویست، ئەمە جگە لە زەوقی خۆی، وتم یەکجار دڵسۆزی هونەرمەندان بوو، هەرکاتێ تیپێکی هونـەری بـۆ تۆمـارکردنی بەرهەمەکانیان بچوونایە بۆ بەغـدا، بێگومـان لـە میوانخانـەی مسـتەفا دابــەزیبوون! ئــەویش لــە نرخــی پــارەدا زۆری بــۆ دائەشــکاندن و خزمـەتێکی پوخـت و چـاکی ئـەکردن، ئـەو هونەرمەندانـەی ئـەمڕۆ لـە ژیاندا ماون گەواهی ئەوە دەدەن، کە سەردانی میوانخانەی مستەفایان کـرد بـێ، بـەڵام ئـەوەی ئێسـتا لای مـن جێـی پرسـیارە، ئـەو هـەموو کاسێت و بەکرەو تۆمارکراوانە چییان لێهات؟!! چونکە کـاك مسـتەفا

خـوا بـە بەهەشـتی شـاد کـا وا بـۆ دە پـانزە سـاڵە ماڵئـاوایی لێمـان کردووە، بەرلـەوەی ماڵئـاوایی بکـات لەگـەڵ خێزانەکـەی بـەدوو قـۆڵی ئەچن بۆ حەج بۆ خزمەتی پێغەمبەر (د.خ).

دەی با شتێکی تری ئەم پیاوە جوانە، پێش چوونی بۆ حەج بـاس کەم، لـە سـەردانیکیدا کـە هاتـەوە بـۆ سـلێمانی سـەیرانێك رێکئـەخاو ئەچن بۆ قەشقۆڵی و دەهۆڵ و زوورِنا بەکرێ ئەگرێ و لەوێ ئەدەن لـە تەقەی دەهـۆڵ و زوورِنـا، وەك بۆیـان گێڕامـەوە وتیـان: کـاك مسـتەفا چۆتە بندەستی زورنالێدەرەکەوە و پێیوتوە زورناکە بنێ بە گوێمـەوە و لێدە زورنالێدەر یش بەدڵی ئەو زورنا لێـدەداو مسـتەفاش هـەر ئـەڵێ قایمتر گوێم لـێ نییە!!.

چەپکە سڵاوی گەرمی لێبوردنی خوای بەزەیی گەورە بتبەخشـێ و بە بەهەشتت شاد کـا!! ئەوکاتـەی کـاتبی میوانخانەکـە بـووم، چـەند خوێندکارێك خەڵکی سـلێمانی کـە لـە زانکـۆی بەغـدا دەیانخوێنـد، لـە میوانخانـە چـەند ژوورێکیـان مانگانـە وەك مـوقیم گرتبـوو، بـەرۆژ لـە زانکۆو شەوانیش بۆ حەواندنەوە، جا ئەو خوێندکارانـەی ئەوسـا لامـان میوانبوون کاك ئەنوەری قالەی بلە شێخە و شێروانی حاجی عەبـدوڵڵا، برای کاك جەلال و کاك کەمالی ئەندازیار، جا کاك ئـەنوەر زۆر قۆشمـەو قسەخۆش بوو، هەمیشـە دەم بـە پێکـەنین. زۆرجـار لـە سـلێمانییەوە خواردنە کوردیـەکانیان بـۆ دەهـات، بـە پیاوێـك کـە زۆر خۆشەویسـتی

هـەموان بـوو نـاوی کـاك بـەهادین بـوو، شـۆفێری ڕێگـەی سـلێمانی – بەغدا.

جارێك دایکی کاك ئەنوەر بـە کـاك بـەهادین ئـەڵێ: بـەقوربان ئـەم مەنجەڵە کفتە سابونکەرانیەم بۆ ئەنە گیـان کـردووە و بـەخێرایی بـڕۆ بیگەیـەنێ بـا سـارد نەبێتـەوە و ئـەنوەر گیـان بەگـەرمی بیخـوا!! ڕۆژەکەی هەینی بوو کاك بەهادین هاتە سەرەوە وتی: کاك مارف کـاك ئەنوەر لەوێیـە؟ واتـە لـە ژوورەکەیـەتی لـە دەرەوە نییـە؟ وتم بـۆ..؟ وتــی: دایکـی سـوێندی داوم و تکـای لێکـردم کـە بەگـەرمی بیخەمـە بەردەمی! منیش وتم: جا بەم هەموو ڕێگایەی نێوان سلێمانی و بەغـدا سارد نەبۆتەوە؟! دەستم برد تەلـەفۆنم بـۆ ژوورەکـەی کـرد وتم: کـاك ئەنوەر وا مەنجەڵێ کفتەم بەشاگردەکەدا بۆ ناردی، کـاك بـەهادین لـە سـلێمانیەوە دایکـت داوێتـی و بـۆی هێنـاوی.. دوای کـەمێك، ئـەنوەر تەلەفۆنی بۆ کـردم وتـی: کـاك مـارف خێـرا وەرە سـەرەوە بـۆ کفتـە خواردن.. منیش سەرکەوتم و چووم بۆ ژوورەکەی، کە ڕوانیم مەنجەڵـە کفتەکەی بە پەڕەکـەی پانکـەی ژوورەکـەدا تونـد گرێـداوە و پانکـەش ئەسووڕێتەوە..! وتی: ئێستا پانکەکە ئەکوژێنمـەوە و مەنجەڵـە کفتـە لەسەر هەر کەسێك ڕاوەستا، ئەو کەسە ئەبێتە "عەریف حەفلە" و ئەو بەشی دەکات. بەڕاستی ڕۆژێکی زۆر خۆشبوو لەگـەڵ ئـەو ئازیزانـەدا.. ئـــەمڕۆ کـــاك ئـــەنوەر کـــە بـــۆ خـــۆی پڕۆفیســـۆر و دکتـــۆرە، بەشـــی

نەشـتەرگەری مێشـکە، نەخۆشـخانەی (ئـەنوەر شـێخە)ی هەیـە لـە سلێمانی.

هەر لەو ساڵانەی بەغدا هونەرمەندی گەورەی کۆچکردوو مامۆستا رەفیـق چـالاك، هـەموو ئێوارانێـك ئـەهات بـۆ میوانخانەکـە و لـەوێ لـە هۆڵەکە دادەنیشت، چاوەڕوانی کاك مستەفای ئەکرد تا پێکـەوە بڕۆنـە دەرەوە. ئێوارەیـەکیان نەچـووە هۆڵەکـەو هاتـە لای مـن دانیشـت. ئەوکاتە رۆژنامەی.. "برایەتی" رۆژانە دەردەچوو، رەفیق چالاك خـۆی بـەرپرس و هەڵسـوڕێنەری دەرکردنـی بـوو، ئەوکاتـەی لای مـن دانیشتبوو، جگەرەیەکی بەدەستەوە بوو، زوو زوو مژی لێدەدا، منیش خـەریکی نووسـینەوەی نـاوی میوانـەکان بـووم، دەفتەرەکـەم تـازە دەکردەوە، جا ئەوکاتە تازە شیعرێکم نووسیبوو لـە نـاو چـەکمەجەی مێزەکـەدا بـوو، بەهـەلم زانـی، بـۆ نیشـانی مامۆسـتا رەفیـق چـالاکی نـەدەم؟! تـا بـزانم بـاری سـەرنجی چـییە لەسـەر شـیعرەکەم، چـەکمەجەکەم کـردەوە و شـیعرەکەم دەرهێنـاو بـە شـەرمێکەوە وتم: مامۆستا ئەم شـیعرەم نووسـیوە، بـزانم بـەڕێزتان بەشـیعری دەزانـن؟ لەدەستی وەرگرتم و چاویلکەکەی دەرهێناو کردیـە چـاوی و بـۆ خـۆی ئەخوێنـدەوە، پاشـان رووی تێکـردم وتـی: مـارف! مـارف ناسـراو گـوێبگرە، کەوتـە خوێندنـەوەی شـیعرەکەم بـەو دەنگـە سـازگارە کارتێکردووەو دواتریش پێیوتم: ئەو پێنوسەتم بەرێ.. شیعرەکەت بـێ

ناونیشانە! ناونیشانێکی بۆ نووسی کە ئەوە بوو "من میوانی کام سەردەمەم؟!"

میوانێکم
لە دەشتی چۆڵی لاپەڕەی..
دیوانێکا باسم ئەکرێ..!
لە دیوەخانی هۆنراوەی:
شاعیرێکا.. ناوم ئەبرێ..
کەچی ڕۆژێ.. میوانداری:
خۆری ڕاپەڕینم ناکرێ..!
تاکەی بە پێوە میوانی:
خانە خوێ ماڵی ئازار بم..؟!
تاکەی زگماکی وەرەمی:
سەردەمێکی پڕ.. وتار بم.؟!
تاکەی..
تاکەی
نازانم.. کەی ماڵئاوایی..
لە لاپەڕەی.. ترس بکەم..؟!
نازانم کەی.. لە سفرەکەی:
بەردەمی خۆم.. پرس بکەم..؟

من میوانی کام.. سەردەمەم..؟!

من خۆراکی.. کام هاودەمەم..؟!

پاشان چوار قەدی کردو: نایە گیرفانییەوە وتی: بەیانی لە برایەتی دا بڵاودەبێتەوە!

وا بــوو بەیانییەکــەی لــە رۆژنامــەی رۆژانەی"برایــەتی"دا ژمــارە "16" رێکــەوتی 1972/9/7 لــە لاپــەڕە (3)دا بڵاوکرابــۆوە، بــۆ ئەوکاتە زۆرم لاخۆشبوو.. هەر ئەو ساڵانە لقێکی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی لە بەغدا کرابۆوە و مامۆستا رەفیق چالاك سەرۆکی لق بوو.. ئەندامەکانیشی هەریەك لە: حسێن عارف، جەلالی میرزا کەریم، رەفیق سابیر، سامی شۆڕش، ئەحمەد سالار، جەلال کۆچەر، خەلیل موراد وەندی، مارف ناسراو و یەکدوانێکی تریش ناویانم بیر نەماوە لە وەزارەت لای رەفیق چالاك کۆبوینەوە، بەڵام ئەمانە نەهاتبوون، حسێن عارف، جەلالی میرزا کەریم، سامی شۆڕش، رەفیق چالاك، تەماشای کردین و پێکەنی و بەدەنگی بەرز وتی: ئەی سامی ئینقیلاب بۆ نەهاتووە؟! هەموو جارێك کە ئێواران مامۆستا رەفیق چالاك ئەهات بۆ لامان لە میوانخانە ئەچوو لە هۆڵەکەدا دادەنیشت. کۆچکردو حەمەی نێرگز کە سەردانی من و دڵشاد مەریوانی ئەکردو ئەهاتە لامان بۆ بەغدا.. لە یەکێك لەو ئێوارانە ئەوە بوو حەمە پێیوتم: کاك مارف

ئەوە مامۆستا رەفیق چالاکە لەوێ واتە لە هۆڵەکە دانیشتووە حەز ئەکەم پرس و رایەکی پێبکەم وەرە لەگەڵم بابچینە لایەوە لە نزیکەوە پرسیاری لێبکەم، بزانم راوبۆچوونی چییە سەبارەت بە یەك دوو گۆرانی ئەو کە بیڵێمەوە..!! وتم باشە با بچین هەستاین و چوینە هۆڵەکە لای مامۆستا رەفیق چالاك لایەوە دانیشتین، من بە مامۆستا رەفیق چالاکم وت: مامۆستا ئەم کوڕە دەنگخۆشە ناوی حەمەیەو زۆر حەز ئەکات پرس و رات وەرگرێ!! مامۆستا وتی جا بۆ شەرمی ئەوێ کەسێك بیەوێ پرس و را وەرگرێ با بفەرموێ قسە بکا! بەحەمەی وت، حەمەی نێرگزیش زۆر بەشەرمەوە وتی: مامۆستا گیان بەڕێزتان شکۆو مەقامتان دیارە و لەبەردەمتان شەرمەزار ئەبم بڵێم ئایا ئەتوانم ئەگەر رێم پێ بدەن یەکدوو گۆرانی بەڕێزتان بڵێمەوە؟!

مامۆستا رەفیق چالاك سەیرێکی کردو وتی: جا باشە کاکە من چۆن لە خۆمەوە بڵێم فەرموو گۆرانییەکانی من بڵێرەوە.. ها..؟! کە نەزانم دەنگی تۆ ئەو کاریگەرییەی ئەبێ تا خەڵکی دڵخۆشکا..؟! حەمە شەرم گرتی و بێدەنگ بوو، بەڵام مامۆستا رەفیق چالاك زانی کە حەمە تەریق بۆتەوە و وتی: جا حەمە گیان: ناکرێ لە پەناوە شتێکم بۆ بڵێی، تا بزانم دەنگت خۆشەو بێزارکەر نییە!! ئیتر حەمە رووی کرایەوە و بە ئەسپایی لە پەنا گوێی مامۆستاوە کەوتە خوێندنی مەقامی سەفەر، هێشتا حەمە تەواو نەبووبوو، کە مامۆستا پێی بڕی و

ئافەرینی کردو وتی: تۆ بۆ خۆت لای منەوە سەربەست و سەرپشکیت و بەدڵی خۆت هەرچی من هەیە بیلێیتەوە رێگا پێدراوی حەمەی باجی نێرگز!! ئەم گفتوگۆیەی نێوانی ئەوکاتەیان. محەمەدی نێرگز لە چەندین چاوپێکەوتن و دیداردا، زۆرجار دووبارە و سێ بارەی کردونەتەوە، وەك وەفایەك بۆ گیانی پاکی کۆچکردوو هونەرمەندی گەورە رەفیق چالاك کە لەگەڵیدا کردویانە.

وتم ئەوکاتانەی لە میوانخانەی مستەفا کاتب بووم، هەموو رۆژێك ئافرەتێك دەهات بەرگە پشتی و چەرچەف و ئەو شتانەی ئەبرد بۆ شتن، رۆژی دواتر دەیهێنانەوە بەو ئافرەتەمان ئەوت: دایکی ئەحلام، کاك مستەفاو کاك عەبدولڕەحمانی باتا پێکەوە کاتی خۆی هاتبوون لە بەغدا جێگیر بوون، ئەمیان بەمیوانخانەو عەبدولڕەحمانی باتاش بەکاری بازرگانییەوە، ئەم دوو کەسایەتیە لە بەغدا یارمەتی زۆر زۆری کوردە هەژارەکانی بەغدایان ئەدا. ئێواران کە سەرقاڵی نووسینەوەی ناوی میوانەکان بوم، لاوێکی بالآبەرزی شۆخ و شەنگ و قۆزو پۆشتەو پەرداخ هاتە بەردەم مێزەکەو دوای سلآو پرسی: کاك مستەفا لێرەیە..؟ منیش وتم: نەخێر ئەمڕۆ نایەت! ئیتر خوا حافیزی کرد و منیش پێموت: باشە نەتانوت بەڕێزتان کێیە؟ تا کە هاتەوە پێی بڵێم: وتی: ئازادی حەسەن زیرەك و رۆیشتە خوارەوە!! ئیتر کە ئەو رۆیشت، کەوتمە لێکدانەوە و داڵغەوە تۆ بڵێی ئەم کوڕە لاوە، نەوەی

حەسەن زیرەك بێ! تا ناچار تەلەفونم بۆ كاك مستەفا كرد لە ماڵەوە و لێم پرسی.. ئەویش وتی بەڵێ كوڕی حەسەن زیرەكە، باسەكەی درێژە بەیانی كە هاتم بۆت ئەگێڕمەوە، كە ئیتر دڵنیا بووم كوڕی حەسەن زیرەكە! چەندین پرسیاری ترم لا دروستبوو.. بەیانی كە هات بەر لەهەموو شتێك وتم بۆم باسكە بزانم، وتی: دایكی ئەحلام كە هەموو رۆژێك لێرە ئەبینی دێت بەرگە پشتی و چەرچەف و شتەكان دەبات بۆمان ئەشوات، دایكی ئەو لاوەیە كە دوێنێ دیوتەو ناوی ئازادە..! ئەمە كاتی خۆی كە حەسەن زیرەك لە رادیۆی كوردی بەغدا بووە.

ئا ئەم "قەمبەر عەلی"یەی تەنیشتمان لە ماڵێكدا چەند ژوورێك هەبووە، یەكێك لەو ژوورانە حەسەن زیرەك بەكرێی گرتبوو، ژوورێكی تریان دایكی ئەحلام. ئیتر هەردووكیان رێكەوتبوون و حەسەن مارەی كردبوو، دوای ئەوەی ئەم ئازادەیان بوو، حەسەن گەڕایەوە بۆ ئێران و ئەمانی بەجێهێشت و لێیانی نەپرسیوە!! دایكی ئازادیش ناوبانگی خێرخوایی كاك عەبدولڕەحمان باتای بیستبوو كە دەستگیرۆیی هەژاران ئەكا! ناچار چووبوو بۆ لای و سكالای خۆی بۆ كردبوو، لەو رۆژەوە كۆچكردوو كاك عەبدولڕەحمانی باتا بەخێوی كردن و ئازادیشی نابووە بەر خوێندن و ئێستا كە دوێنێ تۆ دیوتە ساڵی دووەمی كۆلێژی ئەندازیارییە لە زانكۆی بەغدا! منیش لای خۆمەوە

بەپێی توانام دەستم پێوەیانە. دە کەواتە ئەو ژنـە خوشـکی حەسـەنە سـووره کـە کۆچـکردو و بـەڕێز مـام جـەلال کـاتی خـۆی لـە گۆڤـاری "خاك"دا لە ژمارە -14-ی ساڵی چواردا ل40 "2000"دا، باسـی دەکات کە ساڵانی 54-55 خوشکی حەسـەنە سـوری هێنـاوە!! جـا کەواتە ئەو ئـازادە لاوە ئەوکاتـە تەمـەنی 20، 21 سـاڵ بـوو، ئـەمڕۆ دوای ئەو بینینە کـە "54" سـاڵ تێپـەڕیوە بەسـەریا.. ئـەبێ ئێسـتا کەوتبێتە کوێ..؟!. ئیتر هەر لەو یەك دوو ساڵەدا فێستیڤاڵی ئـەدەبی لاوان لە هۆڵی موستەنسریە لە زانکۆی بەغدا سـازکراو، خـەڵکێکی زۆر بەشداربوون، لە سلێمانیشەوە هەردوو چیرۆکنووسـی لاو کۆچـکردوان، هەمزە عـەلی دەدەو ئـەکرەمی مـام عـەلی، لەگـەڵ هونەرمەنـد حەمـەی نێرگـز، بوونـە میـوانی مـن لـە میوانخانـە هـاتبوون بـۆ بینینـی ئـەو فێسـتیڤاڵەو گـوێگرتن لـە وتـارو بۆچـوونەکانی سـەبارەت بـە ئـەدەبی لاوان.. رۆژی دووەم کۆڕێـك بـۆ مامۆسـتا حسـێن عـارف دانـرا بـوو، بابەتەکەی تێدا بخوێنێتەوە، پێش وەخت وتارەکەی لـە فایلێکـدا بـوو دانرابوو لە سەر مێزەکـە، بـەڵام کاتـێ حسـێن عـارف هـات و دانیشـت لەسـەر کورسـی و دەسـتیکرد بـەگێرفانی بەرباخـەڵی چـاکەتەکەیدا و کۆمەڵێ کاغەزی دەرهێناو کەوتە خوێندنەوەی.

وتارەکەی لـەژێر کاریگـەری ئایـدیۆلۆژی شۆڕشـگێڕیەکەیدا، نـاوی هەریەك لە "ترۆتسکی و گرامشی و لۆکاشی" هێنا بـوو، گـورج و خێـرا

هەردوو کۆچکردوان دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسولّ و محەمەدی مـەلا کەریم لێی راپەڕین و کردیانە هەراو هەلآو گازیندەو بەرپەرچیان دایەوە و هۆڵەکە گرژی تێکەوت، لـەولاوە مامۆسـتا هـێمن موکریـانی شـاعیری کۆچکردوو کەوتە ناوبژی نێوانیان و ئاوی کرد بە ئاگرا، کاتێ کۆڕەکـە لێبۆوە هەر دوو چیرۆکنووسی لاوی کۆچکردو هەمزە و ئەکرەم ئەم لاو ئەولای حسێن عارفیان گرت و خستیانە ناوەڕاستی خۆیانەوە، چـونکە لایانوابوو کە حسێن عارف گوایە بـەنیازە رێکخراوێکـی سـەر بـەرێبازی تروتسکی دابمەزرێنێ!! ساڵ هات و بوو بە ساڵی 1974 و بەهیمەتی دکتۆر ئیحسان فوئاد میهرەجانی هونـەری کـوردی لـە بەغـدا سـازکرد، هەموو تیپە هونەرییەکانی کوردسـتان هـاتبوون بـۆ بەشـداری چـالاکی هونەری لەو میهرەجانەدا، ئەوکاتە من مۆڵەتم وەرگرتبوو لە میوانخانـە لەبەغدا نەبووم هاتبوومەوە بۆ سلێمانی. پاش چەند رۆژێك میهرەجانی هونەری کوردی تـەواو بوو لە بەغدا گەڕانـەوە، هـەر لەوکاتـەدا بـوو کـە نێوانی رژێمی بەغداو شۆڕشی کورد تێکچوو، هەموو خەڵکی شارەکانی سەرقاڵی راکردن بوون بـۆ دەرەوە بـۆ نـاو شـۆڕش، کۆمـەڵی هونـەر و وێژەی کوردیش مەڵبەندی گشتی سلێمانی، ئەوانیش خۆیان ئامادەکرد بوو بۆ چـوونە دەرەوە، خەڵکەکـە لەترسـی راونـان و گـرتن و کوشـتن لەلایــەن رژێمــی ئەوســای بەعســەوە بــۆ ســەر شــارەکان. هــەموو روویانکردبووە چیاکان بۆ لای "پ.م."، منیش لەوکاتەدا هونەرمەنـدی

کۆچـکردو عوسمـان چـێوارم دی و وتم: نیازتـان چـییە؟ ئـەو یەکسـەر وتی: بۆ تۆ بەتەمای چیت؟! ناتەوێ بێیتە دەرەوە لەگـەڵمان؟! ئـیتر منیش ناچار دوایانکەوتم، ملی رێی هەڵەبجەم گرت و لەگەڵیانا رۆیشتم، لە هەڵەبجە لە شوێنێك لاماندا — نوری وەشتی کۆچکردو لە قوژبنێکـدا بەتەنیا سەرقاڵی تۆمارکردنی روداوەکان بوو لەسەر کاسێتی بچووك بە تەسـجیلێکی گـەورە کـە بـە پیـل ئیشـی ئـەکرد، نـەوزاد مەجیـدی هونەرمەنـد کامێرایـەکی کردبـووە ملـی، هەرچـی سـەرنجی رابکێشـایە وێنەی ئەگرت، چەند رۆژێك لە هەڵەبجەماینەوە، سمکۆ ناکام ئۆقرەی لەبەر بڕابوو وتی، خۆم بەتەنیا ئەڕۆم بۆ گەلاڵە بـۆ لای بـاوکم سـەعید ناکام کە لەبارەگای بارزانی بوو لەگەڵ هـەژاری موکریـانی. کاتـێ ئـەو رۆیشت، ئێمەش پاش چەند رۆژێك بەرێکەوتین بۆ گەلاڵە، رۆیشـتین تـا گەیشتینە سەر "چەمی قەشان"، لەوێ نـەوزاد مەجیـد کامێراکـەی لـە ملی کردەوە و دای بە برادەرێك لەو نـاوەو پێـی وت: ئـا لـەو دوورەوە بەم کامێرایەم وێنەیەکمان بگـرە، جـا لـە وێنەکـەدا نـەوزاد مەجیـد لـە پشـــتمانەوە وەســـتاوە لەبـــەردەمیا، مـــن و کـــەمال ســـابیر بـــە چیچـکانەوەین، لـەو بەریشـمانەوە هـەر بـەپێوە مسـتەفا ئەحمـەد و بەتەنیشــت ئەویشــەوە ئەحمــەد ســالار و عەبـدوڵڵا ســاڵح، ئەوەشــی دانیشتووە عوسمان چێوارە. لـەوێ گەیشـتینە شـوێنێك زۆر قـەرەباڵغ بوو، لەبـەردەم ژوورێکـدا خـەڵکێکی زۆر راوەسـتابوون، بـۆ وەرگرتنـی

مووچـەی ئـەو مانگـەی کـە بەسـەریا هاتبوونـە دەرەوە. برادەرانـی کۆمـەڵیش هـەموویان چـووبوونە ریزەکـەوە بـۆ ئـەو موچـەیەی لـە شـارەکان وەریـان نـەگرتبوو. لێـرە وەریگـرن! لەوکاتـەدا شـاعیری نوێخـواز جـەلالی مـیرزا کـەریم لـە ژوورەوە هاتـە دەرێ و لەبـەردەم دەرگـای ژوورەکـەدا وەسـتاو لـە پاکەتەکـەی جگەرەیـەکی دەرهێنـاو دایگرسـاند، کـە دی مـن لـە بەرامبـەری پاڵمـدا وە بەدیوارێکـەوە دانیشـتووم، تەماشـایەکی کـردو هـات بـۆ لام و وتـی: بۆچـی ناچـیتە ریزەکەوە؟ تا تۆش مووچە وەرگری! وتم خۆمن نە فەرمانبەر بووم نە مووچەخۆر!! وتی ئەی نازانی بەر لـەوەی بێمـە دەرەوە نووسـراوێکم بـۆ نووسـیبوویت تـا لـە رۆژنامـەی هاوکـاری وەرتگـرن!! وەك رۆژنامـەنووس کـە هاتینـە دەرەوە ئـەو نووسـراوە لـە چـەکمەجەی مێزەکەمـدا بـەجێما..! کەواتـە وەرە ئـەم مووچـەیە وەرگـرەو بچۆرە ریزەکـەوە، منـیش بەقسـەم کـرد چـوومە ریزەکـەوە، لەبـەردەمم هونەرمەندی کۆچکردو عومەر عەلی ئەمین، پـێش ئـەو کـەمال سـابیر و بـەردەم کـەمال عوسمـان و چـێوار، لەبـەردەمی مێـزی پـارە وەرگرتنەکەش مامۆستای شاعیر کامەران موکری، وەستا بـوو، دیمـان ئەوانەی پارەکـەیان دابەشـئەکرد، هـەموو هەسـتانە سـەرپێ، رێزێکـی زۆری مامۆسـتا کامـەرانیان گـرت و دەسـتەکانیان گوشـی و فـەرمووی دانیشتنی لای خۆیان کـرد، بـەڵام کامـەران سوپاسـی کـردن و نەچـوو

دانیشێ، هەر وەستا بوو، لە چاوەڕوانی ئەو بڕە پارەیەدا بوو کە شۆڕش ئەیبەخشییەوە، ئەوەی لەوێ بەرپرس بوو وەزیرێك بوو نازانم فەلەکەدین کاکەیی بوو یا یەکێکی تر، فەرمانیدا ئەو جانتایە بێنن، کە جانتایان هێناو کردیانەوە، ئێمە لە دوورەوە دیمان کە پڕ بوو لە سەفتەی پارەی پێچراو.. وەزیر دەستی برد یەکدو سەفتەی بۆ ڕاگرت، تا کامەران وەریگرێ، بەڵام کامەران وەرینەگرت!! گوێمان لێبوو وتی: ئەوە پارەی ئێرانییە من وەریناگرم!! وەزیریش وتی: ئەوە یارمەتی وڵاتی ئێرانە بۆ شۆڕش، کامەران تووڕە بوو لە ریزەکە هاتە دەرەوە، بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت..! وەزیر بەدوایەوە بەلامانا تێپەڕین..! گوێمان لێبو کامەران بە دەنگی بەرز ئەیوت: جا من هەر پارە وەرگرم! بۆ پارەی وڵاتەکەی خۆم وەرنەگرم؟! ئەوڕۆژەمان ئاوا بەسەربرد، هەر زەلامێك یەکی بڕێ پارەی لەو پارەیەی کامەران وەرینەگرت گیرفانمان لێ پڕکرد!! بۆ ڕۆژی دواتر گەڕاینەوە بۆ قەڵادزێ، شەو لەوێ بووین، بەیانی من کەوتمە گەڕان بەناو شارا، ڕوانیم سەرتاشخانەیەك، شەهیدی نەمر هونەرمەند قادر کابان و جەمالی برای بەڕێوەی ئەبەن، چوومە ژوورەوە دیم کاك ئەحمەد سالار سەرو ریشی بۆ چاکرا بوو، هەر بەپێوە لەناو دوکانەکە قسەی ئەکرد، منیش چوومە بەر دەستی کاك قادرو دەستیکرد بە چاکردنی سەرم و پاش کەمێك تەواو بوو، هەستام لەسەر کورسییەکە، گوێمان لە هوڕە

و دەنگی فڕۆکە بوو بەتیژی بەسەر ئاسمانی قەڵادزێدا فڕکەی کردو گرمەو ناڵەیەکی یەکجار تۆقێنەر و ترسناك ئەو ناوەی شڵەژان، کاك ئەحمەد لە شپرزەیی خۆیدا، خۆیدا بە جامخانەکەداو لووتی بریندار بوو، هەموو رامان کردە دەرەوەی شارەکە ماینەوە، ا بوو بە شەو، دنیا تاریك بوو، ئەوسا گەڕاینەوە ناو قەڵادزێ، گوێمان لێبوو کە یەکێك لەبەرپرسەکانی شۆڕش، قسەی بۆ خەڵکەکە ئەکرد و ئەیوت: براکانم! هەموو بەخێربێن بۆ ناو شۆڕش، ئەوەی کردوتانە ئەرکێکی پیرۆزی کوردایەتییە بەجێتان هێناوە، من لێرەدا زۆر زۆر بە سوپاسەوە داواتان لێدەکەم، کە هەرکەسێك هچ لە خۆیدا نابینێ دژی رژێم و سەربازی هەڵاتووش نییەو هیچ گیروگرفتێکی نییە!! تکایە با نەبێت بە بار بەسەر شۆڕشەوە.. ئەوپەڕی دڵسۆزییە بگەڕێتەوە ناو شارەکان و لەوێوە دەتوانێ چاکتر و باشتر یارمەتی شۆڕش بدا، باشترە لەوەی لێرە بمێنێتەوە.. منیش کە نە سەربازی هەڵاتووبووم و نە هیچ گیروگرفتێکم هەبوو، ناچار لەگەڵ چەند کەسێکی تر سواری تراکتۆر بووین کە بۆ پێنجوێن دەچوو، رۆیشتین زۆر رۆیشتین تا گەیشتینە بازەگیر، لەوێ من دابەزیم و بەپێ بەرەو سیتەك، رێگام ئەزانی شارەزا بووم، شەوەکەی مانگەشەو بوو، دنیا وەك رۆژی رووناك وا بوو، لەوێ لە سیتەك رەوفی برام و فەرەجی نانەوا "پ.م" بوون، نانەواخانەکەی شۆڕش بەدەست ئەوانەوە بوو نانیان بۆ "پ.م"

ئەکرد، لام دایە لایان، کاتێ منیان دی زۆر بەلایانەوە سەیر بوو، منێك نە سەربازی هەڵاتووم! نە هیچ کێشەیەکم هەیەو بێ گیروگرفت بۆ هاتوومەتە دەرێ؟! ئەو شەوە میوانی ئەوان بووم، بەیانی بۆ نان و چایی خواردنەوە، هاتینە خوارەوە بۆ ژێر سێبەری دوو داری گەورە بەرامبەر یەکتری، لەژێر سێبەرەکەیدا دانیشتین و کەوتنە چایی لێنان، دوور لە نانەواخانەکە کە لە ناو مەخفەرەکەدا بوو، هێندەمان زانی دوو فڕۆکە نیشتنە سەر ئاسمانی ناوچەکەو کەوتنە بۆمبا هاویشتن و دەستڕێژکردن لە ناوچەو مەخفەرەکە، ئێمەش رامانکردە ناو بێشەڵان و تووترکی چڕوپڕی ئەو ناوەو خۆمان لەناو دەوەنەکاندا مەڵاسدا، تا فڕۆکەکان رۆیشتن. پاشان "پ.م" فەرماندەکەیان شەهید نوری حەمە عەلی هاتن تا بزانن ئێمە هیچمان لێنەهاتووە، ئیتر لامان دانیشتن و پاش نان و چایی خواردن، رەوفی برام بە کاك نوری وت: مارفی برام هیچی لەسەر نییەو ئەمەوێ بڕواتەوە بۆ ناو شار، بەڕێزتان رێگایەکی نیشان ئەدەن تا بگەڕێتەوە؟! کاك نوری وتی: ئیمشەو پیکابێك دێ، جێی متمانەمانەو زۆر لە کاروبارەکانمان بۆ هەڵئەسوڕێنێ، بەودا ئەینێرمەوە خەمت نەبێ، شەو ئێمە لە چاوەڕوانی پیکابەکەدا بووین، پیکاب هات و لەبەردەممان وەستاو، کاك نوری چووە پێشەوە چاك و چۆنی لەگەڵ شۆفێرەکە کردو وتی: کاك رەحیم: دیاربوو شۆفێرەکە ناوی رەحیم بوو، ئەمەوی ئەم کوڕە باشەی خۆمان بگەیەنیتە

سلێمانی..!! ئەویش وتی بەسەرچاو، بەڵام من ناچمە ناو شارەوە ئەڕۆم هەتا دوکانیان، لەوێ خەڵکێکی زۆر بەپێ ئەڕۆنەوە ناو شار، لەوێ ئەتوانێ بە ئاسانی لەگەڵ ئەواندا بڕوات بۆ ناو شار. کاك نوری وتی: ئەمە ئەمانەتی منە دامە دەست تۆ.. ئەویش وتی دەبا بفەرموێ بۆ پێشەوە لای خۆم.

سەرکەوتم، پیکابەکە کەوتە رۆیشتن تا گەیشتینە دوکانیان، لەوێ خەڵکێکی زۆری لێبوو کاك رەحیمی شۆفێر وتی: هیچ ترست نەبێ وەك ئەو خەڵکە لەگەڵیان برۆ، چونکە من ئیتر ناتوانم لێرە زیاتر برۆم! چەند کەسێك لە پشتی پیکابەکەوە سواربووبوون، هەموویان دابەزین، منیش وەك ئەوان دابەزیم و لەگەڵیان رۆیشتم تا نزیکی گڵۆپەکانی شاربووینەوە، لەو نزیکانەدا ماینەوە تا دنیا تەواو رووناك بۆوە، ئیتر یەك یەك و دوو دوو وردە وردە خۆمانکرد بەناو شاردا. من گەیشتمەوە ماڵەوە، باوکم بەخێرهاتنەوەی لێکردم و وتی: دوێنێ دڵشاد مەریوانی لە بەغداوە وەڵامی ناردووە بۆ چایخانەی مام عەلی، کە بەرامبەر سینەمای سیروانە، کەوا بێتەوە بۆ بەغدا، منیش ئەو رۆژە زۆر ماندو بووم، شەوەکەی لێی نووستم. بەیانی چووم بۆ نەقلیات و سواری پاسی بەغدا بووم، هەر بە گەیشتنم بۆ بەغدا یەکسەر چووم بۆ میوانخانەی عەبدوڵلا کە دڵشاد لەگەڵ ئەندازیارێکی عەرەب کە ناوی "رەشید عەبدولصاحب" بوو لە ژووری "6" لەنهۆمی یەك دڵشادم دی

و وتی: هەر ئێستا دکتۆر مارف خەزنەدار تەلەفۆنی بۆ کردم کە بچم بۆ لای لەماڵەوە کاری پێمە، وەرە لەگەڵم دوایی پێکەوە ئەگەڕێینەوە، سواری تەکسییەك بووین، چووین بۆ ماڵی دکتۆر، ئەویش لە ماڵەوە چاوەڕێی دڵشادی ئەکرد، سەیارەکەی دەرکردو من و دڵشادیش سوار بووین، دڵشاد منی پێ ناساند وتی: ئەمە مارف ناسراوە ! دکتۆر وتی: باشە مارف پێم ناڵێیت مارف ناسراو مانای چی..؟! ناسراو هەر مارفەو مارفیش ناسراوە، منیش بەدوور و درێژی بۆم باسکرد کە کاتی خۆی خوێندکاری سەرەتایی بووم، مامۆستا ئەحمەد هەردی ئەم ناسراوەی لێنام..! بەڵام دکتۆر هەر حاڵی نەبوو، ئا لەم کاتەدا دکتۆر سەیارەکەی راگرت و بە دڵشادی وت، کە بچێ لەوبەرەوە نازانم چی بۆ بکڕێ)، سەیارەکە کە وەستا بوو رێك بەرامبەر "كبة كبة" وەستا بوو، منیش خێرا روومکردە دکتۆر وتم: ئەوەی ئەوبەر بخوێنەرەوە چی نوسراوە "كوبة لكوبة" مانای چی ناوەکەی منیش ئاوا!! دڵشاد لەوبەر گەڕایەوە سوار بوو، دکتۆر ئێمەی گەیاندەوە میوانخانەی عەبدوڵڵا و بۆ خۆشی رۆشتەوە بۆ ماڵێ لەگەڵ دڵشاد دانیشتبووین، دڵشاد وتی: بورهان قانع تۆی ئەوێ لە رۆژنامەی هاوکاری، ئیتر چووم بۆ لای لە نووسینگەی هاوکاری لەوەزیریە، لەوێ لە ژوورێکدا مەحمود زامدار و حەمید عەزیز دانشتبوون. کە پرسیاری کاك بورهانم کرد، روویانکردە دەرگاکە وتیان ئەوە هاتەوە کە دیم کاك بورهان فایلێکی

پێبوو، کە منی دی وتی: ئەوە تۆ لەکوێی؟! هات و دەستی گرتم و بردمی بۆ لای مێزەکەیەوە و چەکمەجەی مێزەکەی راکێشاو نووسراوێکی نیشاندام کە جەلالی میرزا کەریم کاتی خۆی بۆی نووسیبووم، تا لە رۆژنامەی هاوکاری ببمە رۆژنامەنووس، وتی ئێستا وا خۆم ئەیبەم بۆ کاك حیلمی عەلی شەریف، تا پەسەندی بکات، هەستاو رۆیشت و زۆری پێنەچوو هاتەوە، وتی: هەستە با بچین بۆ چاپخانە. چاپخانەی "دار الحریة للطباعة والنشر"، لەوێ چەند رۆژنامەیەك چاپ دەکرا وەکو "رۆژنامەی جەمهوری، کوردستانی دکتۆر قاسملۆ، بوردی برا تورکمانەکان، هاوکاریش لەوێ چاپ دەکرا. کە گەیشتینە دەرگای چوونە ژوورەوەی ناو چاپخانە، پرسگەیەك هەبوو، کاك بورهان بە بەرپرسی پرسگەکەی وت، ئەم کوڕە مونەفیزی رۆژنامەی هاوکارییە و لەمەودوا رۆژانە دێت بۆ چاپخانە رێی لێمەگرن..! چووینە ژوورەوەو فایلەکەی دایە دەست یەکێك لە کرێکارەکانی سەر ئەو بەشەی کاری تایپێستیان دەکرد بۆ هاوکاری و کاك بورهان منی پێ ناساندو، ئەویش هەستاو دەستی گوشیم، خۆی پێ ناساندم کە ناوی "محەمەد دوجەیلی" بوو. لەو رۆژەوە لە رۆژنامەی هاوکاری بەگوڕو تینێکەوە چالاکانە کارم ئەکرد، چونکە لە ڕاستیدا یەکێك بوو لە کارە خۆشەویستەکانی ئەوسام لە کۆتایی شەستەکاندا، لە سلێمانی مامۆستای کۆچکردوو بورهان قانعم ناسی،

ئەوکاتە لە ئیستگەی کوردی بەغداد دوورخرابۆوە، لە سلێمانی لە گۆڤاری رزگاری لەگەڵ برای ئازیزم کاك وریا قانعی برای کاری رۆژنامەنووسیان دەکرد، کاتێکیش گەڕایەوە، بۆ بەغدا لە ئیستگەی کوردی بەغدا کەوتەوە کاری راگەیاندن، چەندین بەرنامەی سەرکەوتووی ئامادە و پێشکەش دەکرد، وەکو "کوڕی لادێ" کە کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر جووتیاران و خۆشەویسترین بەرنامە بوو کە خەڵکی شارەزوور، بەدڵنیایی و بەهەمیشە گوێیان لێدەگرت، ساڵی 1972 کە لە بەغدا کاتبی میوانخانەی مستەفا بووم، هەموو جار ئەچووم بۆ ئیستگە بۆ لای، ئەویش سەردانی دەکردم بۆ میوانخانە، ئەوکاتەی کە خۆی گواستەوە بۆ رۆژنامەی هاوکاری، بەهەمیشە سەردانم دەکرد، هەر ئەوکاتەش بوو کە شاعیری نوێخوازی کۆچکردو جەلالی میرزا کەریمم ناسی. ساڵی 1974 کە زۆربەی رۆژنامە نووسانی هاوکاری روویانکردە شاخ، تەنیا بورهان قانع و مەحمود زامدار و حەمید عەزیز مابوونەوە لە رۆژنامەکەدا، ئەوکاتەش کە مامۆستا بورهان قانع پێیوتم بۆ ئیشکردن لە رۆژنامەی هاوکاریدا، زۆر زۆرم پێخۆشبوو، ئیتر لێرەوە چەندین بیرەوەری تاڵ و شیرین و تفت بەرۆکیان دەگرتم. با لێرەدا تەنیا دوو بیرەوەری بنوسم، کە یەکێکیان بۆ لێزانی و شارەزایی زمان پاراوی و کوردی رەوان، کاك بورهان هیچ کاتێك دانەئەما لە نووسینەوەی هەر بابەتێك، کۆمەڵایەتی یان

ئەدەبی، بۆیە لێپرسراوی رۆژنامەی هاوکاری ئەوسا، دەهات بۆ لای کاك بورهان و دەیوت: کاك بورهان دوای چاوپێداخشاندنەوەی دەستکارییەکی کوردییەکەیم بۆ بکە! کاك بورهانیش بەپێکەنینەوە ئەیوت: "بیکەم بەکوردی یان بەوتار..؟!" ئەمە وێڕای یارمەتی زۆری لاوانی ئەوساکە لە گوشەی "پۆستەی خوێندەوارانـدا" وەڵامی نوکتە ئامێزو پڕ لە ئامۆژگاری بە کەڵك و رێنمایی کردنیان کە زۆریان ئێستا ئەستێرەی گەشی پرشنگداری دنیای نووسینی کوردین و ئەدەبیاتمانن!!

یادگار و بیرەوەری دووەم ئەوە بوو، کە تەواو سەرنجی راکێشا بووم، ئەو کۆمەڵە کاغەزە بوو کە هەمیشە بە بن دەستێوە بوون، بۆ هەر شوێنێك برۆشتایە پێیبوو، بەتایبەت لە چاپخانە لەکاتی "مداوەرە"ی رۆژنامەکەدا لەگەڵ برای "مداور" دەستێکی هەر بە بەبەندە کاغەزەکەی بن دەستێوە بوو، کە برای مداور لێی پرسی ئەو بوخچەیە چییە؟! بۆ داینانێیت؟! لەوەڵامدا پێی ئەوت: "ئەمە گەنجینەیەکی زۆر بەنرخە و بەڵام هی من نیەو ئەمانەتە تا ئەیگەیەنمەوە دەست خاوەنەکەی، چونکە ئەترسم لە شوێنێك لێم بزر بێ!

بەڵێ ئەو گەنجینەیە بورهان وتەنی: مێژووی ماد، بوو کە رۆژانە لەهەر شوێنێ سەرقاڵ نەبوایە ئەکەوتە وەرگێڕان و نووسینەوەی

"مێژووی ماد" کە لـە نووسـینی "ئیمـیم دیـاکۆتۆف" و لـە فارسـیەوە مامۆستا بورهان قانع کردبووی بەکوردی، بەزنجیرەش لەسەر هـەر دوو ستوونی لای شانی راستی لاپەڕە شەشـی رۆژنامـەی هاوکـاری، بـڵاوی دەکردەوە. کاتیکیش تـەواو بـوو هـەر خـۆی سەرپەرشـتی هەڵـەبڕی و کاری هونەری بە چاپ گەیاندنی ئـەو کتێبـە نایابـەی کـرد و ئێسـتا لـە کتێبخانەی کوردیدایـە. هـەر ئەوکاتـە سەرپـەرشـتی گۆڤـاری بەیانیشـم ئەکرد، کە کۆچکردوو مامۆستای شاعیر کاکەی فـەلاح بەرپرسـی بـوو، بەیانییـەك لـە ژوورەکـەی کاکـەی فـەلاح دانیشـتبووم، لـە دەرگـا دراو کۆچکردو مامۆسـتا هێمنـی شـاعیر هاتـە ژوورەوە و وتـی: دوو شـاعیر بەمنەوە بووین بە سیان، فەرمووی دانیشتنمان لێکردو هـات دانیشـت، دەسـتی کـرد بـە بەرباخەڵیـداو لـە گیرفـانی چـاکەتەکەیدا چـەند پەرەگرافێکی دەرهێناو دەستی درێژکرد و دایە دەستی کاکەی فـەللاح و وتی: ئەمشەو نەنووستووم تا ئەم شـیعرانەم دانـاون، ئەگـەر کـەڵکی گۆڤارەکەتانی پێـوە بـوو، پـێم خۆشـە چـاپ و بڵاوبکرێتـەوە. کاکـەی فەلاح بۆ خۆی بە بێدەنگی کەوتە خوێندنەوەی، پاشان وتی بـا بۆتـان بخوێنمەوە، ئیتر بە دەنگی بەرز کەوتە خوێندنەوەی شیعرەکە، بەڵام چی! ! بەڕاستی هەردووکمان منیش و کاکـەی فـەلاحیش چـاوەکانمان پڕبوون لە فرمێسك! کاکەی فەلاح وتی: کاك مارف برۆ خـۆت بابـەتێك لابدە کە بۆ ژمـارەی داهـاتوو بڵاوبکرێتـەوە و ئـەم شـیعرەی مامۆسـتا

هـێمن بـە کـابرای تایپێسـت بـدەو پاشـان هـەر خـۆت لـەوێ کـاری هەڵەبڕیشی بۆ بکەو دوایی با رایکێشن، بیبە لـە شـوێنی ئـەو بابەتـەی کە لات برد ئەمـە دانـێ، بـا هـیچ نـەبێ خوێنـدەوارانی گۆڤارەکـە وەك چۆن ئێمە لەگەڵ "ناڵەی جودایی" دا گریاین، ئەوانیش بگرین.

رۆژێك دوای ئەوەی شۆڕشی کورد شکسـتی هێنـاو رژێـم لێبـوردنی گشـتی دەرکـرد و هـەموو ئەوانـەی لـە شـاخ بـوون گەڕانـەوە و کـاك عەبدوڵڵا عـەباس و سەربەسـت بامـەڕنیش گەڕانـەوە بـۆ هاوکـاری، لـە دانیشتنێکدا لەگەڵ عەبدوڵڵا عەباس جارێـك باسـی ئـەوەی کـرد وتـی: مـارف حـەز ئەکـەم دوا لاپـەڕە بەشـی سـەرەوەی تـەرخان کـەین بـۆ کاریکاتێر، لەسەر کەمتەرخەمی دام و دەزگـا و فەرمانگـەکان وتم، جـا باشە کێ کاریکاتێر ئەزانێ، خۆ زادە محەمـەد عوسمـان خۆشنووسـەو پێموایە بابەتی کاریکاتێر تایبەتییە بە لێزانی و شارەزایی و هونەرێکی بـەرزەو بەهونەرمەنـدێك کـە سـەلیقەی بەسـەریا بشـکێ، جـا ئەوکاتـە لاوێکی زۆر شەرمن و ژیرو وریا هەبوو ئەمناسی نـاوی یوسـف بـوو، لـە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان، بەشی شێوەکار خوێندکار بوو، بە کـاك عەبـدوڵڵام ناسـاند و، خـوا هـەڵناگرێ، کـاك عەبـدوڵڵاش هـەر بـۆ دەستگیرۆیی و یارمەتیدانی. بانگمـانکرد و بۆمـان بـاس کـرد، ئـەویش وێنەیـەکی شـێوە کاریکـاتێری دروسـتکرد و لـە لاپـەڕە هەشـت بڵاوکرایـەوە، بـەڵام وێنەکـە وێنـەی بەڕێوەبـەری فەرمانگەیـەك بـوو،

درەنگانێك ئەچووە سەر مێزەکەی، ئەوەی کە زۆر سەیر بوو، وێنەکە کت و مت لە ئەحمەد حەسەن بەکر ئەچوو، کە ئەوکات سەر کۆماری عێراق بوو، لە وەزارەتەوە ئاگادارکراین، باش بوو کاك عەبدوڵڵا عەباس هەرچۆنێ بوو لە وەزارەت بابەتەکەی کۆتایی پێهێنا. ئەو برادەرەی رۆژنامەی "بورد" کە ناوی حەسەن مەردان بوو، لەگەڵ مونەفیزی رۆژنامەی جەمهوری کە ناوی سامر بوو، زۆرجار لە چایخانەکەی دەرەوەی چاپخانە پێکەوە دادەنیشتین، رۆژێك ئەو کوڕە عەرەبە کە ناوی سامر بوو بە منی وت: لای مامۆستای هونەرمەندی گەورە "مونیر بەشیر" باسی تۆم بۆ کردووە، ئیتر ئەویش حەزی ئەکرد بت بینێ، چووین بۆ فەرمانگەکەی کە ناونرا بوو "موستەشاری فەنی" چووینە ژوورەوە، ئەویش فەرمووی دانیشتنی لێکردین، سامر منی پێ ناساند، ئەویش وتی: تۆ خەڵکی کوێیت سلێمانی؟! وتم بەڵێ! فەرموی تا ئەمڕۆ ئەوە چەند ساڵە سەرو سۆراغی شریتێکی "پۆستەو ئیدارە"م و تا ئێستا دوو سێ دانەشم بۆ هاتووە! بەڵام هیچ کام لەوانە ئەو نییە! کە من لە دوی وێڵم، چونکە ئەو شریتە ساڵی 1954 یا 1956 لە ماڵی هونەرمەند قادر دیلان تۆمارکراوە، جا تۆ لای خۆتەوە بزانم بۆم پەیدا ناکەیت! منیش پێموت بەسەرچاو هەوڵت بۆ ئەدەم، ئیتر خوا حافیزیمان کرد، هاتینە دەرەوە، لە سەردانێکما کە هاتمەوە بۆ سلێمانی چوومە دیدەنی محەمەد ساڵح دیلان و بەناوی

مونیر بەشیرەوە داواکەیم پێوت، ئەویش وتی، راستە من نوسخەیەك لە ئەسڵەکەم لایەو لەسەر شریتی بەکرەیەو شتی تایبەتی خۆمی لەسەرەو ناتوانم شریتەکەت بدەمێ.. بەڵام لای ئەحمەدی قەساب، کە بەئەحە گێژ بەناوبانگ بوو، وەك ئەسڵەکە بۆت تۆمار ئەکا، هەرچۆنێ بوو شریتەکەم لەگەڵ خۆما بردەوەو دامە دەست مامۆستا مونیر بەشیر و پێم وت: وابزانم ئەمە ئەو نوسخەیەیە کە مەبەستانە! چونکە ئەمە دیاری مامۆستا محەمەد ساڵح دیلانە، برای هونەرمەند قادر دیلانە، بۆ بەرێزتانی ناردووە، زۆری پێخۆش بوو، دوای سوپاسێکی زۆر پێکەنی و وتی: ئێوە کامتان عەبەی سەید زادە دەناسن! ئەم پیاوە زۆر بەهرەمەند بوو، بەڵام مەخابن رۆژگاری دوێنێ بۆی لەبار نەبووە، عەبەی سەید زادە بەهرەیەکی یەکجار بەتواناو شارەزاییەکی تەواو چاکی هەبوو لە ئاوازە فۆلکلۆرییە رەسەنەکاندا. راستە سەید زادە لەهەموو بۆنەو ئاهەنگ و شایی و زەماوەندێکا ئەوساکە ئەکرا لە شاری سلێمانی، ئەم و حەسەنی نەی و وەلی کوڕی سەر دەستەی ئەو سازدان و کۆڕ گەرمکردنە بوون، ئەمە وێڕای چەند بەهرەمەندێکی تری هەژاری کەش کە هەبوون لەم شارەدا، بەڵام ئەمانە جێی خۆیان کردبۆوە، گەواهی ئەم راستیەش ئەم شریتی "پۆستەو ئیدارە"یەیە کە تۆمار کراوە، تا ئەمڕۆش ئەو شریتە لە ئەرشیفی هونەری کوردیدا پلەو پایەی بەرزی خۆی هەیە! بەڵام بەداخەوە عەبەی سەید زادە نرخ و

ڕێــزی لــەناو کۆمەڵــدا نــزم و کــەم بایــەخ بــوو؟! تەماشــای بــە کەمتەرخەمییەوە ئەکرا، زۆر چاك لەبیرمـە لـە سـەرەتای شەسـتەکانی سەدەی رابردوودا، سەردانی کەسـانێکی ئـەکردو ئـەویش بـەپێی توانـا یارمــەتی ئــەدا، چــونکە زۆر دەسـتکورت بـوو، رونـتر بڵـێم کـەوتبووە سـواڵکردن، بــەڵام لای هونەرمەنـدێکی گـەورەی وەك مامۆسـتا مـونیر بەشیر، کە بۆ خۆشی ئەڵێن گوایە بەڕەچەڵەك کورد بـووە!!. شـوێنی شیاوی شایستەی خۆی هەبووە، واتــە سـەنگ و نرخێکـی تایبـەتی بـۆ دانا بوو، کەواتە بۆچی پاش چەندین سـاڵ عـەوداڵ و وێڵیـی بەرهـەمی ئــەم پیـاوە بـوو؟ دیـارە لـەڕووی رەسـەنایەتییەوە. (قــەدری زێـڕ لای زەڕەنگــەر) بەنرخــە! بەداخــەوە کــە ئــەو ســەردەمانە بــەم جــۆرە بەهرەمەندانــەیان ئــەوت: لــۆتی و شــایەر، لــە (70) ســاڵ لەمەوبــەر هونەرمەنـدی گـەورەی کـورد قـادر دیـلان لـەماڵی خۆیـان ئـەو شـریتە دانسقەیەی بەشـێوەیەکی هونـەری بـۆ تۆمـار کـردین، تـا ئـەمڕۆ و بـۆ ئایندەش هونەریی کوردی شانازی پێوە ئەکات.

عەبــەی ســەید زادە، هــەر خــۆی گۆرانییــەکانی ئــەوت، تــەپل و دەهۆڵەکەیشی لێدەدا، هەروەها وەلی کوڕیشی بەهـەمان شـێوە، بـەڵام حەسـەنی نـەی، کـەوا بـەناوبانگ بـوو زووڕنـاژەنێکی کـەم وێنـە بـوو لەوکاتانەدا، عەبەی سەید زادەی خـەڵکی رۆژهـەڵاتی کوردسـتانەو لـە شاری سلێمانی جێگیر بوو.

ساڵی 1900 لەدایکبوو لە رۆژی 1973/7/18 ماڵئاوایی کردووە لە ئاواز و هونەری رەسەنی کوردی. لەو ساڵانەدا محەمەد ئەمین ئەحمەد دۆسکی بووە جێگری جەمال بابان و بەرپرسی یەکەمی رۆژنامەی هاوکاری، کاك عەبدوڵڵا عەباس بابەتەکانی کە بۆ تایپ ئامادە کردبوو، لە فایلێکدا دایە دەستم و بردم بۆ چاپخانەو خستمە فایلی بەردەمی محەمەد دوجەیلی کە تایپی بۆ رۆژنامەی هاوکاری ئەکرد.

رۆژی دوایی کە چوومەوە لە چاپخانە هەرچی تایپ کرابوو بردمەوە بۆ هەڵەبڕەکانی هاوکاری، کە عەبدوڵڵا عەباس سەیری کردن وتی: مارف بابەتێك نەهاتۆتەوە!! بڕۆ بزانە لەوێ جێنەماوە، بابەتەکە بادینانییەو هی عەبدول ئیلای حاجی موسایە و کاك محەمەد دۆسکی هێناویەتی.

عەبدول ئیلای حاجی موسێ، بۆ خۆی بەرپرسی ئیستگەی رادیۆی کوردی بەغدا بوو، ئیتر ئەمجارە بەپەلە چوومەوە بۆ چاپخانەو فایلەکەم پشکنی و ئەمدیوو ئەودیوم کرد، لەدووی ئەو بابەتەی کە بە بادینانی نوسرا بوو کاك محەمەد دوجەیلی وتی: ئەوە بۆچی ئەگەڕێیت.؟! وتم بابەتێك دیار نییە بۆ ئەوە ئەگەڕێم! وتی: هەموویتان برۆدتەوە، گەڕامەوە لای عەبدوڵڵا عەباس وتم: لە چاپخانە نییە!! ئیتر بۆ دۆزینەوە و ئاشکراکردنی ئەو بابەتە کێ بەرپرسی

ونبــونێتی لیژنەیــەکیان دروســتکرد، کــە بــێن بــۆ ســەرو ســۆراغی دیارنەمانی بابەتەکە، هاتن بۆ چاپخانە، لیژنەکە بریتی بوو لە محەمەد ئــەمین ئەحمــەد دۆسـکی و سەربەسـت بامــەڕنی و عەبـدوڵڵا عــەباس، یەکـەمجار بـەکاك محەمـەد دوجـەیلیانی وت: ئـەو بابەتـە چـیلێهات؟! ئەویش وتی: خۆتان هـاتن بردتانـەوە..!! ئـیتر کـاك محەمـەد ئـەمین پرسی.. باشـە کێبـوو بابەتەکـەی بـردەوە؟! کـاك محەمـەد دوجـەیلی وتی: حەمید عەزیز بردی و، وتی: ئەم بابەتە بڵاوناکرێتەوە! کە مـن و کاك بورهان گوێمان لەمـە بـوو، مـن بـە جـارێ سەرسـامبووم، حەمیـد عەزیز بۆ ئەوەیکرد؟! کاك بورهان وتی: حەمید عەزیز بەرنامەی هەبوو لە ئیستگە، عەبدول ئـیلای حـاجی موسـا لێیسـەندۆتەوە، ئـەمیش لـە تۆڵـەی ئـەوەدا ئـەم کـارەی کـردووە! ئـیتر کـاك محەمـەد ئەحمـەد و سەربەست و کاك عەبدوڵڵا عـەباس، زۆر دڵنـەوایی منیـان کـرد و داوای لێبوردنیـان کـرد. کـاتی پشـوودانی کرێکارەکـان بـوو. کـاك محەمـەد دوجەیلی وتی با بچین لەوبەرەوە نانێ بخۆین، تۆ ئەمڕۆ میوانی خوانی منی. چووینەوە دەرەوەی چاپخانەو لە چێشتخانەیەك نانمـان خـوارد، هــەر بەتەنیشــت چێشــتخانەکەوە گازینۆیــەك هــەبوو چــووین لــەوێ دانیشتین.

ئیتر کاك محەمەد دوجەیلی وتی: لە هەموو شوێنێك چـاك و خـراپ هەیە، جا کورد بێ یا عەرەب، بۆیە وتی: کاك مەعروف با شتێکت بـۆ

بگێڕمەوە، وا بزانم سالّی 1944 بوو کاتی جەنگی جیهانی دووەم، زۆریش گرانی و قات و قڕی بوو. ئەوکاتە من لە چاپخانەی مەعاریف، کارمئەکرد، لەویّ گۆڤاری "نجمه" هەبوو گەلاوێژ لەویّ تایپ و دوایی چاپ دەکرا. دوا رۆژی تەواوبونی ژمارە یەکبوون، دەرزی لێدرا بوو، سەفتەو پێچرابۆوە، دیمان وا بەو بەیانییە زووە، پارێزەر ئیبراهیم ئەحمەد خۆیکرد بە چاپخانەداو عەلاگەیەکی گەورەی پێبوو، هات و سلاّوی کرد و عەلاگەکەی کردەوە و دانیشت و بانگی کردین، فەرمون وەرن با نانی بەیانی پێکەوە بخۆین..!! کە دیمان عەلاگەکەی کردبۆوە، پڕبوو لە کاهی و سەموون و کەعەکی سەید "كعك السيد"، هەمووبمان، کرێکارەکان ئەوکاتە زۆر برسیمانبوو، بیّ ئەوەی دەستمان بشۆین، ویستمان دەست بدەینە خواردنەکە کەچی.. برایم ئەحمەد وتی: ببورن ناچن دەستان بشۆن!! چونکە زێبەق خواردن کوجا مەرحەبا!! دەستمانکرد بەپێکەین و چووین دەستمان شت، ئەم پیاوە وێڕای ئەوەی پارێزەر بوو، بۆ خۆیشی رۆژنامەنووسێکی دلّ و دروون پاك بوو، بەلاّم ئەم پیاوەی بابەتەکەی بردبوو، پیاوێکی دلّ و دەروون و مێشك نەخۆشە!!.

سەرەتای سالّی 1976 بوو، هاوسەرگیریم کرد لەگەلّ دولبەر تۆفیق حەمەومین، کاتێکیش کە ئەبوایە ئەلّقە لەدەستکەین، ئەو مالّیان تەنیشت مزگەوتی حاجی حەسەنی لۆکە بوو، کە ئێستا "ئاسیا

سـیل"ی بەتەنیشـتەوەیە، کـاك سـدیق کـە هـاورێی خۆشەویسـتی هەمیشـەیی و بـرای دولبـەرە، پاسکیلێکی پـێ بـوو، لـە مـاڵی دولبـەر هاتینــە دەرێ و بــەو دەشــتەدا، کــە ئەوســا چــۆڵەوانی بــوو، هــیچ خانوویــەکی لێنــەکرا بــوو، بــەپێی و پاســکیلەکەش بەدەســت کــاك سـدیقەوە بـوو ئەڕۆیشـتین، بـەدەم رێگـاوە ئەڵقەکـەی دایـە دەسـتم و وتی: ها کاك مارف لەدەستیکە ! ! کاك سـدیق ماڵیـان لـە کارێزەوشـك بوو، بۆیە بەو دەشتەدا بۆ ئەوێ ئەڕۆشـتین، منـیش لـە بەرئـەوەی نـە دایکم مابوو نە خوشکم هەبوو، بۆیە باوکم ئەڵقەکەی دولبـەر و هەنـدێ بابەتی ژنانەی خستبووە جانتایەکەوە و دابووی بە کۆچکردو شەمسـە خانی خوشکی مامۆستا جەمال عەبدول، چـونکە ئەوسـا لـە سەرچـنار مـاڵی شەمسـەخان و مـاڵی دولبـەر لـە کۆڵانێکـدا بـوون بـە تەنیشـت یەکەوە، باوکم وتبووی، ئەمانە ئەڵقەو شتی مارفە ناردوێتی و پیرۆزە.

کاتێکیش بەدووقۆڵی چووین بـۆ بەغـدا، لـە میوانخانـەی عەبـدوڵڵا دابەزین و شەو دڵشاد مەریوانی لـە "ئەمبەسـادۆر" دەعـوەتی کـردین، بـەیانیش لـە هاوکـاری، کۆچـکردو ئـەحلام مەنسـور لـە کافتریاکـەی رۆژنامـەی هاوکـاری دەعـوەتی کـردین، دیسـان بـۆ شـەوەکەی کـاك عەبـدوڵڵا عــەباس لــە یانــەی راگەیانــدن دەعــوەتی کــردین، پــاش مانەوەمان لە بەغدا بەچەند رۆژێك، ئیتر گەڕاینەوە بـۆ سـلێمانی — لـە سلێمانیش چەند رۆژێکـی تـر مامـەوە و ئـیتر گەڕامـەوە بـۆ بەغـدا بـۆ

دەزگای هاوکاری و رۆژنامەکـە، لـە چـاپخانە گەڕامـەوە بـۆ هاوکـاری، سەرکەوتمە سەرەوە تا بچمە ناو مەسعەدەکە، لە پرسگەکەوە بانگیان کردم، کاك مارف کاك مارف، ئەو پیاوە لەوبـەر چـاوەڕوانی تۆیـە..!! کە سەیرم کرد مامۆستا حسێن عارف بوو، زەرفێکـی عەلاگـەی رەشـی نایلۆنی بەدەستەوە بوو، چووم بۆ لای وتم: ها کاك حسێن فـەرموو!.. ئێمە زۆر شەو لەگەڵ دڵشاد و رەوف حەسەن و سـامی شـۆڕش و کـاك حسێن پێکەوە لە یـەکێك لـە گـازینۆ گـەورەکانی سـەر (ئـەبی نـواس) دادەنیشتین و کاتمان بەسەرئەبرد، زۆرجاریش کاك حسێن ئەهات و لـە ژوورەکەی مـن شـەوانی درەنـگ ئەمایـەوەو ئەنوسـت. چـونکە ماڵیـان دووربوو، لای من لە حەیدەرخانـەی پێخۆشـبوو. بۆیـە کـە لـێم پرسـی چییە؟! وتـی: منداڵەکانم ناردۆتەوە بۆ سلێمانی و خۆم ماومەتەوە.

ئەکرێ.. لای خۆت جێگـام بکەیتـەوە؟! زۆر بەلامـەوە سـەیر بـوو کاك حسێن داوای مانەوە ئـەکات لـە ژوورەکـەی مـن بحەوێتـەوە، پـێم وت: جا من لە خزمەتتام، یەکسەر وتـی: دە کەواتـە کلیلـی ژوورەکـەم بدەرێ! دەستم کرد بەگیرفانمداو کلیلـەکانم دایـە دەسـتی و رۆیشـت. هـەموو فەرمانبـەرانی بەڕێوەبـەرێتی گشـتیی رۆشـنبیری کـوردی، کـە دکتـۆر ئیحسـان فوئـاد بەڕێوەبـەر بـوو، هەڵوەشـێنرابۆوە، لەگـەڵ هاوکـاری لێکـدرابوون، دکتـۆریش دەسـتی لەکارکێشـابۆوە، هـەموو فەرمانبەرانی بەرەو رووی عوسمان فایەق کرابۆوە، عوسمان فایـەقیش

کابرایەکی بەعسی داخ لە دڵی خـوێن ژەهـراوی پیسـبوو. کـاك حسـێن نەئەچـووە ژێربـاری و دەسـتەمۆی نەئـەبوو، وێـڕای ئـەوەی هـەر لـە منداڵیاندا لە یەك گەڕەك و لە یەك کۆڵاندا بوون.. چونکە زۆرجـار کـاك حسێن باسی بۆ کردبووم. پـاش سـاڵانێکی دورودرێـژ عوسمـان فایـەق لەبەغدا گیرسایەوە، بوو بە بەعسییەکی مەترسیدار و حسـێن عـارفیش وەك کۆمۆنیسـتێکی کۆڵنـەدەر! یـەکانگیری یـەکتری بوونـەوە. بۆیـە حسێن عارف هات بۆ لای من کـە داڵـدەی بـدەم، ئـیتر مـن و هـەمزەی عـەلی دەدە، کـە ئەوکاتـە خوێنـدکاری زانکـۆی موستەنسـرییە بـوو، پێکـەوە ئـەوەی لـە توانامانـدا بـوو لـە یارمەتیـدانی خزمـەتمان کـرد، چونکە ئەو هیچ کۆمەك و پارەیەکی نەبوو. خوا هەڵناگرێ ئەویش هـەر داوای فەلافلی ئەکرد، کە لەوبەر کۆڵانەکەی ئێمـەوە بـوو، هەمیشـەش جگەرەمان بۆ ئەکڕی. رۆژێك لە هاوکاری گەڕامەوە بۆ ژوورەکەم، دیـم ئەوا لەناو دەرگاکە مەحمود زامدار و سەلاح شوان، کاك (حسـێن) یـان لەناوەڕاستی خۆیاندا داناوە قسەی لەگەڵ ئەکەن! کاتـێ کـاك حسـێن منی دی خێرا وتی مارف ئەڵێی چی بچمەوە یان نا؟!! زانیم کە هۆش و گۆشـی لای خـۆی نییـە! دیسـانەوە وتـی بچـمەوە لای عوسمـان فایەق؟!

دیاربوو زۆر مەست بوو بەو رۆژە گەرمـەی بەغـدا، منـیش وتم: جـا کاك حسێن خۆت سەرپشکی ئەچیتەوە.. یان نـا.؟!. بـۆ رۆژی دوایـی

له چاپخانه گەڕامەوە، له پرسگەکەوە پێیانوتم: ئەوە تۆ لـەکوێی..؟! له بەیانییەوە عوسمان فایەق هەواڵت ئەپرسێ و ئەڵێت بۆم بنێرن، که چوومه سەرەوە لەوێش وتیان هەر له چاپخانه هاتەوە با بێـت بـۆ لام، چوومه بەردەم ژوورەکەی، کاك ئەمین شوان بەرپرسی ژورەکەی بـوو، تا بڵێی پیاوێکی ڕەوشت بەرز وتی:

ئەوە چیت کردووە وا بە پەله تۆی ئەوێ..؟! ئیتر له جیهازەکـەی بەردەمیەوە وتی: ئەوە مارف ناسراوە، گوێم لێبوو وتی: "خلی ادخل" چـوومە ژوورەوە و سـڵاوم کـرد بەعـەرەبی وتم بـەڕێزتان منـی بۆچـی بوو؟! ئەو خێرا وتـی "أحجـی بـالکوردی" لـە هـەمان کاتـدا خـۆی بـه عەرەبی قسەی ئەکرد وتی: حسێن عارف چی ئەکات لای تۆ..؟ چـۆنی ئەناسی؟ تومەز هەردوو، مـەحمود زامـدار و سـەلاح شـوان پێیـانوتبوو لای مارفـــە! لەوەلامــدا وتم: خـــەڵکی شـــارەکەی خۆمـــەو ئـــەدیب و ڕۆماننوسی کوردە، کەوام وت توڕەبوو قیژاندی بەسەرما وتـی: "شـنو مهامك بالحزب؟!"

وتم: "مســتقل" ئــەمجارە تــەواو تــووڕە بــوو، نەڕانــدی و وتـــی: "تشـتغل بالجریـده ویگـول مسـتقل!" یـالا أطلـع روح، (یـالا بـڕۆره دەرەوە)، خێــرا هاتمــە دەرێ، کــاك ئــەمین شــوان دیــار بــوو لــە جیهازەکەوە گوێی لـە هـەموو قسـەکانمان بـوو وتـی: کـاك مـارف بـڕۆ تاسەری نەکردووی بەگۆمێکدا، له ئەمنی عامەی توند نەکردووی — بـۆ

بــەیانی لای عەبـدوڵڵا عــەباس دانیشــتبووم پشــتم لــە دەرگاکــە بــوو، عەبدوڵڵا بەرامبەر دەرگاکە بوو، دیم عەبـدوڵڵا بەچـاو ئامـاژە ئـەکات! منیش ئاوڕمدایەوەو سەیری ناو دەرگاکەم کرد هیچم نەدی، پاشان کـە سەرکەوتم و لە ژوورەکەی خۆمان لەگەڵ کاك بورهان دانیشتبووم، کاك بەختیار هات و وتی: داوای لێبوردن ئەکەم، بەختیار کـارگوزار بـوو لـە هاوکاری، دوایی نوسراوێکی دایە دەستم کە تیـا نووسـرا بـوو لـە فـلان بەروارەوە مارف هیچ پەیوەندیەکی نەماوە بە هاوکارییەوە!!.

لەرۆژی 1977/3/2، چۆپی کچم لە دایکبوو، ئیتر منیش هاتمەوە بـۆ سـلێمانی و لەگـەڵ هـاوڕێی کۆچـکردووم شـێخ ئـەنوەر یـەکمان گرتـەوە، ئەوکاتـە شـێخ ئـەنوەر کتێبخانـەی هـەبوو بـەناوی "نـالی"، پاشان ناوەکەی گۆڕی بە کتێبخانەی شانۆ، لەسەرەتای شەقامی کاوە لەپاڵ دەرگای چوونەژوورەوەی بازاڕی تـازە، بـازاڕی عەسـری ئەوسـا بوو، داوای لێکردم کۆمەڵێك لە شیعرەکانم بۆ چاپ بکات لەسەر ئەرکی خۆی، منیش رووم لە هـاوڕێی دێرینـی خۆشەویسـتم عـەتا قـەزازم نـا، تاوێنەی بەرگم بۆ بنەخشێنێ، بەدەست و خامەی رەنگینی، وێنەیەکی جوانی نەخشاند بۆ بەرگەکەی، منیش ناوی سەرچنارم بۆ ئەو کۆمەڵـە شیعرە دانا. بەڕاستی لەو ساڵەدا زۆر بێ ئیش و کار بـووم، هـەر تـەنیا باوکم یارمەتی ئەدایـن. ئەو ساڵە لقێکی "دار الوطنية للتوزيع والأعلان" لە سلێمانی کرایەوە، کۆچکردو مامۆستا کاکەی فەلاح، بووە بەرپرسی

ئـەو لقـە، منـیش بەمووچـەیەکی کـەم دامـەزرام، بـەڵام پـاش سـاڵێك بەڕێوەبەرێکی عەرەبیان بۆ ناردین کـە نـاوی "وطبـان محمـد عبـدالله" بوو، خـەڵکی دێـی بەسـل لـە ناوچـەی حەویجـە، کـە هـات و زانـی مـن خـەریکی ئـەدەبیاتم، کردمیـە بەرپرسـی کتێبخانەکـە، فرۆشـگای ڕاستەوخۆ "معرض المباشر"، کـە لەسـەر شـەقامی پیرەمێـرد بـوو لـە پشـتەوەی، لـە کۆڵانەکـە فەرمانگەکـەمان بـۆ دابەشـکردنی ڕۆژنامـەو گۆڤارەکان بەسەر کتێبخانەکانی شاردا، کە زیاتر لەشـەش کتێبخانـەی وەکیلمـان هـەبوو، وەکـو کتێبخانـەی گەلاوێـژی کۆچـکردوو ڕەئـوف مەعروف، زێوەڕی محەمەد عـارف و سـلێمانی عومـەر عەبـدولڕەحیم و شـانۆی شـێخ ئـەنوەر و بێکەسـی غـەریب زێـوەر و غـەزالی و عومـەری حەسەنی دەوڵەت. کە بـووە نزیـك نیـوەڕۆ کـاتی گەیشـتنی ڕۆژنامـە و گۆڤارەکان، ئیتر گورج کرێکارەکان ئەکەوتنە داگرتنی و دابەشکردنیان بەسەر هەموو کتێبخانەکانـدا، بـۆ هـەر کتێبخانەیـەك شـوێنی تایبـەتی خـۆی هـەبوو. لـەکاتی دابەشـکردنا زۆرجـار ڕۆژنامـە لـە پەلـە پەلیـدا لەدەستیان ئەکەوتە خـوارەوە و ژێـر پـێ ئەکـەوت. جارێـك یـەکێك لـە کرێکارەکان ڕۆژنامەیەکی "الثـورة"ی لەدەسـت کەوتـە خـوارەوە، کـە ڕۆژنامەکە زمانحاڵی حیزبی بەعس بوو، بۆ نەگبـەتی ئـەو کرێکـارە کـە خۆشـی جـەیش شـەعبی بـوو، ڕۆژنامەکـە لاپـەڕەیـەکی وێنـەی سـەدام حوسەینی بە گەورەیی تێدا بوو، ئەمیش نـەیزانیبوو پێـی لەسـەر دانـا

بوو، لەناوماندا کرێکارێکی تر کە بەعسی بوو سەرۆکی سەندیکای کرێکارانی راگەیاند بوو، کە دی وا وێنەکەی سەدام کەوتە ژێرپێی ئەو کرێکارە داماوە، خێرا بە دەنگی بەرز قیژاندی بەسەریدا وتی: رۆژنامەکە هەڵگرەوە و ماچی بکەو بیسڕە بەخۆت، جارێکی تر کفری وا نەکەیت!! کرێکاری بەستەزمان بێ چەندو چوون قسەکەی جێبەجێ کردو بە بەرچاو مانەوە کەوتە ماچکردنی رۆژنامەکە!! منیش لەم لاوە چەپڵەی دەستخۆشیم بۆ لێدا. ئیتر بەوجۆرە رۆژانە هەموو رۆژنامەو گۆڤارەکان دابەشدەکران، بەشی رێکخراوەکانی بەعسیش لە قەزاو ناحیەکان دەپێچرایەوەو لە نەقلیات ئەیاندا بەسەر شۆفێری هێڵەکاندا، تا بیان بەن بۆ رێکخراوەکان.

جا ئەوەی لە هەمووی سەیرتر بوو، لەسەر رێگاکانیاندا "پ.م" سەیارەکەیان رائەگرت و هەموو رەزمەو پێچراوەکانی رۆژنامەکانی رێکخراوەکانیان دائەگرت و بە بەرچاویانەوە ئەیان سوتاندن.

لە 1978/4/22 زریان لە دایکبوو. جارێک سەیارەکەی فەرمانگەکە پیکابێك بوو بەدەست کاك کەریم کە پێمان ئەوت کەریم فڕیو، چونکە تەلەفزیۆنەکەی ماڵەوەیان تێکچووبوو هێنابووی چاکی بکاتەوە لە فەرمانگە لەسەر فەردە کتێبو ئەوانە دانابوو بیری چوو ساڵ زیاتر بوو، ئیتر کرێکارەکان ناویان نابوو کەریم فڕیو، ئەمە وێڕای ئەوەی کە کاك کەریم پیاوێکی یەکجار کوردپەروەر و پاك و دڵسۆز

دڵپاك بوو بەرامبەر هەموو برادەران، جا ئەوجارە پیكابەكەی پێ دەبێ و پڕپڕە لە نامیلكەی حیزبی، بێگومان حیزبی بەعس، (پ.م) ئەیگرن و سەیارەكەی لێ دەستێنن و ئەیبەن، بەڵام كەسانی چاك هەبوو كە كاك كەریم دەناسن، چەندە كوڕێكی چاك و بێ غەل و غەشە لای (پ.م) تكا ئەكەن تا پیكابەكەی بدەنەوە تا لەسەر پیكابەكە زیندانی نەكەن، شەو بۆیان بردبووە بەر ماڵەوەیان و ئاگاداریان كرد كە پیكابەكەیان بۆ هێناوەتەوە ! ئەوكاتە من چوومە خانووەكەی ماڵی باوكی دولبەر، كە لە تەنیشت مزگەوتی حاجی حەسەنی لۆكە بوو. ئێواران و وطبان ئەهات و ئەیوت كاكە مەعروف عزل، منیش كتێبخانەكەم دائەخستوو ئەویش سواری پیكابەكەی فەرمانگەی دەكردم و ئەیبردمەوە بۆ ماڵێ، كە لەسەر شەقامەكە ئەوەستا تا دابەزم، منیش وەكو نەریتێكی كوردانە فەرمووم ئەكرد، دابەزێ بۆ ماڵمان، كەچی ئەو ئەیوت: "شوكت تصر بعسی أجی بیتك" زۆرجار ئەهاتە كتێبخانەكەو ئەكەوتە قسەكردن و ئەیوت: "من عەرەبم، رۆژێك دێت كە بوی بە بەعسی تۆ ئەبیتە بەڕێوەبەری ئەم فەرمانگەیە ! هەمیشە لەم قسانەی بۆ ئەكردم، منیش ئاوا وەڵامم ئەدایەوە، كە من تازە هاوسەرگیریم كردوە و تا ئەمڕۆش نەچوومەتە هیچ حیزبێكەوە.. بە تكای لێبوردنەوە تكام لێئەكرد تا وازم لێبێنێ ! .

لـە 1981/2/11 نەبـەز لـە دایكبـوو، مـن لەگـەڵ كۆمـەڵێك لـە برادەرانی خۆما ئێواران درەنگانێك ئەچووین بۆ یانەی فەرمانبەران بـۆ تاوڵــەو دومبەڵــەكردن. ئــەو ئێوارانــە چــاوەڕێی منیــان ئــەكرد تــا كتێبخانەكـەم دادەخسـت، ئەوسـا ئەڕۆیشـتین، بـەڵام ئـەو ئێوارانـەی وطبان بهاتایەو منی ببردایەوە بۆ ماڵێ، بە ئامـاژە بـەوانم ئـەوت ئێـوە بڕۆن، منیش دوایی دێم! ئەوان لە تەنیشت كتێبخانەكـە ژێـر زەمینێـك هەبوو كوڕێكی بـاش سـەلاجەو موجەمیـدەی چـاك ئـەكردو یـەكێك لـە موجەمیدەكان لە تەنیشت كتێبخانەكەمان لە كەڵك كەوتبوو، واتە دانرا بـوو، ئـەوانیش بـۆ خۆیـان لەسـەری دادەنیشـتن، تـا مـن دامدەخسـت ئەوسا بڕۆین بۆ یانە!. كە وطبان ئەیبردمـەوە و دادەبـەزیم، چـاوەڕێم ئەكرد دور بـەدور تـا دەگەڕایـەوە لـە چـاوم ون ئـەبوو، ئـیتر بـۆ خـۆم ئەچووم لەو بەرەوە سواری پاس ئەبووم و ئەچووم بۆ لایان.

رۆژێك مەلا فەرەج كە لەبەر دەرگای ژوورەكەی وطبـان دادەنیشـت هــات و وتــی: كــاك مــارف وطبــان داوات ئــەكا. منــیش جامخانــەی كتێبانەكەم داخست و چووم، كە چـوومەوە ژووری یەكسـەر وتـی: هـا كاكە معـروف أشـوف أنـت شـیوعي..!! زۆر سـەرم سـوڕماو پێكـەنیم كەچی وتی:.. ها قشمرنی؟! وتم حاشاك و بەوە پێئەكەنم كە تا ئەمڕۆ نەچوومەتە هیچ حیزبێك و چەند جارێكیش ئەمـەم پێوتویـت!، كەچـی ئــەو بــانگی كردمــە لای خۆیــەوە بــۆلای مێزەكــەی و دەســتی بــرد

چەکمەجەی مێزەکەی راکێشاو نووسراوێکم دی ئەو دەستی خستە سەر خوارەوەی نووسراوەکە، دیاربوو ناوی ئەوەی لەسەر بوو کە راپۆرتەکەی نووسیبوو!

وتی: وەرە پێشەوە بیخوێنەرەوە، منیش چوومە پێشەوە و بەردەم مێزەکەو کەوتمە خوێندنەوەی کە بەعەرەبی نووسیبوی، گوایە من لەگەڵ کۆمەڵێکم هەر هەموویان شیوعین!! ناوەکانیش ئەمانە بوون "ئەکرەم عەلی محی الدین، هەمزە عەلی سالْح، سمکۆ سەعید ناکام!!".

توومەس راپۆرت نووسەکە ئەمەی بەهەل زانیبوو، کە ئەم برادەرانەم بە هەمیشە دەهاتنە لام، منیش کە لە خوێندنەوەی بوومەوە ئەو دەستی هەر لەسەر ناوەکەی بوو، دەستوخەتەکەیم ناسیەوە وتم: ئەمە نووسینی سەرۆکی سەندیکای کرێکارانی راگەیاندنەو کێشەی هەیە لەگەڵم! کەوام وت یەکسەر دەستی لابردو ناوەکەی دەرکەوت کە جەنابی بوو سەرۆکی سەندیکا!!. ئەو گۆڤارانەی دەهاتن بۆ وەکیلەکان کەمتر بوو لە بەشی پێشانگای کتێبخانەکەی فەرمانگە. بەشی پێشانگای کتێبخانەکەی فەرمانگە زۆرتر بوو لیستی خۆی بەجیا بوو پێچرابووەوە. گرانترین گۆڤارەکان وطن عەرەبی و دەستور بوو بە "200" فلس، ئەوانی تر (50) فلس و کەمتریش. بەڵام گۆڤارێکی تێدا بوو بەناوی "ئۆنز" کە تایبەت بوو

بە وەرزش، وێنەکانی ڕەنگاورەنگ و لاپەڕەکانی جەلاتین بوو، دانەی بە (700) فلس بوو، هەموو جارێك (25)دانەی پێچراوە و لیستی خۆی لەگەڵ بوو ئەهاتە پێشانگای کتێخانەکە، بەڵام بەشی وەکیلەکان هەمووی (10) دانە بوو، وەکیلی دانەیەکی بەرئەکەوت.. دوکانەکانی ئەو بەرمانەوە وەکو چاپخانەکەی کاك عومەری باوکی جەمال غەمبار و باسل خاوەنی تەسجیلاتی (نان) و کاك ئەکرەم روخۆشی بەرگدرو و رەفیقی وێنەگری خوالێخۆشبوو، هەر هەموویان داوایان ئەکرد و منیش ئەمدانێ و ئەوی تریشم ئەفرۆشت، کاتێکم زانی زەلامێکی عەرەب سەرکەوتوو داوای گۆڤارەکەی کرد وتم: نەماوە و تەواو بوو! بەڵام ئەو وتی چەکمەجەی مێزەکە دەگەڕێم! و هاتە ئەم دیو مێزەکە پێم وت: بە چ مافێك فەرمانگەی من ئەپشکنی؟! یەکسەر شوناسنامەکەی نیشاندام "أمن الاقتصاد" بوو، دەستی برد چەکمەجەی مێزەکەی کردەوە و منیش خێرا رامکردە خوارێ و چووم بۆ فەرمانگەو بە "وطبان"م وت: زەلامێك هاتووەو کەوتۆتە پشکنینی کتێبخانەکەو چەکمەجەکان ئەپشکنێ. گورج وطبان هات لەگەڵم، کاتێ گەیشتینە بەردەم کتێبخانەکە ئەو لەیەکێك لە پلیکانەکان ئەهاتە خوارەوە، وطبان پێیوت: بە چ مافێك فەرمانگەکەمان ئەپشکنی..؟! وتی: داوای گۆڤاری ئونزم لێکردو.. ئەڵێ تەواو بووە! وطبان وتی: ئێ باشە تەواو بووە ئیتر چی!!.

زەلامەکە ملی شـۆڕ کـرد و رۆیشـت.. نیـو کاتـژمێری نـەبرد، مـەلا فەرەجی بەردەرگای ژوورەکەی وطبان هات وتی وطبان داوات ئـەکات، منیش جامخانەکەم داخست و چووم بۆ ژوورەکەی وطبان، کـە دیـم، وا کابرای ئاسایش منداڵێك هەبوو ناوی فەرەیدون بوو، هەمیشە یارمـەتی کرێکارەکـانی ئـەدا لـەکاتی پێچـانەوەی رەزمـەی رۆژنامەکانـدا و کرێکارەکانیش رۆژنامەی وەرزشی زیادەی کـە ئەمایـەوە ئـەیان دایـە، ئەو منداڵە زۆر زۆر زیرەك و وریا بوو لە ساڵانی دواییـدا زانـیم کـە بـوو بـووە دکتـۆرو لەگـەرمیان، سەرپەرشـتی نەخۆشـخانەیەکی دەکـرد. وطبان روویکردە مـن و وتـی: ئـەم ئاسایشـە ئـەڵێ گۆڤـاری ئـونزم لـە دەڵاڵەکەی کڕیوە! وتم دەڵاڵی من..؟! ئاسایشەکە وتی: بەڵێ ئـا ئـەو کوڕە ئامـاژەی بۆ فەرەیدون کرد..، منیش روومکردە فەرەیدون و وتم: کێ ئەو گۆڤارەی دایتێ..؟! بەگریانەوە وتی: فـلان .. یـانی سـەرۆکی سەندیکای کرێکارانی راگەیاندن داویـەتی بـەو، کەفەرەیـدون ناوەکـەی برد.. وطبان گوێی لەناوەکە بوو وتی کاك معروف ئەڵێ چی؟

وتم فەرەیدون خۆت بچۆرە پێشەوە و بە کاك وطبان بڵێ کێ بـوو. ئیتر وطبان حاڵی بوو بانگی فلانی کرد و وتی: هـی وەك ئێـوە حیزبـی لەبەرچاو خەڵك خستووە، تۆ لە تەپڵی سەرتەوە تا کەڵـە مسـتی پێـت هـەر فرتوفێـڵ و تەڵەکەبازییـە، روویکـردە ئاسایشـەکەو وتـی: داوای لێبـوردن لـە فەرمانبەرەکـەم کـاك معـروف بکـە؟ ئـیتر مـن کـە زانـیم

کێشەکە روونبۆوە، روومکردە وطبان و وتم: مـن ئەچـمەوە ئـەودیو بـۆ کتێبخانەکە.

رۆژێك من و سمکۆی سەعید ناکـام لەپێشـانگای کتێبخانەکـەی دار الوطنیـةدا دانیشـتبوین، سمکـۆ گۆڤـارێکی وێنـەداری چـیرۆك ئـامێزی بەدەسـتەوە بـوو بـەناوی "پینـك" ئەیخوێنـدەوە، یـەکێك زۆر لـە پـڕو بەپەلـە خـۆی کـرد بـەناو کتێبخانەکـەدا، شـەروالّ و کراسـێکی سـپی لەبەردا بوو، کەوتە سەیرکردنی یەك یەك گۆڤارەکان و قسەشی ئەکرد، دەستی دایە گۆڤارێك "هدف"ی فەلەستینی بوو فڕێیداو یـەکێکی تـری هەلّگرت، ئـەویش هـەر فەلەسـتینی بـوو "المقاومـە" دیسـان ئەویشـی دانایەوە، ئـەمجارە یـەکێکی تـری هـەلّگرت "نوسـرا بـوو —الی الامـام" فەلەستینی بوو، لەگەلّیدا وتی: احنا ماندور أمام! منیش یەکسەر وتم: لعد دور وراء؟!" گۆڤارەکەی هێشتا بەدەستەوە بوو سەیری کردم کـە زانی بەهیچ مەبەستێك نەبووە و هـەر بـۆ گالّتـەو وتومـە! گۆڤارەکـەی داناو چووە دەرەوە و رۆیشـت، سمکـۆ هەسـتایە سـەرپێ وتـی: ئـەوە مـولازم موحسـین بـوو هـەر ئێسـتا ئەگەڕێتـەوەو.. "دایکـت..." و تـا توانی یەك زللەی لێدام و ئەویش رۆیشت. چەند رۆژێکی تر هەر هـەمان زەلام کـە سمکـۆ وتـی مـولازم موحسـینە هاتـە ژوورەوە و بـەردەم مێزەکەو وتی: ئەمەوێ هاوبەشی بکەم لە کڕینی گۆڤارەکانـدا، منـیش وتم کامەت ئـەوێ بـۆت دانـێم؟! وتـی وطـن العربـی و دسـتور العـرب و

الأجيال و يەك دوانێكی تر، هەمووم بۆ حساب كرد و پێم وت: ئێمە لـە پێشـەوە پارەكـەی وەرئـەگرین لیسـتێكم بـۆ كـرد پـێم وت: پارەكـە چەندە، دەسـتی كـرد بـە گێرفانیـاو پارەكـەی دامـێ و وتم: بفـەرموون بەناوی كێوە لیستەكە بنوسـم وتـی: مـولازم موحسـین! وتـی: لەگـەڵ رۆژنامــەكانی ئاســایش ئــەوانی منــیش بنێــرن! رۆژێــك كــەریم فرێــو رۆژنامــەكانی بردبــوو بــۆ منەزەمــەو ئاســایش، گۆڤارەكــانی مــولازم موحسینیشم دایە دەستی كە بۆی بەرێ، كاتێ كـە كـەریم هاتـەوە بـە شپرزەییەكەوە وتی:

كاك مارف ئاسۆ كێیە؟! منـیش وتم: بـۆ؟ وتـی: مـولازم موحسـین لـەناو دەرگاكـە بـوو پێـی وتم بـۆم بـەرە ژوورەوە و لەسـەر مێزەكـەم داینـێ، دام نـاو گەڕامـەوە لـەناو دەرگاكـە گرتمـی وتـی: كـەریم وەرە سـەیرێكی ئـەو وێنەیـە بكـە!! وێنەكـە لـە پشـتی سـەرییەوە پشـت كورسییەكەی هەڵیواسیبوو، زەلامێك بوو بە جلی كوردیـەوە! یەكسـەر وتی: ما تعرف صاحب الصورە؟ هو كاكە ئاسۆ!! منیش وردبوومـەوە وتم نایناسم وتی: شوف ماتعرف كاكە ئاسۆ گرایبی!! تعال زین بـاوع. دیسان كەریم پرسی توخوا كاك مارف! ئاسۆ كێیە؟! وتم: كوڕی بـاش تۆ چۆن ئاسۆی دەلاك ناناسی كە شەوو رۆژی لە مولازم موحسین تـاڵ و تاریك كردووە بە هەمیشە پێی رائەبوێرێ! و تەلەفۆنی بۆ ئەكاو پێی ئەڵێ وەرە بۆ فلان شوێن با یەكتر ببینین! كاتێكیش مولازم موحسـین

ئەچێ کەس نابینێ! دوایی ئاسۆ تەلەفۆنی بۆ دەکات و دەڵێ بۆ نەهاتی بۆ ئەو چایخانەیەی ئەو بەر سەیارەی قوات خاسەکەتەوە.. من لەوێ بووم؟! کەریم تاس بردیەوە و سەری سوڕماو وتی: بەڕاستە ئاسۆ شێرە کوڕی ئەم شارەیەو لاوێکی ئازایە، ئەی ئافەرین بۆ ئەو دایك و باوکەی ئەمەیان پێگەیاندووە!. وطبان خۆیکرد بە ژووری دابەشکردنی رۆژنامەکانداو وتی: ئێستا لە شارەوانی بووم لەڕیزی پێشەوەی سەر شەقامی مەولەوی، دوو دوکانی گەورەم وەرگرتووە بۆ پیشانگای کتێبخانەکە دوکانەکان لەناوەوە زۆر فراوانەو گەورەیە، پاش چەند رۆژێکی تر ئەچمەوە و کلیلەکانی وەرئەگرم!. زەلامێك هەبوو هەمیشە لای وطبان بوو، مولازمی ئاسایش ناوی "عەبد" بوو، زۆر چاك و ورد ئاگاداری ئیشوکار و دەوامی یەکە بەیەکەمانی ئەزانی وەکو دەوامی کرێکارەکان لە هەشتی بەیانییەوە تا ئەوکاتەی رۆژنامەکان ئەگەیشتە سلێمانی، ئەوسا زوو بوایە یا درەنگ کە دابەشکردنی تەواو ئەبوو، ئەمانیش ئەڕۆیشتنەوە. بۆ دەوامی پێشەنگای کتێبخانەکەش، کە من و کچێکی لێبوو خوشکەزای کاکەی فەلاح ناوی ژیان بوو، ژیان لە هەشتی بەیانییەوە بۆ دووی نیوەڕۆ دەوامی دەکرد، منیش لە (10) دەی بەیانییەوە بۆ کاتی داخستنی پیشانگاکە. بەیانییەکیان ئەچووم بۆ دەوام، لەبەردەم پۆلیسخانەی بەر سەرا پۆلیسێ لێم هاتە پێشەوەو وتی: کاك مارف وطبان

ماوە..؟! منیش پێم وت: بۆچی بووە؟! وتی ئای ئەم بەیانییە لەبەردەم دەرگای فەرمانگەکەتان وطبانیان بەردەستڕێژی گوللە داوە و بەپەلە خستیانە ناو پیکابەکەی دائیرەتان و فڕاندیان بۆ نەخۆشخانە. کە چوومە بەر پێشانگای کتێبخانەکە، دیم دەڕابەکانی دادرابۆوە، قفڵ درابوون!

چووم بۆ ئەو بەر چایخانەکەی کۆچکردو کاك عومەر باوکی جەمال غەمباری شاعیر، کەچی ئەو کەمنی دی خێرا وتی: ئەوە نەگیراوی مارف؟! وتم بۆ بگیرێم..؟! وتی لەبەردەم دەرگای فەرمانگەکەتان وطبانیان کوشت و جەماعەتی فەرمانگەکەشتان هەر هەموویان گیراون و بران بۆ سەراو لەوێ لەژێر لێکۆڵینەوەدان، ئیتر منیش ڕۆشتم بۆ سەرا لەوێ زۆر گەڕام، لەڕاڕەوێکدا دیم هەموو لەسەر زەوییەکە دانیشتوون!

چوومە پێشەوە و لێم پرسین ئەوە چییە و بۆ لێرەن؟ وتیان گیراوین و هێناویانین بۆ ئێرە لێکۆڵینەوەمان لەگەڵ ئەکەن، کە سەیری ژوورەوەم کرد، کەریم فڕیو لەبەردەم مولازم عەبد راوەستا بوو، گوێم لێبوو مولازم عەبد پێیوت: تۆ کابرای تەقە کەرت نەدی؟

کە جەنابت لەبەر دەرگاکە بوی؟ کەریمیش وتی: نەخێر.. مولازم عەبد یەکسەر زللەیەکی تیسرەواند و کەریم بەلادا کەوت، لەوکاتەدا مولازم عەبد منی دی لە بەر دەرگاکە وەستا بووم، بەدەنگی بەرز

وتی: تۆ دەوامت کاتژمێر دە نەبوو؟! بۆچی هاتووی بۆ ئێرە؟! بڕۆ لاچۆ لەبەرچاوم.. ! منیش خێرا هاتمە دەرێ و چوومەوە بۆ چایخانەکەی کاك عومەر و لەوێ دانیشتم و داوای چایەکم کرد، کاك عومەر وتی: ها نەگیرایت؟! منیش تێم گەیاند کە دەوامم نەبووە، بۆیە مولازم عەبد مەرەخەسی کردم! پاش چەند رۆژێك لقی "الدار الوطنية"ی کەرکوك وەڵامیان بۆ ناردین کە خۆمان ئامادەکەین بچین بۆ دێی —بەسل— بۆ سەرەخۆشی لەبراو کەسوکاری وطبان، کاتێ کە چووین و گەیشتینە ئەوێ براو خوشکەکانی وطبان بەگریانەوە هاتن بە پیرمانەوە و پێشوازییەکی گەرمیان لێکردین، لەناو ژنەکان هەموو هاتن باوەشیان کرد بە بێگەرد داو ئەیانوت ئای ژیان گیان! دەستگیرانەکەی کاکمان وطبان گیان! توومەز ئەمە لەماڵەوە وطبان باسی ژیانی بۆ کردون کە دەستگیرانێتی و پەیمانی داوەتێ کە بیخوازێ، ئیتر لەناو هەموو کچانی فەرمانگەی ئێمەدا تەنیا هەر بێگەرد و بوو لە هەمووان جوانتر وایان زانیبو ئەوە ژیانە! پاشان لەرەشماڵێکدا میوانداریيان کردين، برا گەورەکەی وطبان وتی: خەڵکی سلێمانیمان خۆشئەوێ!

ئەوان براکەی ئێمەیان لە خۆڕایی نەکوشتوە!! دیارە ئەبێ کارێ یا تاوانێکی وای کردبێ کە شایانی لەناوبردنی بێ: زۆرمان پێئەوت واز

لە حیزب و حیزبایەتی بێنەو دانیشە! بەقسەی نەئەکردین! تا ئاوا سەری بەفەتارەدا چوو!.

ئیتر هاتینەوە بۆ سلێمانی و بێگەرد بوو بە بەڕێوەبەری فەرمانگەکەمان. رۆژێك بێگەرد بانگی کردم و وتی: بیرتە کاتی خۆی وطبان لە شارەوانی دوو دوکانی بۆ پێشانگای کتێبخانەکە وەرگرتبوو، بەتەما بوو کلیلەکانی وەرگرێ. هەستە بابچین بۆ شارەوانی، رۆشتین لە شارەوانی چووینە ژوورەکەی کۆچکردو نوری وەشتی و لەلای ئەو دانیشتین و باسی دوکانەکانیشمان کرد، ئیتر کاك نوری وتی: هەستن با بچین بۆ لای سەرۆکی شارەوانی بزانین ئەو ئەڵێ چی!! کە چووینە ژوورەکەی سەرۆك شارەوانی، کاك رەفیق بوو، خوێندکاری کاتی سەرەتای کە بەیەکەوە هەردووکمان لەپۆلێکداو لای یەکەوە دانیشتبوین، هەرکە ئێمەی دی هەستا لەبەرمان و لەکورسی و مێزەکەی هاتە دەرێ و هات بۆ لامان و فەرمووی دانیشتنی لێکردین، پاش چایی خواردنەوە، کە زانی بۆچی هاتووین بۆ لای، لە زەنگەکەی داو یەکێك هاتە ژوورەوە و پێی وت: بڕۆ لای بەرپرسی مەخزەن ئەو کلیلانەی ئەو دوو دووکانە بێنە بۆیان، هێندەی پێنەچوو کلیلەکانیان دایە دەستمان و گەڕاینەوە، ئیتر چووین دارتاشێکی شارەزا لەدروستکردنی تاقی کتێبخانەمان دۆزیەوە و تێمان گەیاند کە بەهەر

چـوار دەوری دیوارەکانـدا رەفـەو تـاقی کتێبخانـە لەسـەر شـێوەیەکی جوان دروست بکا.

پاش یەکدوو هەفتـە، هـەموو شـتێکی نـاو پێشـانگای کتێبخانەکـە تەواو بوو — کەوتینە گواستنەوەی کتێبەکان بۆ ئەوێ.

لە 1985/4/13 دیلان لە دایکبوو.

رۆژێـک کابرایـەك هـات، ئێمـە هـەمووومان لـە حەوشـەکەدا لـەژێر سێبەری دار زەیتونەکاندا کە لە چوار دەوری چیمەنێکی پـڕ بـە پـڕی حەوشـەکە بـوو دانیشـتبووین. کـابرا لـەدوورەوە هـاواری کـرد ژووری بەڕێوەبـەر کامەیـە؟! لامـان سـەیربوو، یـەکێك لـە کرێکارەکـان چـوو بەدەنگییەوە و خێرا هاتەوە بۆ لامان و وتی: وەرن ئـەم پیـاوە ئـەڵێ: من بووم بە بەڕێوەبەرتان منیش ژوورێکم نیشـاندا وتم ئـەم ژوورەیـان، بۆ بەڕێوەبەر داناوە، ئێمە تازە هاتوینەتە ئـەم شـوێنەو ئـەو ژوورەش بەدەست ئاماژەم بـۆ کـرد رۆشـت بـەرەو ژوورەکـە، هەسـتن بـا بچـین بەخێرهاتنی لێبکەین، چووینە ژوورەوە و سڵاومان لێکرد، هەریەك لای خۆمانەوە زۆر بـەخێرهاتنی گـەرممان لێکـرد، کەچـی ئـەو بەڕوویـەکی گـرژی مۆنـەوە تەماشـای ئـەکردین و وتـی: ئێـوە چـۆن چـۆنی دەوام ئەکەن؟ وتمان لە بەیانییەوە بۆ دووی نیـوەڕۆ وتـی: ئـەی ئیشـکگری شەوانە بۆ فەرمانگەکە، دیارە ئەم فەرمانگەیە زۆر بەرەڵڵا و بێ سـەرو بەرەیە؟!

هەر بەمەدا هیچ کام لە ئێوە لە شوێنی ئیشکردنی خۆی نەبوو کە هاتم هەموو لە حەوشەکەدا بوون! دیاربوو ئەم کابرایە ئەیوست لەرێی حیزبەکەیەوە کە بۆ خۆی بەعسیەکی لە بەعسی پیستر بوو، هەمیشە بەچاوی گومانەوە ئەیڕوانییە هەموومان، زۆر لە برادەرەکانی کرێکارەکان لە ناچاری و لە تاوانا کەوتبوونە ماستاوکردن و مەرایی بۆی، منیش خۆم زۆر دورەپەرێز رائەگرت، بەلاَم هەستم ئەکرد ئەو زۆرتر سەرنجی منی ئەداو بەگومانەوە سەیری ئەکردم! نازانم چی لەمنا دیبوو؟

وا گەڕی لەمن ئالاَند بوو. ئا بەم شێوەیە رەفتاری ناشیرین و ناجیزەی بەرامبەرمان ئەکرد، بۆ ئەو ئێشکگرتنەی کە وتی، کەوتبووە ناو نووسینمان هەریەکە شەوێك منیش هەر ئەوەندە وتم: ئیشکگرتن لە چی و بۆچی؟! تورە بوو وتی: لە موخەریب! وتم: جا موخەریب چی لە فەرمانگەکەی ئێمە ئەوێ خۆ ئاڵتونی تێدا نیە هەمووی رۆژنامە شڕەیە!! چاوی لێم بز کردەوە سەری داخست و چۆوە ژوورەکەی خۆی، منیش چوومەوە بۆ پێشانگای کتێبخانەکەی فەرمانگەکە لە سەر شەقامی مەولەوی بوو.

دوای ئەم کەین و بەینەی نێوانمان هەروا بە هەفتەیەك زیاتر، رۆژێك 1985/5/14 لە پێشانگای کتێبخانەکە دەوامم ئەکرد، عەسرێکی درەنگ، ناو کتێبخانەکەش تەنیا دوو کەسی لێبوو،

یەکێکیان کاك نەوزاد برادەری خۆم بوو لە رێکخستنەکانی (ی.ن.ك)، هەر لەوکاتەدا بوو هەندێ نووسراو و بەیانم پێدا بوو ، ئەویتر کە لە کتێبخانەکە بوو کۆچکردو رەفیقی فایەقی موتێ چیرۆکنوس. دیم دەرگای جامخانەکە کرایەوە، یەکدو سێ کەس خۆیانکرد بەناو کتێبخانەکەدا، یەکێکیان لە ناو دەرگاکە وەستاو ئەویتریان لە ناوەڕاستی کتێبخانەکە وەستاو هەر چاوە چاوی بوو، ئەیگێڕا بە دەوروپشتی خۆیا، سێیەم کەسیان هاتە بەردەم مێزەکەم وتی: کاکە مەعروف.؟!وتم: بەڵێ: وتی: مساعد یریدك!.

ئەوەی ناوەڕاستی ژوورەکەی گرتبوو، روویکردە کاك نەوزاد و کاك رەفیق و پێیوتن:

فەرموون بۆ دەرەوە!، ئیتر من ویستم بچم تەلەفۆن بکەم.. ئەوەی بەردەمی مێزەکەم نەیهێشت و وتی: "مالازم هس ترجع!" ئیتر هاتینە دەرەوە من ویستم جامخانەکە داخەم، ئەو وتی: دەڕابەکە دایەرەوە و دایخە، کەوای وت زانیم تازە گەڕانەوەم نییە! قفڵەکان لە ژوورەوە بوو وتم: ئەچم قفڵەکان ئەهێنم، چوومە ژوورەوە لە چەکمەجەکەدا هەندێ نوسراو هەبوو خێرا هەڵمگرت و بردم لە ژێرەوەی تاقەکان شوێنی تر هەبوو کتێبمان تێ ئەکردو دەرگای هەبوو دائەخرا، هەمووم خستە پشتی کتێبخانەکانەوە و دامخست و قفڵەکانم هێناو، دەڕابەکە ئەوانیش لەگەڵیانا داخستم، دیم رەفیقی چیرۆکنوسی

کۆچکردو هەروا حەپەسا بوو لەوێ بوو نەڕۆشتبوو، بەچاو ئاماژەم بۆ کرد بڕوات بەماڵەوەمان بڵێ! هەرسێکیان منیان پێش خۆیانداو رۆشتینە بەردەم تەکسییەکی کرێ، دەرگاکەیان کردەوە و منیان خستە دواوەو دوانیان ئەمدیو ئەودیویان لێگرتم، توند هەردووکیان شانیان لە شانەکانم توند کرد، ئەویتریان کەوتە لێخوڕینی تەکسیەکە رۆشتین گەیشتینە شوێنێك، لە ژوورێکدا کە چەند کەسێکی تری لێبوو، پەیتا پەیتا هەر زەلام بوو ئەهات و ئەچوو، کەسیش هیچ قسەیەکی نەئەکرد.

زەلامێك هات و قۆڵی گرتم و هەڵیساندم و بەکێشی کردم، بەناو ڕارەوێکی تاریکی درێژداو لەپڕ دەرگایەك کرایەوە و کردمی بەژوورێکدا، چەند کەسێکی لێبوو، ئیتر ئەو دەرگای داخستەوە، کە سەیرم کرد لە سوچێکدا مامۆستا جەمال عەبدول دانیشتووە. چوومە لایەوە، کەچی ئەو وتی: مارف لێرە با کەس کەسمان یەکتری نەناسین..!! با نەزانن ئێمە یەکتری ئەناسین! لەم قسانەدا بوو دەرگاکە کرایەوە و کەسێکی زۆر بەخۆ هەردوو چاوی بەسترا بوو، لە پێشدا وامزانی دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵە، بەلام کە چاویان کردەوە.

ناسیمانەوە کە دکتۆر نەوزاد ساڵح رەفعەت بوو، کە سەیری ژوورەکەی کردو ئێمەی دی یەکسەر هاتە لامانەوە و دانیشت، هێشتا

ئێمە هیچ قسەیەکمان لەگەڵ نەکردبوو، زەلامێك هاتە لایەوە و کەوتە قسەکردن بۆ دکتۆر، دکتۆریش خۆی گەلێ بێدەنگ کردبوو، کەچی ئەو هەر ئەیوت: چۆن نامناسی؟ من چەند جارێك هاتووم بۆ عیادەکەت، دکتۆریش وتی: هەموو ڕۆژێ زیاتر لە (20) کەس دێنە عەیادەکەم و دەڕۆن چۆن هەموویان بناسم!! ئیتر زەلامەکە چووە نزیکییەوە و چرپاندی بەگوێی دکتۆرداو لەگەڵیشیا وتی چەندین فەردە فستقی قاچاخم پێ گیراوە و لە دەرەوە خەریکن رێك ئەکەون تاکو بەرمدەن! ئەوان داوای (5) هەزار دینار دەکەن ئەمانیش (4) هەزار ئەدەن! منیش پێم وتن: بڕۆن (5) هەزار دینارەکە بدەن و لەم وێرانەیە رزگارم کەن!! کە وای وت: ئیتر دکتۆر دڵنیا بوو لەوەی کە کەسێکی متمانە پێکراو بێ! مەترسی نییە! ئیتر وتی: دکتۆر راسپاردەت چییە بۆ دەرەوە بڵێ با بەسەرچاو لە دەرەوە بۆت جێبەجێ بکەم، چونکە من بەر ئەبم چیت بۆ بکەم؟ کە لێرە چوومە دەرێ؟! دکتۆر وتی: بچۆ بۆ ماڵی خوشکم پێی بڵێ بڕوا بۆ سەرەوە پێیان بڵێ هەقیان نەبێت بەسەرمانەوە و خۆیان نەکەن بە ساحێبمان، تا گوایە بمانگۆڕنەوە و سەرمانلێتێك بدەن!! هێندەی نەبرد زەلامەکەیان بانگ کرد و چووە دەرەوە. شەوێ بانگی دکتۆریان کرد بۆ لێکۆڵینەوە، کە هاتەوە بە پێکەنینەوە پێیان وتم مانگانە چەند ئەدەیت بەمارف کە رێکخەرتە؟! دەرگاکە کرایەوە و منیان برد و

لەودیو دەرگاکەوە چاویان بەستم، لەرێگاکە ئەڕۆشتین کابرای کە منی برد بۆ لێکۆڵینەوە دەستی برد شانمی توند گرت، ئەوکاتە من زۆر لاواز بوم وتی:... "کاکە انت ماتتحمل" کردمیان بەژوورێکدا دەستیانکرد بە پرسیار کردن و لەگەڵیا زەللەو شەق و جوێنی ناشیرین، تا وایان لێکردم تەواو وڕ و کاسبوم بە ئاستەم گوێم لێبوو وتی: "شنو علاقتك بالقیادة الموقة! ؟" لە پڕیش تەزوویەکی کارەبایم لێدرا. دیار بوو لە هۆش کەوتبووم، بۆیە بردمیانەوە بۆ ژوورەکە نیوەی لەشم لە ژوورەوە و نیوەکەی ترم لە دەرەوە، بە شەق و پاڵ پێوە نان کردمیانە ژوورەوە، دەرگاکەیان داخست، کەمێك هۆشم هاتەوە و دیم دکتۆر هاتە لامەوە و وتی: مارف!

چی بوو هیچت وت؟! منیش پێکەنیم، وتم هەر هیچ زانیاریەکیان نییە لەسەرم، دەمێك ئەڵێن پەیوەندیت چییە بە یەکیەتی نیشتمانییەوە؟ جارێکیش ئەڵێن لەگەڵ قیادە موەقەتە پەیوەندیت چۆنە؟! وا دیارە ئەمانە راپۆرتی درۆیان بۆ نووسرا بێ لەسەر من! بۆ شەوێ دیسان منیان برد بۆ شوێنێك کە ژوورێکی یەکجار تاریك بوو، بۆنی میز و پیسایی گێژی دەکردی، گوێم لێبوو زەلامێك بەکوردی وتی: تۆ کێیت؟! بۆ گیراویت؟ منیش وەڵامم نەدایەوە، کەچی ئەو خۆی پێناساندم کە ناوی "حەوێزە!" و لەسەر کۆمەڵێ بەیان و نامەی پێگیراوە وا لێرەیە! بەیانی کە رۆژ بۆوە ژوورەکە هەمووی پڕبوو لە

پیسایی، لە هەموو سوچێکدا تۆپەڵ تۆپەڵ، یانی ئاوودەستخانەی گیراوان بوو، دەرگایان لێکردمەوە و یەکسەر چاویان بەستمەوە، کەمێك رۆیشتم و منیان وەستاند، یەکێك نەوی لە باڵم و سەریخستمە سەرەوە بۆ ناو سەیارەیەك، لەناو سەیارەکە بەر لەشی کەسێ کەوتم و ئەو بەکوردی وتی: مارف! تۆیت دەنگیم ناسی دەنگی دکتۆر نەزاد بوو، توومەز ئەوانیش بەر لەمن سواری سەیارەکە کرا بوون.

سەیارەکە کەوتە رۆیشتن، ئێمە نازانین بەرەو کوێمان ئەبەن، هەر بەمەزەندەی خۆمان لەناو شار دەرچووین، لەناو سەیارەکە کە دیار بوو زیلی گەورەی سەربازی بوو، چەند سەربازێك پاسەوانمان بوون، هەموو هەر گاڵتەیان بە حەوێز ئەکرد، چونکە ئەویشیان لەگەڵ ئێمەدا سوار کردبوو. زوو زوو جوێنی زۆر ناشیرین و سوکایەتییان پێدەکرد، دکتۆر وتی: باشە ئەمانە بۆ کوێمان ئەبەن؟! منیش وتم: رەنگە بمان بەن بۆ شوێنێکی چۆڵ لەوێ دەستڕێژمان لێبکەن! ! نزیك نیوەڕۆ بوو، گەیشتینە شوێنێك و دایان بەزاندین و بردیانین بۆ هۆڵێك کە زۆرتر لە (500)، (600) کەسی تێدا بوو، ئەو رۆژە بۆ بەیانی رەمەزان بوو، ئێوارەکەی مامۆستا جەمال نیەتی رۆژووی هێناو کەوتە رۆژوگرتن، هەر لەو شوێنە بەرامبەرمان زەلامێك شتی ئەفرۆشت، مامۆستا جەمال هەستاو چوو بۆ لای زەلامەکەو هاتەوە و مستێ دەنکە خورمای پێبو، گوێمان لە بانگی ئێوارە بوو، مامۆستا جەمال رۆژووەکەی شکاند، بۆ

بــەیانی چــاویان نەبەســتینەوەو ســواری پاســێکیان کــردین، بــەڵام دەستمان کەلەپچە کراو بـوو، لـەدوای دواوەی پاسـەکەدا، دایاننـاین و دوو پاسـەوانیش لـە تەکمانـدا بـوو، پاسـەکە رۆیشـت دەمـەو نزیکـەی نیوەڕۆ گەیشتینە هەولێر. لەوێ بردیانینە شـوێنێك، کـە وەك هـۆڵێکی گەورەی درێژ ئەچوو، زیاتر لە (20) کەسی لێبـوو، هـەموو وەك ئێمـە گیرا بوون، یەکدوانیان هاتن بـە پیرمانـەوە، بردیـانین بـۆ لای خۆیـان، هێندەمان زانی خواردن هات کە پڕ بوو لە شلەی کوولەکە لەگەڵ برنج. برسیمان بوو، دەستمان کرد بـە خـواردن، ئـیتر لـەو شـوێنە ماینـەوە، هەشت نۆ رۆژ دواتر بردیانین بۆ مەنزومەی شیمالی، لـەوێش دیسـانەوە کەوتنەوە لێکۆڵینەوە، لە پێشدا نازانم کامیان بوو مامۆستا جـەمال یـا دکتۆر نەوزاد بوو، چونکە چاوم بەسترابوو بردیانینـە ژوورەوە، منـیش بە چیچکانەوە پاڵم دابوو بە دیوارێکەوە گوێم لێبوو یەکێك بـە کـوردی وتی: جگەرە ئەکێشی وتم: بەڵێ.. وتـی: هـا.. بگـرە.. مـن کـە چـاوم بەسـترا بـوو وتم: کـوا جگەرەکـە؟ ئـیتر ئـەو دایـە دەسـتم و وتـی هـا دایگرسێنە؟ دیار بوو چەرخی لێدا بوو بۆم و نزیکی کردەوە وتی: مژی لێدە، تومەز ئاگری چەرخەکەی نزیکی جگەرەکە کردبوو، ئـیتر منـیش مژێکی پڕ بـەپڕی گووپـەکانم دووکـەڵم هەڵمـژی!! ئینجـا پرسـی: تـۆ خەڵکی کوێیت؟ وتم سلێمانی.. وتی کام گەڕەك؟ وتم بۆچی ئەپرسـی؟ وتی جلە کوردییەکانت نیشانی ئەوە ئەدەن خەڵکی سلێمانیت!، بەڵام

کام گەڕەك؟! وتم هەر گەڕەکێك بێت وا ئێستە من گیراوم!! وتی: کوڕی باش لە ئیفادەکەت چیت وتووە، کە بردیانیتە ژوورەوە، هەر ئەوە بلێرەوە و قسە نەگۆڕی، بۆ خوا وا پێت ئەلێم! باشە!!، چونکە لێرە ئەگەر هەروەکو پێشوو چیت وتووە، هەر ئەوە بلێی بەربوونت بۆ ئاسان ئەکا!! زمان نەگۆڕی باشە، خێرا خێرا و بەپەلەو بە ئەسپایی ئەم ئامۆژگاریانەی ئەکردم، منیش وتم: من هچ نیم تا زمان بگۆڕم..! گوێم لێبوو منیان بانگ کرد. هەڵیانساندم و بەکێشیانکردم بۆ ژوورێك، لەوێ یەکێك بە دەنگی بەرز وتی: عەقید لەگەڵتا ئەدوێ.. وەڵامی بدەرەوە، لە بەرزییەکەوە گوێم لێبو وتی: راستمان پێ بڵێ عیلاقەت چییە بەموخەریبەوە؟ وتم: هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵ موخەریبین دا نییە! لە پڕو لەناکاوا ئەو زەلامەی یەکەمجار وتی:

عەقید لەگەڵتایە زللەیەکی لێدام و وتی: راست بڕۆو دانی پێدا بنێ، کە چۆن لەگەڵ ئەوانەدا ئیش ئەکەیت! بەم جۆرە زیاتر لە چارەکێك ئەم زەلامە چوین و قسەی ناشیرینی پێئەدام.. وا بزانم جلە کوردییەکانم بۆم بوو بوونە بەڵا!! تەپەتەپی پێهات، لەبەرزییەکەوە دابەزینە خوارێ نازانم عەقید و کێی تر بوون، دیار بوو زۆریش لەگەڵ دکتۆر نەوزاد و مامۆستا جەمالیش ماندوو بووبوون، گوێم لێبو بە کابرای لەمەڕ منیان وت: ئەچین چایی ئەخۆینەوە، ئیتر ئەم زەلامە رۆیشتنی ئەوانی بە هەلزانی و کەوتە وێزەم بەشەق و زللەو جوێنی

ناشــرین و بــەدەنگی بــەرز نەڕانــدی، خێــرا کــە دەی بڵــێ بــزانم پەیوەندیـەکانت بـەکێ و کوێوەیـە؟! دەی هـەتا نەهاتوونەتـەوە بڵـێ دەی! چونکە ئێستا دێنەوە و واژۆی ئیفادەکەت دەکەن!

گـوێم لێبـوو لـەدوورەوە تەپەتـەپی پـێ بـوو، تـا ئـەهات نـزیکتر ئەبۆوە، هاتنە بەردەممان و بەزەلامەکەیان وت "خطیە خلي یـروح!" ئــیتر زەلام بــە پــاڵ بردمیــە دەرەوەی ژوورەکــەو لــە شــوێنێك بەرزیکردمەوە سەرکەوتم، گوێم لێبوو مامۆستا جەمال و دکتۆر نـەوزاد وتیـان ئیفادەکـەت واژۆ کـرد؟! وتم: نـەخێر! بـۆ ئیـوە واژۆتـان کـرد وتیان: بـەڵێ.. ئـیتر بردیانینـەوە بـۆ ژووری زیندانەکـەمان. دوایـی لـە پەنجـەرەی ژوورەکەمانـەوە دیـم کـە چـەندە دووربـوو لـەو شـوێنەی بردیـانین بـۆ لێکۆڵینـەوە، لـەنێوان ژوورەکـەی ئێمـە و ئـەو شـوێنەی بردیـانین گۆڕەپـانێکی گـەورەو فراوانبـوو بـۆ تـۆپ تـۆپین کرابـوو! نیوەڕۆ بوو، خەم دایگرتم و زۆر دڵتەنگ بووم، لە بـەردەم پەنجەرەکـە دانیشتبووم، بیرم ئەکردەوە ئەو زەلامە بـۆ نەیهێشـت ئیفادەکـەم واژۆ بکەم، تەواو نیگـەرانی کردبـووم، دیـم وا لـەدوورەوە سـەربازێك رووەو لای ژوورەکـەی ئێمـە هـات، بـازی بـەنگێکی ئینزیبـاتی لـە قـۆڵا بـوو، کۆمــەڵێ کاغــەزیش بەدەســتێوەو گەیشــتە بــەردەم پەنجەرەکــەو بەعـەرەبی وتـی: منـو مـارف؟ وتم بـەڵێ! بـە عـەرەبی وتـی ئـا ئـەوە واژۆکە، کاغەزەکانی دایە دەستم، لەپڕ لـەولاوە سـەربازێك پەیـدا بـوو

وتی: ها مژدە ئیجازەکەت لە قەڵەم ئێستا دەرچووە، وەرە ساردیم بۆ بکڕەو بردیە ئەولاوە، تەنیشتمان دیار بوو حانوت بوو، منیش خێرا بە هەلم زانی و کەوتمە خوێندنەوەی نوسرا بوو:

هل انت أتحاد الوطني .. كلا

هل انت قيادة الموقة.. كلا

هل تأيد.. قيادة الحزب و الثورة.. نعم

سەربازەکە هاتەوە و سەیریکردم و وتی: "ليش تقرأ وقع!؟"." دەنگەکەی هەر هەمان دەنگ بوو کە پێیوتم تائێستا چیت وتوە لێرەش هەر ئەوە بڵێ!

دیسان هەر ئەو سەربازەی مژدەی مۆڵەتەکەی پێدا بەعەرەبی پێیوت کاکە!! بۆیە منیش بەکوردی وتم: کاکە گیان ئەوا خوێندمەوە ئەوەش لەبەردەم ژوورەکە ئامۆژگاریت کردم جێی سوپاسێکی زۆری کوردانەیە هەر بژیت!! کەچی ئەو زۆر بە ئەسپایی و سووك نزیکبۆوە و بەکوردی وتی: ماڵکاول..! بمدەرێ با بڕۆم.

ئەو پەستی و دڵتەنگییەی ئەوسا بەریدام و نەماو ئاوڕمدایەوە بەلای ئەواندا و دیم هەموو لەدەوری قزعەیەك دانیشتوون نانیان ئەخوارد، دکتۆر بانگی کردم وەرە پێشەوە هەموو بەشە گۆشتەکەی خۆم بۆ داناوی بیخۆ! چوومە پێشەوە و دەستم کرد بە خواردن لەگەڵیان.

بۆ سبەینێ سواری سەیارەیەکی جام ڕەشیانکردین، چاویشمان نەبەسرایەوە، تەنیا کەلەپچە کرایە دەستمان، بۆ ئێوارە گەیشتینە شاری سلێمانی و بردیانین بۆ ئەمنە کۆنەکە لە ژوورێکی زۆر زۆر بچووکدا بەپێوە، نەمانتوانی جێمان ببێتەوە، بەنۆرە جار جارێك یەکێکمان دادەنیشت تا پشوویەك وەرگرێ. گوێمان لە دەنگێ بوو بە کوردی لەو دیومانەوە دیار بوو ژوورێکی تر بوو بەدەنگێکی بەرز وتی : ئێوە کێن؟ هەر خۆشی بەو دەنگە بەرزەی وتی: من مەلا ئەحمەدی مزگەوتی خانەقام: هەرکە وای وت: مامۆستا جەمال دەنگەکەی ناسییەوە، چونکە بۆ خۆی هەموو رۆژانی هەینی لە مزگەوتی خانەقا نوێژی هەینی ئەکردو دەنگەکەش زۆر ئاشنا بوو، بۆیە یەکسەر مامۆستا جەمال وتی: ئێمەش چوار کەسین گیراوین، من جەمال عەبدولم لەگەڵ دکتۆر نەوزاد سالّح رەفعەت و دوانی تریش.. بۆ بەیانییەکەی یەکێك هاتە بەردەم ژوورەکە چایی هێنا بوو لە پەرداخی نایلۆندا، سەرو چایی دایە دەستمان و ئەو ڕۆیشت.

پاسەوانیك هاتوو دەرگاکەی کردەوە و ئێمەیان هێنایە دەرەوە، بردیانین بۆ ناو زیندانییەکانی ترەوە، بەڵام ئێمەیان کردە ژوورێکی تەنیاوە کە هەر مامۆستا ئەحمەدی زیندانی و ئەو برادەرەی چاییەکەی بۆ هێنایین لەو ژوورە بوون، ئەویش ناوی کاك عەباس بوو. دیسان بەهەمان شێوەی شوێنەکانی پێشوو ئەمانیش یەك یەك

بردیانین بۆ لێپرسینەوەو لێکۆڵینەوە، ئینجا ئەیانبردین پەنجە مۆریان پێئەکردین، ئەیانهێنایینەوە بۆ ژوورەکە، دکتۆر نەوزاد زۆر ورد و زیرەکبوو ئەیووت: هەموو جارێك كە ئەمانبەن و ئەمان هێننەوە، ژماردومە رێك (15) ڕۆژ دەکات وا دیارە ئێمە دەست بەسەرین و هەر (15) رۆژ جارێك دەست بەسەریەکەمان بۆ نویێ ئەکەنەوە، بەیانییەکی زۆر زوو بوو گوێمان لە دەنگی فڕە فڕی هالیکۆپتەرێك بوو ڕۆژی 17\10\1985 بەسەر ئاسمانی شاری سلێمانیدا ئەسوڕایەوە، بانگی دەدا بەگوێی خەڵکیدا!!

لە ژوورەکەی ئەو بەرمانەوە چەند زەلامێك یەکێکیان نابووە سەرشانیان و بەرزیانکردبۆوە بۆ سەرەوە تا لە پەنجەرەی بنمیچەکەوە کە بە سەقفی ژوورەکەوە بوو، تەماشای دەرەوە بکات، تا بزانێ دەنگ و باس چییە!! ئیتر منیش چووم بۆ ژورەکەو وتم: ها.. ئەوە چییە لە دەرەوە؟! ئەوی بەکۆڵی زەلامەکانەوە بوو وتی: بانگەوازی قەدەغەی هاتووچۆ کردنەو نابێ کەس لەماڵ بێتە دەرەوە!!

هاتمەوە بۆ لای ژوورەکەی خۆمان وتم : قەدەغەی هاتووچۆکردنە!

کاتژمێرێکی نەبرد، قیژەو هاوارو دەنگە دەنگ لەناو حەوشەکە دەبیسترا، ئێمەش لە درزی پەنجەرەی ژوورەکەی خۆمانەوە سەیری

حەوشەکەمان ئەکرد، هەروا خەڵك بوو بە لێشاو ئەیانکردە ژوورەوە، دوای چەند رۆژێك پیاوێکی هەروا پەنجا ساڵەیان هێنا بۆ ژوورەوەی لای ئێمە ناوی حاجی سەلام بوو، ئیتر ئێمە کەوتینە پرسیارلێکردن و لەکوێ گیراوی.. وتی نازانم کوێ بوو لە ژوورێك کە منی لێبووم، یەکێکی لێبوو رۆژانە زۆر زۆر ئازار و ئەشکەنجەیان ئەدا، تەواو بێ تاقەت و ماندوو شەکەتییان کردبوو، ئەویش لە تاوانا هەر هاواری ئەکرد بۆ خاتری خوا، بۆ خاتری پێغەمبەر، ئەوان زیاتر دارکاری و فەلاقەیان ئەکرد، ناچار بە هەموو دەنگی هاواری کرد بۆ خاتری "شهداء أکرم منا جمیعا!" ئیتر ئەوان دایانە قاقای پێکەنین و لە هەڵواسینەکەی قۆڵیان کردەوە و وازیان لێهێنا، لەناو گیراوەکاندا ئەیانوت کتێب فرۆشە و ناوی مەحمود خاکییە. یەکێکی تری لێبوو لاوێکی گەنم رەنگی ئازاو بەغیرەت دایکم بەقوربانی بێت، ئەوەی بەویان کرد بەهیچ کەسێك نەکراوە! بەکێبڵ و شەق و ئاوپێداکردن و هەڵواسین، سەرەو خوار وازیان لێنەدەهێنا، تا لەهۆش خۆی ئەچوو، ئەوسا دیسانەوە تەنەکەیەك ئاویان پێدا ئەکرد و ئەهاتەوە هۆش خۆی.. لێی توورە دەبوون و ئەیانوت، ئێمە ئەزانین تۆ لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کاردەکەیت! ئەوانەی لەگەڵتان بەس ناوەکانیانمان پێ بڵێ و خۆت رزگارکە، ئەو کورە بە جەرگە بەهیچ شێوەیەك وەلامی

نەئەدانەوە، ئەوانیش یەکجار لەوە پەستبوون کە بەهیچ شێوەیەك قسەی نەئەکرد.

لەدوای هاتنی حاجی سەلام بە چەند رۆژێك، دەرگا کرایەوە و یەکێکیان کرد بە ژووردا هەرکە دەرکەوت حاجی سەلام هاواری کرد و وتی: خەڵکینە وەرن! یەکەو راستیش چوو بۆ لای ئەو دەستی کردە ملی و ئەملاو ئەولای ماچ کردو بە هەموومانی وت: ئەم پاڵەوانە بوو کە بۆم باسکردن دوای ئەو هەموو ئەشکەنجەو ئازاردانە تەنیا وشەیەکیش لە دەمی نەهاتە دەرێ!!، ئێمەش کە سەیرمانکرد ناسیمانەوە ئەم ئازایە عەبدوڵڵای حەمەی مەمەندی دانسازە. زۆر بەگەرمی پێشوازی و بەخێرهاتنمان لێکرد.

هەر شەوە ناشەوێك بەڕێوەبەری ئاسایش دکتۆر نەوزادی بانگ ئەکرد، کە ئەهاتەوە لێمان ئەپرسی هاچی بوو..؟ بۆ بانگی کردی؟! دکتۆریش ئەیوت پێم ئەڵێ برۆ براکانت بێنەرەوە، منیش پێم ئەوت: ئەوان ماڵ و منداڵیان جیایەو بەقسەی منیش ناکەن و نایەنەوە. دکتۆر دوو برای هەبوو هەردوکیان لە دەرەوە پێشمەرگە بوون، ناویان کاك هوشیار و کاك بەختیار. رۆژێك مولازم عەباس کە بەرپرسی دۆسیەکەمان بوو هات و بانگی کردم، چوومە بەردەمی دەستی گرتم و بردمی، ئیتر نە چاوی بەستمەوە، نە کەلەپچەی کردم، زۆر بەلامەوە سەیر بوو رۆیشتین و لەبەردەم ژوورێك وەستاو بە منی وت بچۆ

ژوورەوە کە چوومە ژوورەوە، دیم دولبەری هاوسەرم دانیشتووە! وتم: ها ئەوە چییە؟ بۆ هێناویانی بۆ ئێرە؟ وتی: تەلەفۆنیان کردووە بچم کاتبی عەدل لەگەڵ خۆما بێنم بۆ ئێرە ئەوەتا کاتبی عەدل دانیشتووە، کاتبی عەدل وتی: وەرە واژۆی بکە وتم: چییە؟ وتی: تۆ فەرمانبەری حکومەتی و نیوەی معاشەکەت ئەدەن بەمناڵەکانت!! واژۆم کرد و گەڕامەوە بۆ ژوورەکەمان، دکتۆر وتی: ها مارف چی بوو؟

پێم وت: ماڵەوەمان هاتبوو واژۆی نیوە موچەیان پێکردم. دکتۆر وتی: نەم وت ئێمە دیارە دەستبەسەرین و هەرکاتێ دەستبەسەریەکەمان تەواو بوو بەرمان ئەدەن!

سەرۆکی پاسەوانەکانمان ناوی ئەبو نەهلە بوو، دەرگا کرایەوە منی بانگ کرد و وتی: بڕۆ بەمامۆستا جەمال بڵێ با نامەیەکم پێ بدا بۆ بەڕێوەبەری هۆڵی تاقیکردنەوەی بەکەلۆریا تا هیچ نەبێ چاوێکی لێم بێ، ئەبو نەهلە دەیویست لە پۆلی سێ دەرچێ و بەو شەهادەیە ئەکرایە مفەوەز. هاتمەوە ژوورێ و دکتۆر نەوزاد و مامۆستا جەمال وتیان:

ئەبو نەهلە بۆ بانگی کردی؟ وتم: داوای نامەیەك ئەکا لە مامۆستا جەمال بۆ بەڕێوەبەری هۆڵی تاقیکردنەوە تا یارمەتی بدات. مامۆستا جەمال کە ئەمەی گوێ لێبوو تەواو توڕەبوو وتی: یارمەتی کۆپی کردنی بدەم؟! لە ژیانمدا رقم لە کۆپیکەر و کۆپی کردن دەبێتەوە،

ئێستا وا لـە کـونی ژووری بەندیخانـە داوای یارمەتیـدانی کـۆپی کـردنم لێدەکەن!! دکتۆر نەوزاد لەولاوە زۆر بەهێمنی و ئەسپایی وتی: جا با یارمەتی بدەن..! چ زیانێکی بۆ ئێمە هەیە، بگرە رەنگـە بێتـە مایـەی خێرو خۆشی بۆمان لەڕێی ئەم ئەبو نەهلەیە، کەوا ئێمە لەم کونەداین، کابرایـەکی عـەرەبی وەك ئـەبو نەهلـە بـۆ ئـەوەی بکرێتـە مفـەوەز و ئەیەوێ یارمەتی بدەن تا دەربچێ..!؟

ئیتر مامۆستا جەمال نەرمبووە وە وتی: ئێستا من چی بکەم؟ مـن وتم ئەچم بە ئەبو نەهلە ئەڵێم مامۆستا جەمال رازییە! ئـیتر چـووم لـە دەرگاکەمـدا و خێـرا دیـم ئـەبو نەهلـە بەهەلەکـە داوان هـات و وتـی: مامۆسـتا جـەمال ئـەڵێ چـی؟ وتم رازییـە بـانگی کـەو مـن هاتمـەوە ژوورەوە، پاش تاوێکی کەم ئەبو نەهلە بانگی مامۆسـتا جـەمالی کـرد، مامۆستا جەمال چوو نامەیەکی یەك دێڕی بۆ نووسیبوو، کـە مامۆسـتا جەمال هاتەوە و دکتۆر لێی پرسی:

چیت بۆ نووسی؟ مامۆستا جەمال وتـی: نووسـیومە "ئـەم پیـاوە لێرە یارمەتی ئێمە ئەدات، ئێوەش یارمـەتی بـدەن!!". کـە نامەکـەی بردبوو مامۆستا لەتیف بەڕێوەبەری هۆڵی تاقیکردنەوەکە بوو یەکسـەر دەسـتوخەتەکەی مامۆسـتا جـەمالی ناسـیبۆوە، هـەروەها مامۆسـتا جەمال لەسەر نامەکەش واژۆی خۆی کردبوو، ئیتر مامۆستا لـەتیف لـە خۆشییان کە هەواڵی مامۆستا جەمالیان زانیبوو پێی زەوی نەئـەگرت،

چونکە هیچ هەواڵێکی مان و نەمانی ئێمەیان نەئەزانی، بۆیە ئەبو نەهلە بانگ ئەکات و ئەبیاتە دوای دواوەی خوێندکارەکان و هەر خۆشی تێکڕای وەڵامی پرسیارەکانی پێ دەڵێتەوە.

ئێوارە دەرگا کرایەوە و دوو مەنجەڵ چێشتی هێنایە ژوورەوە، تومەز هەر دوای وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە، گورج و خێرا چوو بوو بۆ ماڵی مامۆستا جەمال و وتبووی چێشت و خواردنیان بۆ ئامادەکەن ئێوارە دێمەوە و دەیبەم بۆیان.

ئیتر هەموو جارێك جلوبەرگە چڵکنەکانی ئەبرد و هی پاکی بۆ ئەهێناین، زستان بوو داوای ڕۆبمان کرد لەگەڵ یەك دوو بەتانی، ئیتر ئەبو نەهلە هەر بەڕێی هێنانی خواردن و شتومەکی ئێمەوە بوو، جارێك لای حاکم بووین پرسیاری لێئەکردین، هێندەمان زانی ئەبو نەهلە پەیدا بوو وەستا بەدیارمانەوە و کە حاکم لێبۆوە، ئەبو نەهلە قۆڵی کرد بە قۆڵی مامۆستا جەمال داو هەمووماني بەبێ چاو بەستنەوە بردەوە بۆ ژوورەوە.

دکتۆریش هەر لە ژماردنی ڕۆژەکاندا بوو وتی: ئەمڕۆ (15) ڕۆژەکە تەواو بووەو دیارە بۆمان تازە ئەکاتەوە! شەو بوو مولازم عەباس هاتوو هەر چوارمانی هێنایە دەرەوە و چاومانی نەبەستەوە، ڕۆشتین گەیشتینە ژوورێك کردینە ژوورەکەو وتی: دانیشن ئێمەش هەر چوارمان دانیشتین، مولازم عەباس بەپێوە وەستا بوو وتی: بەڕێوەبەر

ئازادتـــان ئـــەکات بەمـــەرجێ یارمـــەتیمان بـــدەن. یـــانی هـــەرکاتێك موخەرییبن هاتبوون و ئێوەش پێتان زانیبـوو ئاگادارمـان بکەنـەوە!! لـــەڕێی تەلەفۆنـــەوە، ئەمـــەش ژمـــارەی تەلەفۆنـــەکانمان!! هـــەروا دەسـتیبرد کاغـەزێکی دەرهێنـاو کەوتـە نووسـینی، گوایـە ژمـارەی تەلەفۆنەکان و لەگەڵیشیدا وتی: جا ئەوە هیچی تێدەچێ و گرانە؟!

ئەگـــەر بـــۆ ئێمـــەی بکـــەن؟! لـــەبری ئازادکردنتـــان لێـــرە! ئێمـــە ئەمانـــەوێت یارمـــەتیمان بـــدەن.. وتتـــان چـــی..؟! مامۆســـتا جـــەمال هەڵیـدایێ وتـی: یارمـەتی یـانی ئەتانـەوێ ببین بـە ئاسـایش؟! خێـرا مولازم عەباس وتی: ئەی بۆنا.. چی تێدایە ئەمە بکەن؟!

لـەولاوە مامۆسـتا کـەمال بابـان سـەری رەزامەنـدی بـۆ راوەشـاند ویستی بڵـێ: قەیـدی ناکـا..! خێـرا مامۆسـتا جـەمال رووی وەرگێـڕاو روویکردە مامۆستا کەمال بابان وتی: تۆ ئەزانی ئەتەوێ چی بڵێیـت؟! ئەمانە ئەیانەوێ ئێمە بکەن بە مقاشی دەستی خۆیان!

مـــولازم عـــەباس وتـــی: ئەگـــەر یارمـــەتیمان نـــەدەن لێـــرە ناچـــنە دەرەوە!! مامۆستا جـەمال هەسـتایە سـەر پـێ و پشـتێنی رۆبەکـەی گرێداو رۆیشت!! مولازم عەباس وتـی: بـۆ کـوێ..؟ مامۆسـتا جـەمال وتی: بۆ کونی ژوورەوە، ئیتر مولازم عەباس کە زانی ئەمە هەڵوێسـتەو کەس مل نادا بۆیان.. ناچار وتی: ئەڕۆم بـۆ لای بەڕێوەبـەر بـزانم ئـەو بڕیاری چییە؟!.. ئەو رۆیشـت مامۆسـتا جـەمال زۆر زۆر سەرزەنشـتی

مامۆستا کەمال بابانی کرد لەسەر ئەو رەفتارە ناشیرینەی کە نواندی!! دیسانەوە مولازم عەباس هاتەوە و وتی: ئازادیان ئەکەم هەریەك بەکەفالەتی (30) هەزار دینار، لەو رۆژەدا (30) هەزار دینار یەکجار زۆر بوو، دیارە ئەمەش پەڵپێکی ترە کە ئەیویست لەم پێگەیەوە مەرامی خۆی جێبەجێ بکات، مولازم عەباس داوای ژمارەی تەلەفۆنی لەهەر یەکێکمان کرد، تا گوایە مژدە بدا بەکەسوکارمان کەوا ئازاد دەکرێین، بکەونە جێبەجێکردنی کەفالەتەکانمان. هەریەکەو ژمارەی تەلەفونمان پێدا ئیتر وتی: هەستن بڕۆنە ژوورەوە. بیرم نەبوو چەند رۆژێك لەمەوبەر چەند منداڵێکی جگەرە فرۆش گیرا بوون، دەنگ و باسی دەرەوەمان لێپرسین وتیان: باوکی مامۆستا جەمال، وەستا عەبدوڵی خەبات ماڵئاوایی کردووە. ئیتر ئێمە ئەو کاتە نەمانهێشت مامۆستا جەمال بەو هەواڵە بزانێ. بۆ نزیك نیوەڕۆ ئەبو نەهلە هاتە بەردەم ژوورەکەو مامۆستا جەمالی بانگ کرد بۆ دەرەوە و رویکردە ئێمەش وتی: کەفالەتەکانتان تەواو نەبووە، تەنیا هی مارف نەبێ کە تەواو بووە!! زۆرم بەلاوە سەیر بوو، ئەبێ ئەو فریشتەیە کێ بێ بوبێتە کەفیلم! ئەبو نەهلە ریۆشت، مولازم عەباس منی بانگ کرد و هاتمە دەرێ و دەستی گرتم و بردمی بۆ دەرەوە و لە رێگاکەدا کە ئەڕۆیشتین هەر قسەی بۆ ئەکردم و ئەیوت: ئەوا بەرئەبیت ئاگات

لەخۆت بێ و لەم لاو ئەولا هیچ قسەیەك مەكە! منیش وتم: جا قسەی چی بكەم لەم لاو ئەولا؟!

وتی: ئەڵێم ئاگاداری خۆت بە لە بازاڕ، لە گەڕەك، بەتایبەتی لە فەرمانگەكەت! كە وای وت ئیتر زانیم ئەو راپۆرتەی لەسەری گیراوم لە فەرمانگەكەی خۆمەوەیە!! گەیشتینە دەرەوەی ئاسایش بۆ سەر شەقامەكە، لەوێوە كۆچكردو كاك فایەقی قەساب "فایەقی سەعۆل" بەرەو پیرم هات و وتی: كاك مارف هاتووم ببم بە كەفیلت مولازم عەباس تێگەیشت و وتی: كەفیلی هەیە! كە چوینە ژوورێك دیم كۆچكردو خاڵە حەمە غەریب خاڵی حاجی فاتمی خوالێخۆشبووی خەسوم بوو هاتبوو بووبووە كەفیلم! كە ئازاد بووم و چومەوە ماڵێ كەسوكارو خزمان هەموو هاتن بۆ سەردانم لەناویانا پرۆفیسۆر دكتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ و محەمەد ئەمین پێنجوێنی و زۆر لە برادەران، بەڵام ئەوەی بەلامەوە سەیر و نیگەرانی كردم بەڕێوەبەری فەرمانگەكەم بوو.. كاتێكیش قسەی كرد وتی: كاك مارف رەنگە خۆی بزانێ كێ بەگرتی داوە؟! منیش زەردەخەنەیەكم بۆ كردو وتم: خۆ لەوێ پێت نالێن فلان بەگرتی داوی.. چونكە ئەو كەسەی بەگرتی داوی جێی متمانەو باوەڕپێكراوی خۆیانەو نایانەوێ ئاشكرا بێ و ناوی بەتۆ نالێن!!.

لــە رۆژی 1990/2/11، داســتان لــە دایــك بــوو. رۆژێــك لــە کتێبخانەی سلێمانی بووم، عەبدوڵڵا عەباس هات و پاش سڵاو و هەواڵ پرسین وتی: کاك مارف بۆ نایەیت لە رۆژنامـەی ئاسـۆ ئیشـمان لەگـەڵ بکەیت؟ وتم زۆر باشە و پێم خۆشە، یەکـەم ژمـارەی رۆژنامەکـە ببیـنم کە دەرچوو، ئەوسا بڕیاری ئیشکردنم ئەدەم، دوای دەرچـوونی چـەند ژمارەیەك، دیم هەموو بابەتـەکانی ئـەدەبی و هونـەری و کۆمەڵایـەتین، رێبازەکەی دیار و ئاشکرا بوو، کە بـرەو بەچـالاکی رۆشـنبیری ئـەدات، جا ئەوکاتـە کـاك عەبـدوڵڵا عـەباس لـە کتێبخانـەی سـلێمانی پێـی وتم ئیشمان لەگەڵ بکـە. لـە راسـتیدا زۆر بـێ ئیشـوکار بـووم. کۆچـکردوو هەمزەی عەلی دەدەش ئاگاداری ئەوە بوو، کە زۆر بێ ئیش و بێ پـول و پـارەم بۆیـە وتـی: منـیش لای خۆمـەوە بەشـێخ محەمـەد بـەرزنجی ئەڵێم، ئیتر بڕیارمداو چووم بۆ بەغدا بۆ ئیدارەی رۆژنامـەی ئاسـۆ، کـە لە (حی المغرب) بوو، بۆ دەرمانیش کورد رێـی نەئەکەوێتـە ئـەو نـاوە، کە چووم لەوێ کاك ئازاد بەرزنجی و حەسەن جافیش لەوێ بوون، لـە سـلێمانیش دوانــی تــر هــەبوون کــاری پــەیامنێری و کۆکردنــەوەی "اعلانات" بوون، ئـەوانیش کـاك یاسـین بـەرزنجی و ئەحمـەد ئـابڵاخی بوون. لەوێ جێ و رێم نەبوو، کاك عەبدوڵڵا عـەباس وتـی: ئـەو پیـاوە میسرییە لە نهۆمی خوارەوە لەگـەڵ خێـزان و منداڵـەکانیان پاسـەوانی نووسینگەکەمانن، بـەڵام لـە نهـۆمی سـەرەوە ژوورێکـی تـەنیای لێیـە،

ئەگەر حەزت کرد بۆ خۆت بچۆرە ئەوێ و لەوێ بنوو. هەروامکرد چوومە ژوورەکەی سەرەوە، ئیتر رۆژانە هەندێ بابەتی شیعرییان ئەدامێ و ئەم خوێندنەوە، باری سەرنجی خۆمم لەسەر ئەنووسی، جارێك شیعرێکم لەناو ئەو شیعرانەی کە ئەهات بۆ رۆژنامەکە خوێندەوە و زۆر لام جوان بوو، شیعرەکە لەسەرم نووسی بۆ بڵاوکردنەوە، بڵاوکرایەوە وابزانم بەناوی هیوا قادرەوە بوو، بەڵام کاك ئازاد بەرزنجی لەگەڵ مەریوان وریا قانع و بەختیار عەلی ژووریان گرتبوو، کاك ئازاد بەرزنجی تا بڵێی کوڕێکی رۆشنبیر و چالاك بوو، بۆ خۆیشی گەنجێکی جوان وقۆز بوو، لە نووسینگەکە کۆمەڵێ کچۆڵەی لێبوو نەرم و نیان و جوان بۆ کاری رێکخستنی (اعلانات)، یەکدوانێکیش خەریکی ژمێریاری بوون، زۆریش دەور و خولی کاك ئازاد بەرزنجیان ئەدا، بەڵام کاك ئازاد خۆی تێنەئەگەیاندن. برادەرانی سەرنووسەر و لێپرسراوانی رۆژنامەکە کە ئاوا ئەیاندی ئەم نزیکبوونەوەی کچان لە کاك ئازاد بەرزنجی، ئەمانە بوونە هۆی دوورخستنەوەمان لە ئیدارەی رۆژنامەکەو رەوانەی ناو چاپخانەمان بکەن. ئەو شوێنەی ئێمەی لێبووین زۆر زۆر پیس و گەرم بوو، تاقەت پڕوکێنەر، ئێمەیان وەك هەڵەبڕی رۆژنامەکە ناردە ئەوێو سەرقاڵیان کردین، کە لە چاپخانەش ئەگەڕاینەوە، لەسەر رێگاکەمان کتێبخانەیەك هەبوو ئەچووینە ژوورێ، بەڵام بۆ کتێب کڕین نەبوو، بەڵکو کاك ئازاد

خاوەنی کتێبخانەکەی کردبووە ئاشنای خۆی، کە ئافرەتێکی فارس بوو، ئیتر ئەم کاك ئازادە بەهەلی ئەزانی کە فارسی فێربوونەکەی دەمە زەرد بکاتەوە، بەڵام خوا هەڵناگریَ نەك فارسییەکی چاك و باش، بگرە عەرەبییەکی زۆرباشی وەك کوردییەکەی خۆی ئەزانی، لە کتێبخانەکە کاك ئازاد ئەکەوتە قسەکردن لەگەڵ خاوەنی کتێبخانەکە، منیش لام کردەوە بە کتێبخانەکەدا ئەمڕوانی و تەماشای یەك بەیەکی کتێبەکانم ئەکرد، لە چاپخانە هێندە پیس بوو هیچی جلوبەرگمان نەمابوو بەتایبەتی پانتۆڵەکەم لە چەند لاوە بۆیاغی بەرکەوتبوو، کاك ئازاد وتی برۆ بگەڕێ ئوتووچییەك بدۆزەرەوە ئەوان بۆت لێئەکەنەوە، گەڕام دیم لەسەر ڕێگای گەڕانەوەمان بۆ ئیدارەی ڕۆژنامەکە ئوتووخانەیەك هەبوو زۆر گەورە بوو لەناوەوە، چوومە ژوورەوە، دیم یەکێك بەرەو پیرم هات و یەکسەر بەعەرەبی وتی: "کاکە معروف سدوك دلشاد استشهد..؟! کە ڕوانیم ئەوە ئەندازیار "رشید عبدالصاحب"ە، کە لەگەڵ دڵشاد مەریوانی لە ژووری ژمارە (6) لە میوانخانەی عەبدوڵڵا پێکەوە "موقیم" بوون، مانگانە پارەیان ئەدا. بەدڵشکاوییەوە وتم: "نعم مع الأسف!".

لە 1990/3/7 دا لە ڕۆژنامەی ئاسۆ نەمام و هاتمەوە بۆ سلێمانی و بەبێ ئیشوکار ئەسووڕامەوە، لەلاوە برای خۆشەویستم کاك ئەحمەدی حەمکوڵی قەساب دڵخۆشی دامەوە و وتی: وەرە لای برای

خۆت لەسەر دەخیلەی فڕنی سەمونخانەکە دانیشتەو لە یارمەتیش بێ بەشت ناکەم، براکەم دڵگران مەبە کاك ئەحمەد حەمکوڵی قەساب هاوڕێی کاتی قوتابییەتیمەو ئێستا فڕنی سەمونی حەجەری ئۆتۆماتیکی هەیە لە چوارباخ، ئیتر رۆژانە بەیانیان زۆر زوو ئەچوومە سەر ئیشەکەم کە دەخیلەداری بوو، کۆمەڵێ مێرد منداڵی لابوو کە ئەوانیش بەیانیان زۆر زوو ئەهاتن و هەریەکەی بەشە سەمونی خۆی وەرئەگرت و ئەڕۆشتن بەکۆڵانەکانی شاردا ئەگەڕان بۆ فرۆشتنی سەموونەکان، منیش لەسەمونخانە سەرەم دانا بوو بۆ وەرگرتنی سەمون، بەڕیز.. ئیتر نزیك نیوەڕوانێك تەواو ئەبوو منیش خۆم ئەتەکان و دەستو دەم و چاوم ئەشت و پڕ زەرفێکیش سەموونم ئەبردەوە بۆ ماڵەوە. لە راستیدا کاك ئەحمەد حەمکوڵ بەهیچ جۆرێ حسابی شاگردی بۆ نەئەکردم، بەڵکو ئەو ئەیویست لەم رێگایەوە یارمەتی مادیم بدا.

دوای گرتنەوەی شاری پیرۆزی بابەگوڕگوڕ، کەرکوکی خۆشەویستی هەمووکان، رژێمی بەعس هێرشێکی زۆر دڕندانەو بەرفراوانی کردە سەر کوردستان، خەڵکەکەشی لە ترسی تۆڵەکردنەوەی کوژراوەکانی ناو ئەمنە سورەکەو ئەمنە کۆنەکە، بەرەو چیاکان هەڵهاتین و هەرچیمان هەبوو جێمانهێشت، جا ئەو شەوەی هەڵهاتین، پیاوێکی دراوسێمان هەبوو ناوی حاجی فەهمی بوو،

سەیارەیەکی گەورەی بارهەڵگری هەبوو، شەو هەموو خەڵکی گەڕەکی سوار کرد هەرچەندێ جێگای بوو، رەوفی برام نەهات لەگەڵمان چوو بۆ سینەما تالەوێ خۆی حەشاردا. دەرگاو پەنجەرەو هەرچی هەبوو لەسەر گازی پشت بەجێمان هێشت لەتاو ئەو هێرشە دڕندانەی بەعس، رووەو ئێران ملماننا. لەرێگا گەیشتین بە محەمەدی حاجی مەحمود کە لە ئێرانەوە گەڕابۆوە، برای هونەرمەندی خۆشەویستم کاک کاوەی ئەحمەد میرزا لەگەڵمان بوو، لەکاك محەمەدی حاجی مەحمود چووە پێشەوە و منیش لە دواوەی بووم بە کاك محەمەدی وت: بەڕێزتان لە ئێرانەوە هاتوونەتەوە، ئایا رێگاو بان چۆنە رێگا ئەدەن بچینە ئەودیو، واتە ناو ئێران؟! کاکە حەمە قسەکەی لەدەم قۆستەوە و وتی: بڕۆن رێگا کراوەیەو بێ گرفتە ئێستا من لەوێ گەڕاومەتەوە.

زۆر زۆر رۆیشتین نزیك سەر سنوور بووینەوە، ویستمان بچینە ئەودیو، پاسدارەکانی سەر سنوری ئێران رێگایان نەدا‌ین بچینە ئەودیو، خەڵکەکە زۆربوون ناچار کەوتنە گەڕان و پشکنین بۆ چەك و شتی قەدەغە کراو. جا من "500" دینارم پێبوو، کاتێ پاسدارەکان هاتن بمپشکنن، یەکێکیان هات و دەستی دایە باخەڵم کە زانی ئاوساوەو دیارە پارەیە لێم نەئەبۆوە و منیش توند توند دەستم بەگیرفانی پارەکەمدا گرتبوو، بەهیچ جۆرێ رێم نەدا تا بتوانێ پارەکە دەربێنێ و دەستیم گرت و فڕێمدا. ناچار گەڕاینەوە دیوی ئەمدیو بۆ

ناو عیراق، لەشوێنێك لاماندا بەرامبەر بارەگاو بنکەی حیزبی شیوعی بوو، بەرپرسی بنکەکە جەلال دەباغ بوو، کە ئێمەی دی هات بۆ لامان و بەخێرهاتنی کردین وتی، هەرچیتان ئەوێ و پێویستانە ئێمە لە خزمەتتاندایین. شەوبوو، کاك کاوەی ئەحمەد میرزا رادیۆیەکی پێ بوو کردیەوە ئیستگەی رادیۆی بەغدا بوو، لێبوردنی گشتی دەرکرد بوو، کاك کاوە وتی: جا با بەیانی بڕۆین و نزیك شار ببینەوە بزانین راست و دروستی ئەم هەواڵە چییە؟! بەیانی زوو خێزانی هەردووولامان ماڵی ئێمەو ماڵی کاك کاوە، رۆیشتین بەرەو خورماڵ و شەو لەوێ ماینەوە، بەیانی خەڵك لەناو شارەوە یانی لە سلێمانیەوە، دەهاتن بۆ سۆراخی کەسوکاریان کە وەك ئێمە رەویان کردبوو، ئیتر دڵنیا بووین لەوەی کە شتێکی مەترسیدار نەماوە.

پیکابێك هات و هەمووومانی سوار کرد، رۆیشتین تا گەیشتینە شەقامی شەست مەتریەکەو لەوێ پیکابەکە وەستاو وتی: ئەوە ماڵی خوشکمەو ئەچم بۆ ئەوێ و لەمە زیاتر ناتوانم بتانبەم داوای لێبوردن دەکەم، ئیتر هەموو دابەزین و بەپێ رێگامان گرتە بەر تا گەیشتینەوە ماڵەوە، لەوێ تەماشامان کرد ماڵەکەمان چۆن جێهێشتبوو هەروا دەرگاو پەنجەرە لەسەر پشت و لە ژووریشەوە تەلەفزیۆنەکە چۆن بەتانیمان تێوەپێچا بوو وەکو خۆی دانرا بوو.

هەریەکەم رۆژی راپەڕین، لە هەموو شوێنێك لـەناو شـاردا دەسـتی بەسەرا گیرا! تەنیا ئەوەی مـابوو ئەمنـە سـوورەکە بـوو، کـە بـەرگری لەخۆی ئەکرد تا خۆی بەدەستەوە نەدا، بۆیـە ئـیتر کوێرانـە بەهـەموو لایەکـدا بەدۆشـکەو قازیفـە، هـەموو جـۆرە چـەکەکانیان کەوتبوونـە تەقەکردن لە جەماوەر و ئەو ماڵانەی دەوروبەری خۆیـان — مـن لـەوێ نـەبووم، بـەڵام هـاوڕێی کۆچـکردووم (هـەمزەی عـەلی دەدە) بـۆی گێڕامەوە کە هونەرمەند (حەمە عەلی خان) هەرچی برینـدار ئـەبوو ئـەو یەکسـەر ئەیکردنـە کـۆڵی و خێـراو گـورج ئەیفڕانـدن بـۆ مـاڵی شـەهید دڵشاد مەریوانی، لەوێ برین پێچ و ئەوانەی لێبوو و تیماریان ئـەکردن، خەڵکەکە ناوی حەمە عەلی خانیان ناونا بوو ئیسعافەکەی راپەڕین!

جا کاتی خۆی منیش ستونێکم لەسەرنووسی لـە کوردسـتانی نـوێ بەناوی "ئەسعافەکەی راپەڕین!!". هەربۆیە لێرەشدا بۆ یادکردنەوەی راپەڕینە مەزنەکەی جەماوەر، حەزمکرد دووبارە بینووسمەوە.

3/7 یەکـــەم رۆژی بەشـــکۆی راپەڕینـــە مەزنەکـــەی جـــەماوەری سلێمانی بوو، کە سەرەتاو لەم شاری هەڵمەت و قوربانییەوە دەستکرا بە راماڵینی بەعسی و ئەیانوت بەعسی قڕانـە بەعسـی قڕانـە، ئەوکاتـە ئێمـە ماڵمـان لای ئەبوسـەنا بـوو، تەقـەو تـۆق لـە هـەموو لایەکـەوە ئەبسترا، بەتایبەت هێرش کرایە سەر ئەبو سەنا، چونکە سـەربازگەیەك بوو لە ناوچەکەدا. ئێمـە لـە دوورەوە دیمـان، کۆمـەڵێ لاوی چوسـت و

چـالاکی گردەکـەی ئەوبەرمانـەوە بـە پەلـەو پڕتـاو ئـەهاتن بـەرەو ئەبووسەنا، بەڵام یەکدوانێکیان نەبێ ئەوانی تر چەکیان پێ نەبوو، کـە تەواو سەرنجم لێدان و دێم سۆرانی ژنـبرام و سـەیوانی بـرازای حسـێن عارف و کۆمەڵێکی سەرگەرم و شۆڕشگێڕ لە ئەبوسەنا نزیـك بوونـەوە، ئــیتر ســەربازگەکەو دوای چــەند تەقەیــەك خۆیــان دا بەدەســتەوە بەدەست بەسراوی هێنایانن بۆ نـاو ماڵـەکان. هەرچـیش لـە خـواردن و شـتوومەکی پێویسـت بـوو لاوە شۆڕشـگێڕەکان هـەموویان هێنـان بـۆ خەڵکی گەڕەك، یەکدو فـەردە هـەر مریشـکی بەسـتوو بـوو، دابەشـکرا بەسەر ماڵەکاندا، ئەو رۆژە تا ئێوارەیەکی درەنگ یەك دوو هالیکۆپتەر هـەر هاتووچـۆیان بـوو، بـەیانی خـۆم گـۆڕی و چـووم بـۆ نـاو شـار بەتایبەتیش بۆ لای ئەمنە کۆنەکـە و سـەیرێکی ژوورەکـانی بکـەم: کـە کاتی خۆی لێی زیندانی کرابووم، چوومە ژوورەوە، بەڵام هێندە تاریـك بوو کـەس کەسـی نەئـەدی، هـەروا جاروبـار چـەرخم لێـدەدا بۆئـەوەی بـەردەمم رونـاك بکەمـەوە و لـەپڕ گـوێم لـە فـڕەی خستنەسـەر پێـی کلاشـنکۆف بـوو خرایـە سـەر پـێ. لـەپڕ زەلامێـك هـاواری کـرد کـوڕە نەکەیت ئـەوە کـاك مارفـە. تومـەز بـە ئـەمن و شـتی وایـان زانیبـووم، چونکە ئەیانوت گوایە ژێرزەمینی تێدایەو لـەوێش خۆیـان شـاردۆتەوە، جا دیـار بـوو ئـەو بـرادەرەی هـاوارێکی کـرد نەکـەی کـاك مارفـە.. لـە چوونە ژوورەوەی من ئاگاداربوو!.

لـە دەرەوەش هـەر خـەڵك بـوو سـەری زێرابیـان هەڵئەدایـەوە و بەدوای ئەمنی راكردوودا ئەگەڕان، لەكون و قوژبن و نـاو زێـراب و ئـەو شـــوێنانە. زۆر تـــریش وا بڵاوبووبـــۆوە كـــە لـــەژێر زێرابەكانـــدا و ژێرزەمینەكاندا گیراون، بۆیە گوێیان ئەنا بەناو زێرابەكانەوە تا گوێیان لـە دەنگیـان بـێ. هـەر لەبـەردەم دەرگاكـە مـەیتی ئـەمنێ كـەوتبوو، كاتێكیش لـەڕێگا هـاتم یەكدو مـەیتی تـرم دی لـە قـەراغ شـەقامەكەدا كەوتبوون. خوا هەڵناگرێ، با شتێكی ئـەو كەسانەش بـاس بكـەم كـە لەوكاتـەدا ئـەوان هـەر خـەریكی شـڕەخۆری و تـاڵانی بـوون، كارگـەی جگەرەكـە بەسـەدان سـەدان هـەزار رەزمـە جگـەرەی نـاو كـارتۆنی پێچراوەی تێدا بوو، هەر هەموویان فەرهود كرد، هەر لەو نـاوە رەوفـی برام یەكدو پارچە جگەرەی لە فەرهودچییەكان كڕیبـۆوە، هاتـەوە بـۆ ماڵـەوەو وتـی: "كـار وا بـڕوا رەنگـە كارگـەی جگەرەكـەش باركـەن و ئاودیوی بكەن!!

ئـەمجارە راپـەڕینی دوومـەو هەرچـی دەبابـەو مدەرەعـەو چـەكی قورس هەبوو بە پەلەو خێرا پێچایانەوە و باریانكرد و كشانەوە بـەرەو كـەركوك، سـلێمانی و ناوچـەكانی تـر هـەموو ئـازاد كـران، سـەربازگە دوورەكانیش هەموو خۆیاندا بە دەستەوە، ئیتر سـلێمانی پـڕ بـوو بـوو لەسـەربازی عـەرەب و كەوتبوونـە سـواڵكردن، بـەڵام خـەڵكی یـەكجار بەسۆز و میهرەبانی یارمەتییان ئەدان.. منیش لای رەوفی برام مێزێكم

دانابوو جگەرەم ئەفرۆشت، کۆچکردوو هونەرمەند حەمـەی نێرگـز بـوو بـوو بـە شـاگردی سـینەمای رەشـیدو بلیتـی چـوونە نـاو سـینەمای ئەفرۆشت، لـە ژوورێکـی بچـووك و لـە پەنجەرەیـەکی بچـووکدا پـارەی بلیتـەکانی وەرئـەگرت، کـاتێکیش سـینەما ئەکەوتـە ئیشـکردن، مـن جگەرەکان و مێزەکەم هەڵئەگرت و حەمەی نێرگزیش پەنجەرەی بلیت فرۆشـتنەکەی دائەخسـت و ئەچـووین بـۆ ئەوبـەر لەبـەردەم چـەند دوکـانێکی داخـراودا کورسـیەکی درێـژ دانرابـوون، لـە پـاڵ کـۆڵانی مزگـەوتی ئـەوقاف، ئێمـەش لەسـەری دادەنیشـتین، لـەو لامانـەوە کەسایەتییەك هەبوو کە هەموو خەڵکی سلێمانی دەیانناسی، بەتایبەت پیـاوێکی دەسـت رەنگـین بـوو لـە دروسـتکردنی خواردەمـەنی وەکـو نۆکاو، محەلەبی، دۆندرمە، شـێلمی کولاو، ناوسـاجی، کـە وەك ئـەڵێن دەست و دەمی پێوە ئەخورا، ئەم زەلامـە نـاوی "کەریمـە زلـە" بـوو، هەمیشە حـەزی ئـەکرد منـاڵی لوسـکەو جـوان لـە دەوری بـن، چـونکە کۆڵـێ دڵـی پێیـان ئەکرایـەوە.. لـە ناوسـاجی سـوورکردنەوەوە بـوو بووەوە، دانیشتبو لامانەوە، نازانم چۆن ناوی مولازم موحسـین هـات و باسی دڕندەیی و بێ ناموسیی ئـەویان ئـەکرد، کـە چـۆن ئـەم شـارەی هێنابووە گێرو گاز! کەریمە زلە وتی: باسی کێ ئەکەن، کەس وەك من نایناسـێ کـە چ مرۆڤێکـە ! بـا شـتێکتان بـۆ بگێڕمـەوە دوو سـێ سـاڵ

لەمەوبەر شەوێکی کرێوە و تۆف و سەرما وەك ئەڵێن تفت هەڵدایە ئەیبەست!

ئا لەم کۆڵانی ئەوقافە سەروتر، دوکانێکم هەبوو شەوانە ئیشی خواردن دروستکردنم تێدا ئەکرد، ئەو شەوە یەکێك بوو لە هەرە شەوە بێزارکەرەکانی رژێم بەدەست پێشمەرگەوە، لەهەر هەموو لایەکی ئەم شارەوە زرمەو تەقەو ئاربیجی تەقاندن بوو، دۆشکەو کلاشنکۆف وەك برێشکە سەری لە رژێم تێك دابوو، شپرزەو ماندووی کردبوو. گوێم لێبوو تەپە تەپی راکردنی زەلام هاتە کۆڵانەکەوە بەرەو لای من، کاتێکم زانی کۆمەڵێ قوات خاسە لەبەردەم دوکانەکەم وەستاون، من لە ژوورەوە بووم، یەکێکیان هاتە ژوورەوە بۆ لام و بەدەنگی بەرز وتی: ئەوە تۆ گوێت لەو تەق و تۆقە نییە؟! وتم با.. بۆ..؟ وتی: ناترسی؟ وتم لەچی بترسم؟ وتی: لەموخەریبین؟! وتم: جا من چیمە بەسەریانەوە تا لێیان بترسم!! وتی: ئەی لەمن ناترسی؟! منیش پێکەنیم و وتم: باشە بۆ لە تۆ بترسم خۆ من تاوانبار نیم؟! وتی: هەموو خەڵکی ئەم شارەی تۆ لەمن ئەترسن! تۆ چۆن لەمن ناترسی؟ من مولازم موحسینم!! وتم بۆچی لێت بترسم؟ نە تاوانبارم و نە تاوانیشم کردووە و نە ئازاری کەسیشم داوە.. ئیتر گوایە ترسم لەچی هەبێ تا لێی بترسم؟! ئەوکاتەی قسەی ئەکرد لەهجەی زمانەکەی فەلەستینی بوو، کاتی خۆی ساڵی 1948 کە سەرباز بووم لە سوپای

عیراق بـۆ كۆمـەك و یارمـەتی فەلەسـتینیەكان زۆر نزیـك بووینـەوە لـە فەلەسـتین، بگـرە هــەر تێكەڵاویشـیان بــووین، ماوەیــەكی زۆر لــەوێ ماینەوە، كەمە كەمە قسەم بە لەهجەی فەلەستینی ئەكرد، بۆیە پرسی تۆ قسەكردنەكەت شێوەی فەلەستینی پێوەیە، وتم كـاتی خـۆی لـەوێ بووم، لە ژوورەوە پێكێك عارەقم دانا بـوو، خـۆ مـن نـەم ئـەخواردەوە هەروا لەبەر سەرما گەرمم كاتەوە ئەو پێكـەم كردبوو، دەسـتی دایـەو وتــی: بیخۆمــەوە؟ وتم: نۆشــی كــە ئــیتر ئــەو نــای بەســەریەوە و خواردیەوە، پاشان لێم هاتە پێشەوە و وتی: بەڕاستی تۆ پیاوێكی زۆر ئـازاو بەجـەرگی لـەم شـارەدا.. مـن پیـاوی وەك تـۆم ئـازاو مـەرد نەدیوە!! دامە قاقای پێكـەنین..! پرسـی گاڵتـەم پـێ ئەكـەیت.. بـۆ پێئەكــەنی؟! منــیش وتم: ئــەرەوەڵڵا قەشمەریشــت پێدەكــەم!! گوێبگرە پێتدەڵێم.. تۆ كەسی وا هەیە لەم شارەدا بیناسـی و خـەڵكی سلێمانی بێ؟! بەهەمیشە هاموشۆی بكەیت؟! وتی: مەبەستت چییە؟ وتم ئەگـەر كەسـێكی خـەڵكی سـلێمانی دەناسـی بچـۆ بـۆ لای و لێـی بپرسەو بڵێ: .. كەریمە زلە كێیە؟!، بەڵام وەڵامەكەم بۆ بهێنەرەوە تا بزانم پرسیارت كردووە! دوای ئەم قسەیە كە پێموت سـەری كـز كـردو رۆیشــتن. پــاش چــەند رۆژێــك لەبــەردەم چــایخانەی حەمــە رەق عارەبانەكـەم راگرتبـوو، یـەك كۆمـەڵ منـاڵی جـوان و لوسـكە دەوری عەرەبانەكەیان دابووم، منـیش لـە هـەوای خۆمـدا بـووم، لـەو بـەرەوە

سەیارەی قوات خاسەکە هات و وەستا! ئیتر هەر منالبوو بەپەلە رایکردو دەوری عەرەبانە چۆڵ بوو.. دیم وا مولازم موحسین بە پێکەنینەوە هات و دەستی کردە ملم و ماچی کردم و وتی: پرسیارم کرد، منیش وەك تۆم!!.

ساڵی 1992 لە مەڵبەندی یەکی سلێمانییەوە کۆبونەوەیەك کرا بۆ ئەندام و کادێرە پێشکەوتووەکانی رێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەسەرپەرشتی کاك عیماد ئەحمەد، کاتێ کە کاك عیماد قسەی بۆ کردین و چاوی پێمانکەوت سەیری کردین کەمێك بێدەنگبوو دوایی پێکەنی و وتی: بەڕاستی من هیچ کام لە ئێوەم نەدیوەو نەناسیوە لەمەوپێش!! بۆ یەکەمجارە ئەتانبینم.. بۆیە داوای لێبوردن ئەکەم من هیچ قسەتان بۆ ناکەم! با بەڕێز بەرپرسی مەڵبەند قسەتان بۆ بکا..

جا ئەو بەرپرسی مەڵبەندە کاتی خۆی، کە من لە پۆلی یەکی ناوەندی شۆڕش بووم وا بڕیار بوو، هەر خوێندکارێك لە پۆلی شەش دەردەچوو، دەهاتە پۆلی یەکی ناوەندی ئێمە لە پشووەکانی وانەدا لە گۆڕەپانەکە دەستدەکەینە ملیان و قسەیان بۆ بکەین، داوایان لێبکەین کە بێنە ناو یەکێتی قوتابیانی کوردستان، یەکێك لەوانە کە پەیوەندیم پێوە کردو قسەم بۆ کرد، دیار بوو ترساو دڵی پڕ بوو هەر ئەوەندەی وت: "با پرسی ماڵەوەمان بکەم!!"، جا ئەو برادەرەی کە کاك عیماد

وتـی: بـا ئـەو قسـەتان بـۆ بكـات! ئەوسـا بەرپرسـی مەڵبەنـد سـەری هەڵبڕی و وتی: جا من قسەبۆ كێ بكەم كە لەم هۆڵەدا كەسـانێك هەیـە لـەناویانا یـەكێك هەیـە كـە كـاتی خـۆی رۆژێ لـەرۆژان منـی خسـتۆتە ریزەكانی تێكۆشانەوە من ئێستا لێرەدا شەرم دامئەگرێ قسە بـۆ ئـەم هەموو كادێرو ئەندامە بەڕێزانە بكەم.

دوای راپەڕینە مەزنەكە گرانـی دەسـتیپێكرد بـوو، هـیچ شـتێك لـە كڕین نـەدەهات، رۆژێـك لـە چـایخانەی شـەعب دانیشـتبووم، شـاعیری دڵنەرم و خۆشەویستی كوڕان و كچـان هـات و یەكسـەریش لای منـەوە دانیشت، كە ئەڕوانم لە زەرفێكی عەلاگەی سپی شەفافدا پڕپڕە لـە (5 و 10) ی سویسری، پێم وت ئەوە ناترسی لەم گرانییەدا یەكێك پڕبكـا بەزەرفەكەدا و لێت بفڕێنـێ؟! خێـرا هەسـتام و چـووم لـە كتێبخانـەی سلێمانی زەرفێكی عەلاگەی رەشم بۆ هێنـاو پارەكـەمان كـردە نـاوی، كەچی مامۆستا مەدهۆش بڵێ چی باشە؟! وتی: "بەڕاسـتی تـۆ لـەمن عاقڵتری!!" پـێم وابـێ لـە بـرایم پاشـا خانووەكـەی فرۆشـتبوو، ئـەو پارەیـە ئــەوە بــوو. هــەر لــەدوای راپــەڕین دەزگــای نیشــتمانی بــۆ دابەشـكردن و راگەیانـدن "دار الوطنیـة للتوزیـع والاعـلان" نـەما بـوو، لــەجێی ئــەوە وەزارەتــی رۆشــنبیری حكومــەتی هــەرێمی كوردســتان دامـەزرا بـوو، وەزیرەكەشـی مامۆسـتا جـەمال عەبـدول بـوو. لەهـەر هەمووشی سەیرتر بەڕێوەبەری ژمێریاری وەزارەت، هەر هەمان كابرای

کوردی بەعسی بوو کە کاتی خۆی بەڕێوەبەری "دار الوطنية" بوو، کـە لەسەر دزی گیرابوو دوای راپەڕین بەربوو، راپەڕین بۆی بوو بـە خـەڵات و کردیانە بەڕێوەبەری ژمێریاری وەزارەتی رۆشنبیری!!

لـەوەش سـەیرتر هـەر ئـەم حکومـەتی هەرێمـە کـابرای سـەرۆکی سەندیکای کرێکارانی راگەیاندن، کرا بـە بەرپرسـی رادیـۆی حکومـەتی هەرێم!! جا وەرە پێشینان وتویانە: "ئەم کەرە، یـا ئـەم کەرانـە لـەم قوڕاوە دەربێنە!!" ئـەم زۆڵـە کوردانـە هەمیشـە دەسـتکەلاو مقاشـی دەستی دوژمن بوون، ئەمەندە نەفسیەتیان سووك و چرووك، خۆبەرەو پێشەوە بوون و هەمیشە هەر خەریکی ماستاو کردن و مـەرایی و مامـە حەمەیی بوون، هیچ یان لا نەنگی نییە!!

لـە رۆژی 1997/3/19 ەتـەوە، رۆژنامـەی هـەرێمی کوردسـتان خولی دووەمی دەستپێکردەوە، لـە ژمـارە (25) دەسـتی بەدەرچـوون کـرد، چـونکە تەواوکـەری ژمارەکـانی سـەردەمی کۆچـکردو محەمـەد موکری بوو، جا ستافی ئەم رۆژنامەی هەرێمی کوردستانە بریتی بـوون لە کۆچکردو ئازاد مەحمودو فەریـد زامـدار و مـن و لـەتیف هەڵمـەت و یاســین بــەرزنجی و مامۆســتا جــەمال دوانــی تــری بانگهێشــتی کۆبونەوەکـەمان کـرد بـوو کـە بەشـدار بـن، هەریـەك لـە کۆچـکردوان محەمەد نـوری تۆفیـق، مسـتەفا سـاڵح کـەریم، کـاتێکیش لاپـەڕەکان بەســەر رۆژنامەنووســەکاندا دابەشــکرا، ئــەو دوو زاتــە لاپــەڕەیان

بەرنەکـەوت و ئـیتر کشـانەوە لـە رۆژنامەکـە، جـا لـەو کۆبونەوەیـەدا، فەریـد زامـدار کەوتـە باسـی خـۆی و دەرەوە و شـاخ، گـورج مامۆسـتا جەمال بێدەنگی کردو وتی: من شاخ و بـاغ و ئەمانـە نـازانم! ئەمـەوێ ئێوە رۆژنامەیەکی راستگۆو پڕ زانیاری و هوشـیاری دەرکـەن، ئێمـەش هـەموو بـە چـالاکی و دڵسـۆزییەوە کەوتینـە ئیشـکردن و نووسـینی راپـۆرت و کۆکردنـەوەی دەنگوبـاس و هەواڵـەکانی نـاوەوە و جیهـانی دەرەوەش.

ساڵی 1992، برای شاعیر و نووسەر و رۆژنامەنوس کـاك (سـەلام مسـتەفا)م ناسـی بەبۆنـەی پێشکەشـکردنی نامیلکەیـەکی خنجیلانـەی جـوان، کـە دیـوانێکی شـیعری زۆر جـوانی لـە ئـامێز گرتبـوو بـەناوی "تەنوورەکانی دۆزەخ"، ئیتر لەو رۆژەوە کاك سـەلام مسـتەفا بـوو بـە براو هاوڕێی زۆر ئازیز و خۆشەویسـتم.. یەکـدو جـاریش چـاوپێکەوتنی دووردرێژی لەگەڵدا کـردم بـۆ رۆژنامـەکانی ئەوسـا کـە دەردەچـوون، سەبارەت بە ئەدەبیاتی کوردی و وەك شاعیرێکی ئەوسا بـاری سـەرنج و تێڕوانینم چی بـووە.. کـاتێکیش خـولی دووەمـی رۆژنامـەی هـەرێمی کوردسـتان دەسـتی بەدەرکردنـەوەی کـرد، کـاك سـەلام مسـتەفا وەك رۆژنامەنوسـێکی بـە ئـەزمون و پـڕ زانیـاری وردی رۆژنامەنووسـی زۆر بـەوریایی و زیرەکـی کەوتـە وتـار نووسـین و راپـۆرتی پـڕ سـەرنجی رۆژنامەنووسی بۆ رۆژنامەی هەرێمی کوردستان، بەڵام سـەلام مسـتەفا

نە کامێرایەکی پێبوو نە جانتایەك تا نووسینەکانی بخاتە ناو، هەموو جارێك کە دائەنیشتین سکاڵای ئەکرد و ئەیوت: ئاخر رۆژنامەنووس بەبێ کامێراو بەبێ جانتایەك لەکوێی دنیادا هەیە منی داماو نەبێ!
ئیتر منیش لە یەکێك لە چوونەکانمدا بۆ لای وەزیری رۆشنبیری لەهەمان کاتا هەر وەزیر سەرنووسەری رۆژنامەی هەرێمی کوردستان مامۆستا جەمال عەبدول بوو.

ئیتر من لای وەزیر ئەو گلەیی و گازندەیەی کاك سەلام مستەفام بۆ باس ئەکرد..؟ ئەویش بڕیاریدا و رەزامەندی دەربڕی و بەشی ژمێریاری راسپارد کە با جارێ جانتایەکی بۆ بکڕن تا نووسین و شتەکانی بابەتی رۆژنامەنوسی تێبخات، جانتا کڕدراو درایە دەست سەلام مستەفا، بەڵام لەهەمووی سەیرتر جانتاکە لەو جانتایانە نەبوو بۆ کاری رۆژنامەنووسی پێویست بوو، بۆیە کە دائەنیشتین سەلام مستەفا بە پێکەنینەوە ئەیوت: کە بە بازاڕ و کۆڵانەکانی شاردا ئەسوڕێمەوە ئەم جانتایەم پێیە، مناڵان بەیەکترییان ئەوت: ئەو پیاوە پیاوی خەتەنەکردنی مناڵانە، تومەز جانتاکە لەو جانتایانە بوو کە دەڵاڵەکەکان سەردانی ئەو ماڵانەیان ئەکرد، کە مناڵەکانیان خەتەنە ئەکەن".

بۆیە کە سەلام مستەفاشیان بەو جانتایەوە ئەدی، وایان ئەزانی پیاوی خەتەنەکردنەکەیە..!. یەکێکی تر لەو شتانەی سەرنجی راکێشا

بووم. چونکە سەلام مستەفا زۆر بە دڵسۆزانە و کارامە و هوشیاری و زیرەکی هەر دوای راپەڕین بەتەنیا هەر خۆی کەوتە دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی قەبەی سەرنج راکێشەرو گرنگی ئەوسا، کە ئەویش رۆژنامەی "16"ی سێ بوو، سەبارەت بە کیمیابارانی شاری هەڵەبجە لە 16 سێ دا، هەموو ساڵێك بڵاوکراوەی بەناوبانگی 16 سێی دەرئەکرد، زۆرتری زانیاری وردی وتارو ریپۆرتاژی چڕوپڕی سەبارەت بەو رۆژە تێدا بوو. جارێکیش شەرەفی ئەوەم پێدرا توانیم بە یەك کۆپلە شیعر بەشداربم لەو بڵاوکراوە دانسقەیەدا.

زۆربەی بابەتەکان ئەدەب و هونەر و کۆمەڵایەتی بوون. من بۆ خۆم گۆشەیەکم هەبوو هەموو جار بەناوی "دەروێش" ەوە دەمنووسی رۆژنامەکە زۆر بەڕێك و پێکی و جوان و لەکاتی خۆیدا دەردەچوو، ئەو رۆژەی سەرۆك وەزیران بەرهەم ئەحمەد ساڵح رۆژنامەکەی لە دەرچوون راگرت و پاشانیش داخرا! ئیتر برادەرانی ناو رۆژنامەکە هەریەك لە کەناڵێك و شوێنێك دامەزران، ئەوەی تەنیا لە هیچ شوێنێك جێی نەبۆوە من بووم! ئەوان هەموو لە کەناڵی خاك، کوردسات، رۆژنامەی کوردستانی نوێ هەموو لە چالاکیدا بوون. رۆژێك لای وەستا کاوەی بەرگدروی ژن برام بووم، کەسێکی تریش لەوێ دانیشتبوو نەم ئەناسی!. وەستا کاوەی ژن برام پرسی.. ئێ باشە رۆژنامەکە

وەستێنراو داخرا!!. وەك ئەڵێی هەریەك لە شوێنێك دامەزراون! ئەی تۆ بۆ لە شوێنێ، کەناڵێ دانەنرایت؟! منیش وتم: هەریەکەو کەسێك یارمەتی داون لە شوێنێك دانراون!

ڕۆژی دواتر لە کتێبخانەی سلێمانی بووم زەنگی تەلەفۆنەکە لێدراو کۆچکردوو کاك عومەر عەبدولڕەحمانی خاوەنی کتێبخانەکە هەڵی گرت و پاشان تەماشای منی کردو وتی:

بەڵێ ئێستا وا لێرەیەو تەلەفۆنەکەی بۆ درێژ کردم و دایە دەستم!! وتی: کاك شێرکۆ بێکەس تۆی ئەوێ! کە تەلەفۆنەکەم گرت بەگوێمەوە.. گوێم لێبوو وتی: کاك مارف خۆتی هەر ئێستا وەرە بۆ لام بۆ سەردەم! ئیتر منیش یەکسەر تەکسیم گرت و چووم بۆ سەردەم لە پرسگە ناوی خۆم وت و وتم: کاك شێرکۆ داوایکردوم، تەلەفۆنیان بۆ کردو ئیتر وتیان بڕۆ ژوورەوە کە چوم و منی دی یەکسەر وتی: کاکە بۆچی چویت لای خەڵك گلەیی و سکاڵات کردووە..؟ بۆ ڕاستەوخۆ نەهاتووی بۆ لام؟! تۆ هاوڕێی دێرینی خۆمی و هەر کێشەیەکت بوو بهاتیتایە لای خۆم، لەم لاو ئەولا باست نەکردایە!! بەڕاستی حەپەسام نەمئەزانی لای کێ سکاڵام کردووە؟! بۆیە وتم.. جا کاك شێرکۆ سکاڵام لای کی کردووە؟! وتی: لای ئازادی ئاوەڵ زاوام!! ئەو بۆی گێڕامەوە کە لە دوکانی بەرگدرویەك سکاڵات کردووە! ئەوسا زانیم ئەو برادەرەی لای وەستا کاوەی ژن برام

دانیشتبوو، ئەو خۆی گلەیی لە کاك شێرکۆ کردبوو بۆچی لەکاك مـارف ناپرسنەوە؟! و لە شوێنێك داینانێن، وەك هـەموو رۆژنامەنووسـەکانی تر کە لەگەلیا بوون و هەریەکەو لەلایەك دامەزراونەتەوە! کـاك شـێرکۆ لـە پاکەتەکـەی بـەردەمی جگەرەیـەکی دەرهێنـاو بـۆی هەڵـدام و بـۆ خۆشی جگەرەیەکی نا بەلا لێویەوە دایگیرساند، منـیش پـێم وت: جـا باشـە کـاك شـێرکۆ ئـەم دووکـەڵی جگەرەیـە بـۆ "سـپلیتەکە" زیـانی نییە؟! کەچی ئەو پێکەنی و وتی: بۆ سپلیتەکە نازدارترە.. لە سـنگی من.؟! پاشان وتـی: وەزارەت بـەنیازە گۆڤارێـك دەرکـا بـۆ دەرکردنـی ئەو گۆڤارە یاسین قادر بەرزنجی و فازل قەساب سەرپەرشتی ئەکـەن، ئەتنێرم بۆ لای ئەوان! وتم نەوەڵا ناچم.. ئێستا لە شارەوانی گۆڤارێـك دەردەچێ نـاوی "سـلێمانی"یە، کـە حـاکم قـادر حەمـەجان سـەرۆکی شارەوانی خـۆی خـاوەنی ئیمتیازەکەیـەتی و سەرنووسەریشـی هەیـە، حەز ئەکەم لەو گۆڤارەدا کار بکـەم! خێـرا وتـی ئـێ زۆر باشـە ئێسـتا نامـەیان بـۆ ئەنووسـم وەرتگـرن، دەسـتی کـرد بەنووسـینی نامـەکان، لەوکاتـــەدا رەووف بێگـــەرد هاتـــە ژوورێ و دانیشـــت. کـــاك شـــێرکۆ لەنووسینی نامەکان بۆوە وتی: ئەمە دوو نامەیە، یەکێك بۆ حاکم قـادر حەمەجان ئەویتر بۆ سەرنووسەری گۆڤارەکە، جـا تـۆ خـۆت نامەکـەی حاکم قادر مەدە بەخۆی!! بیدە بە سەرنووسـەری گۆڤارەکـە بـا ئـەو بیـــداتێ! نامـــەکانم لێـــوەرگرت و هاتمـــە دەرێ و چـــووم ســـەردانی

سەرنووسەری گۆڤاری سلێمانیم کردو نامەکانم پێداو وتم: ئەم نامەیە هی حاکم قادرە خۆت بیدەرێ! کەمێك مات بوو، دوایی کەوتە خوێندنەوەی نامەکەی خۆی ئیتر وتی: دانانی تۆ بۆ ئیشکردن لەم گۆڤارە لە دەستی منا نییە! ئەوە حاکم قادر بڕیار ئەدات کە کاربکەی لە گۆڤارەکە!! ئیتر من گەڕامەوە بۆ فەرمانگەکەی خۆم لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە کە "شێخ محەمەد سۆڵەیی" بە شێخە سوورە بەناوبانگ بوو، ئەو بەڕێوەبەری بوو، منیش لەوێ فەرمانبەر بووم،

رۆژێك مامۆستا رەفیق ساڵح "لە بنکەی ژین"ەوە داوایکردم کە بچم بۆ بنکەی ژین کاری پێویستیان پێمە.. ئیتر منیش رۆیشتم بۆ بنکەی ژین بۆ لای مامۆستایان رەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، لەوێ وێڕای بەخێرهاتن و هەواڵ پرسین، پێیان وتم کارێك هەیە ئێمە تۆمان دیاریکردووە بۆ جێبەجێکردنی، چونکە کاتی خۆی د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەنیاز بوو سەرجەمی هەموو نوسین و بەرهەمەکانی کۆچکردوو مامۆستا غەفور رەشید داراغا چاپ بکات، چونکە یەکێك بوو لە دۆستە خۆشەویستەکانی باوکی د. بەرهەم.

بۆ ئەم کارە بەرپرسی پەیوەندییە گشتیەکانی ئەوسای سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ستران عەبدوڵلای راسپارد بۆ

کۆکردنــەوەی بەرهەمــەکانی کۆچــکردو غــەفور رەشــید داراغــا، بــەڵام چوونی د. بەرهەم بۆ بەغـدا کارەکـەی دواخسـت.. ئەوکاتـەش سـتران عەبدوڵڵا زۆر بەکەموکورتی هەندێ نووسـینی کۆکردبـۆوە بەناتـەواوی. بردبووی بۆ بنکەی ژین تا ئەوان بەم کارە هەڵسن. جا بنکەی ژیـن کـە بەرپرسانی بنکە مامۆستایان رەفیق ساڵح و سدیق ساڵح بوون، منیـان دەستنیشـان کـرد بـۆ جێبـەجێکردنی ئـەم کـارە – منـیش لـە سـاڵی "2005"ەوە تـا سـاڵی "2010" کەوتمـە کێـو مـاڵی هــەموو ئــەو رۆژنامەو گۆڤارانەی سەردەمی کۆچـکردو غـەفور رەشـید داراغـا کـرد، هەرچــی نووســین و وتــارێکی تێــدا بڵاوکردبــۆوە مــن گــورج و خێــرا هەموویانم نووسـییەوە، تەنانـەت رۆژێـك مامۆسـتا سـدیق سـاڵح وتـی: بابەتێکی هەیە لە گۆڤاری گەلاوێژدا کەوا بزانم یەکـەم نووسـینی بـێ وا ئەچم بـۆت کـۆپی دەکـەم، کـە بابەتەکـەی بـۆ هێنـام نووسـینێك بـوو لەسەر فەلەستین لـە ژمـارە (11)ی سـاڵی هەشـتی تشـرینی دووەمـی 1947. ئیتر من بەوجۆرە پێنج ساڵی رەبەق لـە تەمـەنی گـوڕ و تیـنم بۆ ئەو کارە تەرخانکرد.

مایەوە ئەوەی چاپ بکرێ، لە رۆژی (2010/2/25) نامەیەکم بۆ د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح نارد و ئیتر نازانم نامەکەی پێگەیشتبوو یا نا؟ ئەمەش دەقی نامەکەی ئەوسام بوو کە بۆ د. بەرهەمم نارد:

**بەڕێز/ د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح**

**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**دوای رێز و سڵاو و هەواڵ پرسین**

خوالێخۆشبوو "غەفوور رەشید داراغا" هاوڕێی زۆر نزیکی باوکی رەحمەتیتان بوو، نووسەرێکی بە بڕشت و کەسایەتییەکی تێکۆشەر و ناسراوی شارەکەمان بوو، سەرجەمی بەرهەمەکانی لە وتارو نووسین کۆکراوەتەوە و ئامادەن بۆ چاپ، کاتی خۆی بەڕێزتان بەنیاز بوون چاپی بکەن، بەڵام چونتان بۆ بەغدا ئەم کارەی دواخست، بۆیە داواکارم لەبەڕێزتان فەرمان بدەن بەچاپکردنی وەك وەفایەك بۆ ناوبراو و بنەماڵەکەی.

**لەگەڵ رێزی بێ پایانمدا**

**مارف ناسراو**

**ئامادەکاری ئەم کارە**

**2010/2/25**

که ئەویش ئامادەکردنی سەرجەمی بەرهەمەکانی کۆچکردو غـەفور رەشید داراغایە، دواتر ژمارەی تەلەفۆنی ئاڤێستا خـانم لەبنکـەی ژیـن وەرگـرت و تەلـەفۆنم بـۆ ئاڤێسـتا خـان کـرد، ئـەویش بـەرەو رووی کوڕەکەی خۆی کردمەوە کە ناوی "میر" بوو، بـەڵام کـە کاتـێ هـات و دیم زۆر منداڵکار و کاڵفام بوو، کاری ئەو کـارە نـەبوو، چـونکە، ئـەیوت وێنەی مـن ئەخەینـە سـەر بـەرگی کتێبەکـە.. نەیسـا ئـیتر سـەرجەمی بەرهەمەکانی زۆر بـەرێکوپێکی کۆکردبـووەوەو لام مایـەوە، تـا کاتێـك ماڵەوەمان نەخۆشی شەکرەی هەبوو سـەردانی سـەنتەری شـەکرەکەی ئەکرد لەوێ "دکتۆر زاگرۆس" کوڕی کۆچکردوو غەفور رەشـید داراغـا دکتۆری پسپۆڕی نەخۆشی شەکرە بوو، ئـیتر ماڵـەوەمان بـە دکتـۆری وتبوو هاوسەرەکەم مارف هەموو بەرهەمەکانی بـاوکتی کۆکردۆتـەوە و ئامادەیە بۆ چاپ!

بەڕێزتان چی دەڵێن تا بە مارف بڵێم..؟ ئەویش دکتۆر زاگرۆس بە ماڵەوەمانی وتبوو، برایەکم لە دەرەوەی وڵاتە ناوی زاموایە، با بێتەوە ئەوە ئیشی ئەوە و ئەو خۆی هونەرمەندەو ئەوەش بەو هەڵئەسوڕێ بۆ ئەنجامدانی. ئەو کـارە مایـەوە تـا رۆژێـك هـەر دکتـۆر زاگـرۆس خـۆی تەلـەفۆنی بـۆ کـردم و وتـی: ئامادەکراوەکـەی بـاوکم بێنـەو وەرە بـۆ بەردەم چاپخانەی شەعب، منیش پێمـوت ئـەی بـۆ نایـەیت بـۆ بنکـەی ژین، کەچی ئەو وتی من ئیشم زۆرە و تەنیا هـەر ئەوەنـدە هـەلم هەیـە

كە لـە بـەردەم چـایخانەی شـەعب یـەكتر ببیـنین و كارەكـەی كردوتـە بمدەیتێ، منیش زۆر بە دڵسـافی و متمانـەوە ئامادەكراوەكـەم لەگـەڵ خـۆم بـرد لـەوێ یـەكترمان ناسـی و چـووین لـەژێر وێنـەی مـەلیكی كوردستان شێخی نەمر دانیشتین و هەمووم دایە دەستی..!

لەم دوایانەدا بەڕاستی نازانمساڵی چەند بوو، تەلەفۆنێكم بۆ كـراو داوای كۆكراوەكـەی بەرهەمـەكانی غـەفور رەشـید داراغـای لێكـردم، تومەز ئەو برایەی كە لە تاراوگە بوو هـاتبۆوەو تەلـەفۆنی منیـان پێـدا بـوو، نـاوی رامـوا بـوو، منـیش پـێم وت زۆر لەمێـژە داومەتـە دەسـت براكەت دكتۆر زاگرۆس، كەچی ئەو ئەیوت لای ئێمە نییـەو لای خۆتـەو بـۆی بگـەڕێ، چـەند جارێـك لەسـەریەك تەلـەفۆنی بـۆ كـردم، یەكـدو جاریش بـۆ زریـانی كـوڕمی تەلـەفۆن كردبـوو بـە باوكـت بڵـێ بـا چـاك بگەڕێ بۆی.. ئیتر لە راستیدا جارێـك پـێم وت كاكـە گیـان مـن زۆر بـە دڵنیاییەوە ئەڵێم داومەتـەوە بـەخۆتان، خـۆ زەنگیانـە نییـە ونبووبـێ، ئیتر دەنگیان نەما.. نازانم لای خۆیان دۆزیانەوە یان نا؟

لەڕاستیدا ئەو ئەدیب و شاعیر و نووسەرانەمان وەجاخ كوێر بوون، تەنیا دوانیان نەبێ.. كە ئەوانیش "بێكەس و قانعـە" كـە هـەردووكیان وەجاخیان رۆشنە.

پاش پێنج شەش رۆژ تەلەفون كرا بۆ فەرمانگەكەمان، لـەوێ كـاك نەورۆز جەمال پێی وتم: لە كوردستانی نوێوە داوات ئەكـەن كـە بچـی.

خێرا و گورج و بەپەلە چووم بۆ ئیدارەی رۆژنامەکە کە ئەویش نزیك لە فەرمانگەکەی ئێمە بوو لە گردی ئەندازیاران، چوومە ژووری سەرنووسەری گۆڤاری سلێمانی و سڵاومکرد، ئەویش فەرمووی دانیشتنی لێکردم و پاشان وتی: هەرچی من ئەیڵێم ئەبێ گوێڕایەڵی بی باشە!! ئەمە کاری رۆژنامەوانییە و ئەرکی زۆرە و نازانم تۆ پێشتر ئەزموونت هەیە؟! لە هیچ شوێنێك کاری رۆژنامەنووسیت کردووە؟! وتم: بەڵێ زیاتر لە چوار ساڵ لە رۆژنامەی هاوکاری و گۆڤاری بەیان و رۆژنامەی "ژین"ی مامۆستای کۆچکردو کاکەی فەللاح وەك رۆژنامەنووسێك کارم کردووە! تەنانەت شوناسنامەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراقیشم هەیە! وەك رۆژنامەنووسێکی کارا!!، بۆیە هەر لێرەوە هەستم کرد بوونی من لەو گۆڤارەدا خۆشحاڵ نییە.. بەڵام ناچاریش کرابوو، چونکە هەر خۆی پێشتر وتی: هیچ لە دەستی مندا نییە! لە دەستی حاکم قادردایەو ئەو سەپاندومی بە سەریاو ناچار ئەبێ هەر وەرمگرێ!! بیرمکردەوە بۆ ئەم پیاوە نایەوێ لە گۆڤارەکەدا ئیشکەم! زانیم بیرم کەوتەوە کاتی خۆی لە ساڵی 1992 لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ ستوونێکم لەسەر نووسیبوو، ئەوەی لە دڵگرتبوو، ئەو لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ وتارێکی نووسیبوو بەشان و باڵی گروپێك دا هەڵیدابوو کە ناوی "ڤان" جا ئەو گروپە شایەنی ئەو هەموو پێداهەڵدانە نەبوو، منیش لە ژمارە "116"ی

رۆژی 1992/6/16 لەسەرمنووسی کە ئەو گروپە رۆژگارێك شەوانە لە ماڵە موستەشار و جاشەکاندا جوق و موسیقا لێدەربوون، شایەنی ئەو هەموو پێداهەڵدانانەدا نین!!، بۆیە ئیتر کە لەرۆژنامەکە دەستبەکار بووم، هەرچیم ئەنووسی کلك و گوێی ئەکرد، یا بڵاوینەئەکردەوە وەکو ئەندامی دەستەی نووسەران ناوم نەئەنوسرا، کە مافی خۆم بوو، خۆ ئەگەر ناویشم بنوسرایە بەهەڵەبڕ ناونووس ئەکرام! لە هەمان کاتدا هەڵەبڕ نەبووم! هەر بۆ سەیر جارێك وتارێکم نووسیبوو لەجیاتی مارف ناسراو نووسرا بوو مارف نەناسراو!!. یا بۆ لاپەڕەی رۆڵە بە ئەمەکەکانی سلێمانی نووسینێکم لەسەر هونەرمەندی کۆچکردو رەفیق چالاك هەبوو کە پێم وت: لەسەر هونەرمەند رەفیق چالاکە یەکسەر وتی: من شت لەسەر جاسوس بڵاوناکەمەوە! وتم تۆ بیخوێنەرەوە بزانە مام جەلال چۆن ستایشی ئەکا! گوایە تۆ لە مام جەلال گەورەتری بۆیە بڵاوی ناکەیتەوە؟! جارێکی تریش هەر بۆ گۆشەی رۆڵە بە ئەمەکەکانی شار لەسەر هونەرمەند شەماڵ سائیبم نووسیبوو، کەچی دیسان بۆ ئەمیش وتی: بڵاوی ناکەمەوە! وتم بۆ؟! وتی: کاتی خۆی باوکی شەماڵ لە ناحیەکەی ئێمە قایمقام بوو، ئێمەش لە خوێندنگەی سەرەتایی بووین، شەمال لێیئەداین، ئازاری زۆری ئەداین، ئێمەش لە ترسی باوکی کە قایمقامی ناحیەکە بوو نەمانئەوێرا کە دژی بوەستینەوە! جا وەرە تۆ سەیرکە لەوکاتەوە

ئەمەی لـە پریاسـکەی بـوغز لـە سـکی و رق و تۆڵەکردنـەوە لـە ناخیـا هەڵگرتووە، کە ئەوکاتە منالبوون و ئێستاش سەرنووسەری گۆڤارێکە، ئاوا بەم چەشنە دژایەتی ئەکردم! !

لەڕاستیدا نەمئەزانی چۆن مامەڵـەی لەگەڵدا بکـەم، هەشـت سـاڵی رەبەق تەواو بەوشێوەیە لە گۆڤارەکەدا ئیشم کردو نووسینەکانم لە ناو گۆڤارەکەدا گەواهی ئەوەیان بۆ داوم و دیارە!.

حاکم قادر حەمەجان لـە سـەرۆکی شـارەوانی نـەما! شـارەوانیش گۆڤارەکـەیان راگـرت و وەسـتا لەدەرچـون!، بـەڵام حـاکم قـادر لای خۆیـەوە هـەوڵی دەرکردنـی ئـەداو پەیوەنـدی کـرد بـە هێـرۆ بـرایم ئەحمەدەوە و رەزامەندی دەرچوونی لەسەر حسابی خاك بۆ چاپکردن و دەرچوون وەرگرت.

جا ئەم پیاوە کینە لەدڵـە، ئـەوەی بەهـەلزانی بـۆ لابردنـی مـن لـە گۆڤارەکـە، بـۆ ئەمـە نامەیـەکی درێـژی بەمێـژووی 2007/9/18 بـۆ نووسیبووم، کە ئەرك و ماندوێتی تۆ بەهەند وەرئەگرین، بەڵام سـتافی گۆڤارەکە لەلایەن خاتوو هێـرۆ کەمکراوەتـەوە.. تـۆ یـەکێکی لەوانـەی لابراوی لە ستافی گۆڤارەکە! ستافی گۆڤارەکە ئەمانە بوون کە هەموو فەرمانبـەری شـارەوانی بـوون وەك شـوان کـەریم، نـەریمان مـاوەتی وێنـەگر، کـەمال سـاڵح سـەعید و یـەك دوانێکـی تـر لـە فەرمانبـەرانی شارەوانی، بـەڵام مـن فەرمانبـەری شـارەوانی نـەبووم تـا لابـبرێم! لـە

ژوورەکەی کە نامەکەی دایە دەستم بەپێوە خوێندمەوە، کاك محەمـەد ئــەمین پێنجــوێنی لای دانیشــتبوو، رووم تێکــرد و وتم: هێــرۆ مــن ناناسیّ ! ! تا ناوەکەم لابەریّ.. ئەوە تـۆی لـە مێـژە بـۆ هـەلێکی ئـاوا دەگـەڕیّ و وا دەسـتت کـەوت بـۆ لابـردنم! چـونکە مـن دەسـتەمۆی جەنابتان نەبووم هەشت ساڵی تەواو و ئیتر چوومە دەریّ! یـا شـتێکی تریش هەیە وا بیرم کەوتەوە، باسـی کـەم بـۆ برەوپێـدانی گۆڤارەکـە، هەوڵی زۆرمداو رووم لە مامۆستای هونەرمەندی کۆچکردو عومەر عـەلی ئەمین کردو داوام لێکـرد کـە لەسـەر شـانۆو ئـەزموونی هونـەری خـۆی نووسینمان بۆ بنووسیّ، تا لە گۆڤارەکەدا بڵاوی بکەینەوە، کەچی ئەو واتە مامۆستا عومەر عەلی ئەمین ئەم نامەیەی بۆ نووسیم:

**برای بەڕێز کاك مارف**

**رۆژ باش**

رۆژی هـەینی سـەعات یـانزە و چـارەك هاتمـە چـایخانەی شـەعب وتیــان ئێســتا رۆیشــتووە ! براکــەم لەســەر داوای بــەڕێزت، وا ئــەم نووسینەم نووسی بۆ گۆڤاری سلێمانی بەڕێز لەڕووی ئـەوەوە کـە تـاچ رادەیــەك لەگــەڵ رێــڕەوی گۆڤارەکــەدا دەگونجێــت، خــۆم ســووکە نیشانەیەکی پرسیارم هەیە لەسەری، بـەڵام راسـت و چەپیشـم لەسـەر دانەناوە ! پێشەکی خۆت بیخوێنەرەوە، ئەگەر زانیت ناگونجێت، تکایە مەیـدە بەگۆڤارەکـەو بـا کەســی تــر نــەیبینیّ و تکایــە بـۆم رەوانــە

بکەرەوە، چونکە رای جەنابتم بەلاوە خۆشە، بەڵام کەسانی تر بیدەنە دواوە، چونکە مەبەستە، پێم ناخۆشە!! ئەگەر خۆشت بەلاتەوە پەسەند بوو، ئەوسا بیدە بە گۆڤارەکە، منیش هەوڵئەدەم لەمەولا بەم جۆرە بابەتانە هەموو ژمارەیەك بەپێی توانا هاوبەشیتان لەگەڵ بکەم.

**برات/ عومەر عەلی ئەمین 2001/8/31**

لەگەڵ ئەم نامەیەدا بابەتێکی هونەری نووسیبوو، کاتێ بەسەر نووسەرم وت بەلایەوە خۆش نەبوو!!، بەڵام من وتم مامۆستا عومەر عەلی ئەمین هونەرمەندێکی ئەم شارەیەو زۆریش پێویستە لەم گۆڤارەدا جێ پەنجەی دیار بێ!

لەهەمانکاتدا لە گۆڤاری نازداری "هەنار"یش کە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە دەریدەکرد، بە ئەندامی ستافی نووسەرانی گۆڤارەکە دانرا بووم.

لە ژمارە (1)ی ئۆکتۆبەری (2005) تا ژمارە (36) ی ساڵی چوارەمی (2009) لەو چوار ساڵەدا زۆر زۆر دڵشاد و کامەران و بەختیار بووم، چونکە لەگەڵ کەسانێکی لاوی خوێن گەرمی دڵسۆزی رۆشنبیر و بەتوانا و پڕ بەهرەو سەلیقەی رۆژنامەنووس و شاعیرو نووسەر بوون! گۆڤارەکە خاوەنی ئیمتیازی بەڕێوەبەرێتی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە بوو: ستافی گۆڤارەکەش ئەمانە بوون:

سەرنووسەر: محەمەد عەبدولکەریم سۆڵەیی

جێگری سەرنووسەر: محەمەد کوردۆ

سەرپەرشتیاری هونەری: رێبین مەجید

دەستەی نووسەران:

مارف ناسراو

محەمەد عەبدوڵڵا

نەورۆز جەمال

هەڵەبڕی: سنەوبەر کەریم

تایپێست: پەیام ئەحمەد

نەخشەسازی: مەهدی ئەحمەد

مۆتیڤ: زانا رەسول، حەسەن سلێمانی

لەساڵی دووەمی و لە ژمارە (18)ەوە

ستافەکە بەم جۆرەی لێهات:

سەرنووسەر: محەمەد کوردۆ

جێگری سەرنووسەر: محەمەد عەبدوڵڵا

سەرپەرشتیاری هونەری: رێبین مەجید

لۆگۆ: حەمید ئازمودە

مۆتیڤ:ئاریان ئەبوبەکر

دەستەی نوسەران:

مارف ناسراو

کارزان عەبدوڵڵا

نەورۆز جەمال

سەلام فاتیح

هەڵەچن:

ئاریان کامیل

تایپێست:

پەیام ئەحمەد

نەخشەسازی ناوەوە:

مەهدی ئەحمەد

چاپخانە:

یاد

لە گۆڤاری هەنار تا ژمارە (36)ی ساڵی چوارەمی، "2009" وەك ئەندامی دەستەی نووسەران بەردەوامبووم تا ئەوکاتەی خانەنشین کرام.

ئەوکاتە بەناوی ستافی گۆڤارەکەوە لە ژمارە (38) ساڵی چوارەمی (2009)ی فبرایەر لە لاپەرە (99)ی گۆڤارە ئازیزەکەدا بڵاوکرایەوە، وا منیش بۆیە لەم بیرەوەریەمدا نووسیمەوە، چونکە

راستیەك دەردەخەن كە هەمیشە من خۆم بەدڵسۆزی ئەو شوێنە نیشانداوە كە ئیشم لەگەڵ كردوون. راستگۆ بووم لەگەڵ كارەكانمدا:

## سوپاس و پێزانین

هەر لەسەرەتای دەرچوونی گۆڤاری هەنارەوە، یەكێك لەو ئازیزانەی ئامادەبوو لەگەڵ ئێمە كاربكات و خەمخۆری پرۆژەكەمان بێت، مارف ناسراو بوو، ناسراو جگە لەوەی یەكێك لە شاعیرانی حەفتاكان و لەرێی دیوانی سەرچنارەوە خۆی بەخوێنەران ناساندووە، زیاتر لە چارەكە سەدەیەكیشە لە بواری رۆژنامەوانیدا كاردەكات و، لەچەند رۆژنامەو گۆڤارێكدا كاری كردووە كە دواینیان گۆڤاری هەنار بوو.

بۆ ئێمە مایەی خۆشحاڵی و شانازیش بوو كە ناسراو ئامادەیی تێدا بوو كارمان لەگەڵ بكات، چونكە ئەو جگە لەوەی نەوەی ئێمە نەبوو، دەشیزانی ئێمە بەنیازین بایەخێكی زۆر بەنەوەی نوێ بدەین و كارێك بكەین نەوەی نوێ لە هەموان زیاتر، هەنار بەماڵی خۆیان بزانن، قبوڵكردنی ئەم مەبدەئەی ئێمە لەلایەن ناسراوەوە، مایەی خۆشحاڵییەكی گەورە بوو، ناسراوی لای ئێمە زیاتر خۆشەویست كرد، تائێستا كە هەنار (36) ژمارەی لێدەر چووە، ناسراو لەگەڵ ئێمە

بەردەوام بووە و ئێمە مێژووی کارکردنمان لەگەڵ ئەو بەئەزموونێکی جوان و شیرین دەزانێت و دەتوانین شانازی پێوە بکەین.

ئێستاکە ناسراو بەهۆی خانەنشینی بوونیەوە ماڵئاوایيمان لێدەکات و ناتوانێت چیدی لەگەڵمان بەردەوام بێت، ئێمە وێڕای سوپاس و پێزانینی زۆرمان بۆ ئەو چەند ساڵەی کاری لەگەڵ کردووین، هیوای لەشساغی و ژیانێکی ئارام و ئاسوودەیی بۆ دەخوازین و دڵنیاشی دەکەینەوە کە ئەو بۆ هەمیشە یەکێك لە ئەندامە زۆر خۆشەویستەکانی خێزانی هەنارەو ئێمە بەردەوام لە خزمەتی ئەم پرۆژەیەدا دەبین کە بێگومان یەکێك لە خەونە گەورەکانی ناسراو بوو.

**"ستافی هەنار"**

ئیتر ئەم گۆڤارە نازدارە جوانە هەردەم لەدەرچووندا بوو تا ژمارە (95)ی بەفرانباری (2713)ی کوردی و دیسەمبەری (2013)ی زایینی، ساڵی هەشتەمی، جا لەماوەی دەرچوونیدا، حەزم کرد خزمەتێکی بچووکی بکەم دوای ئەوەی کە خانەنشین کرابووم، هەمیشە ئاگاداری دەرچوونی بووم و سەردانم ئەکردن. رۆژێك بە برای خۆشەویستم مامۆستا محەمەد کوردۆ شاعیرو سەرنووسەری گۆڤاری هەنارم وت:

ئەمەویٚ بیبلۆگرافیایەك بۆ گۆڤاری هەناری ئازیزم بکەم، ئایا بەڕێزتان ڕێم پێدەدەن تا ئەم کارە بکەم بۆ هەنار؟! بەخۆشییەوە وتی:

خۆ تۆ خۆت ڕێگەپێدراوی و سەرپشکیت بەدڵی خۆت، ئیتر کەوتمە ئیشکردن بۆ بیبلۆگرافیاکە. هەر لە ژمارە (1)ی ساڵی 02005) ەوە تا ژمارە (59)ی ساڵی پێنجەمی دیسەمبەری (2010) کە دە هەزار و شەش سەدو شانزە لاپەڕەیە، هەموو ژمارەیەکی بە تیراژی (500) دانە دەرچووە، نرخی لە ژمارە (1) کەوە بە (750) دینار و لە ژمارە (25)ەوە بۆتە (1000) دینار.

قەوارەی گۆڤارەکە:

17سم × 24 سم

لە چاپخانەکانی یادو بابان و کارۆ لە سلێمانیی چاپکراوە.

# ئەلبومی وێنەکان




( مارف ) لە تەمەنی ( 14 )ساڵیدا




**( مارف ) لە تەمەنی ( 16 ) ساڵیدا**




( مارف ) لە تەمەنی ( 19 )ساڵیدا



( مارف ) لە تەمەنی ( 20 ) ساڵیدا



( مارف ) لە تەمەنی ( 24 )ساڵیدا




**( مارف ) لە تەمەنی ( 28 ) ساڵیدا**



( دولبەر ) لە تەمەنی ( 28 ) ساڵیدا




( مارف لەگەڵ باوكی ) لە تەمەنی ( 13 ) ساڵیدا



( باوکی مارف ) 1955



رەووفی برام - 1955



**عارفی برام** 1937 - 1981



مەلەوانگەی سەرچنار ساڵی (1965) – کراس سپییەکە مارف ناسراوە



لەراستەوە/ مارف ناسراو – سەباح غالب – شێخ ئەنوەر – ئەحمەد سالار
بەردەم مزگەوتی گەورەی سلێمانی 1968



بەردەم چایخانەی مام عەلی لە سلێمانی 1971
لەراستەوە: مارف ناسراو – قادر مە نمی – صەلاح رەشید – دلشاد مەریوانی – رزگار رەووف – زوهدی – رەئوف حەسەن – ئەرشیفی مارف ناسراو



مارف ناسراو –جەبار مەجید - فوئاد حەمەئەمین ئاغا – عەبدولی حەمەجوان – عومەر چاوشین –شانۆگەری (شێخی تە پلە رەش) 1971



حەمەی نێرگرز – مارف ناسراو – سمكۆ ناكام – عەلی توانا -
مستەفا ئەحمەد – ڕەووف حەسەن
سەیرانی كۆمەڵ و هونەر و وێژەی كوردی 1972/5/12



لەراستەوە/ مارف ناسراو – ماجد حەمە جوان – تەها بابان
مستەفا ئەحمەد- عەلی توانا 1972/5/12



**لەڕاستەوە/ ئەکرەم مام عەلی – حەمەی نێرگز – مارف ناسراو**
**ئەدەبی لاوان هۆڵی مسستنسریە** 1972



**لەڕاستەوە/ سمکۆ ناکام – مارف ناسراو – فازڵ قەساب – تەها باراوی**
**– ڕەووف حەسەن –ئەحمەد سالار** 1972/2/1



**لەڕاستەوە/ کەمال سابیر – مارف ناسراو – نەوزاد مەجید – مستەفا ئەحمەد – ئەحمەد سالار – عەبدوڵڵا ساڵح – عوسمان چێوار**
**چەمی قەشان** – 1974



**لەڕاستەوە/ بورهان قانع – حەمید عەزیز – مارف ناسراو**
**هاوکاری** 1975



دولبەر – مارف - 1979



دولبەر وزریان– مارف و چۆپی 1979



باوکی مارف لەگەڵ زریان و چۆپی ساڵی 1980



باوکی مارف لەگەڵ دولبەر و مارف و چۆپی ساڵی 1980



**دولبەر - نەبەز - زریان - چۆپی – ساڵی** 1987



**بە پێوە: مارف ناسراو – مەدهۆش -دانیشتوەکان: شێخ ئەنوەر - کامەران عومەر** 1990



شێرکۆ بێکەس – مارف ناسراو –شەقڵاوە 1991



کەمال سابیر – مارف ناسراو – شەقڵاوە 1991



محەمەد سدیق مەحمود - مارف ناسراو



محەمەد کوردۆ – سەرنووسەری گۆڤاری هەنار



**دولبەر لەتەمەنی 55 ساڵی، مارف لەتەمەنی 65 ساڵی**




**لەراستەوە: مارف ناسراو – حەمەی نێرگز – قادر مەنمی – حسێن محەمەد عەزیز – مەحمود رەزا** 2009/11/23


العـــدد ١٥٧٠/

١٠٩٧٠

دفتر النفوس

ان ............ بن ..........

كونه حائز على الجنسية العراقية وسجل في سجل النفوس قد

اعطي له هذا الدفتر في ٢٩/٣/٩٤٣ سنة ١٩

دفتر النفوس مارف ناسراو – 1943/3/29

# رێزلێنانەکـــان



حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان

خەڵاتی رێزلێنان

بەڕێز / مارف کەریم ساڵح

وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان ویەکێتی نووسەرانی کورد ، بە بۆنەی یادی 360 ساڵەی تێکدان و تاڵانکردنی کتێبخانەی میر عەبدال خانی بەدلیسی ، ئێوەیان دەستنیشانکرد خەڵاتی رێزلێنانتان پێبەخشرێت لە پای ئەو خزمەتەی پێشکەش بە ( کتێبخانەی کوردی )تان کردووە.

خالید دۆسکی

وەزیری رۆشنبیری ولاوان



حکومەتی هەرێمی کوردستان

Kurdistan Regional Government

MINISTRY OF CULTURE

وەزارەتی رۆشنبیری

رێزنامە

بەڕێز / مارف ناسراو ...................

لەگەڵ چوونە نێو ساڵێکی نوێ و بەردەوامبوون لەسەر جێبەجێکردنی بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە( ٨٦)ی تایبەت بەڕێزلێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەنووسەران و هونەرمەندان، خزمەتی بەرچاوی بەڕێزتان لەبواری برەودان بەرۆشنبیری کوردی بەرز دەنرخێنین و هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیتان بۆ دەخوازین.

فەتاح زاخۆیی

وەزیری رۆشنبیری

سەرۆکی دەستەی رێزلێنان لە نووسەران و هونەرمەندان


وەزارەتی رۆشنبیریی هەرێمی کوردستان
بە هاوکاری
بنکەی ئەدەبی و روناکبیریی گەلاوێژ



1997/4/22 - 1898/4/22

یادی (99) ساڵەی لەدایک بوونی یەکەم رۆژنامەیی کوردی


شکۆنامە

بەرێز / مارف ناسراو

لە مێژووی دوور و درێژی سەفەری بەرەو ئازادیی و سەربەخۆیی گەلەکەمان
رۆژنامەگەریی کوردیی ، ئەو ئەستێرە پرشنگدارەیە رێ ی کاروانی قەڵەم و پەیڤ
کوردیی لە شەوە تاریکەکانی ژیاندا رووناک کردۆتەوە .

ئێوە بە قەڵەم و ماندووبوون رووناکی و جریوەتان پێ بەخشیوەو لیژنەکەمان
بەرێزەوە بە شایەنی ئەم ( شکۆنامە ) یەتان دەزانێ .

لیژنەی باڵای ئامادەکاری
جەژنی رۆژنامەگەریی کوردی



الجمهورية العراقية
وزارة الثقافة والاعلام
الدار الوطنية للتوزيع والاعلان

هاتف/ ٨٨٨٩١٠١

بغداد - العراق - برقيا دونتا - تلكس ٢١٢٣٩٢ صندوق بريد ٦٢٤

((الشهداء اكرم منا جميعا))

الرقم ٢/٢٠/١٠/ ٢٣٢
التاريخ ١٤/ ١٩٨٦/٥


"" سري ""
((امر اداري))

استنادا الى كتاب محافظة السليمانية / مديرية الشؤون الداخلية الشعبة السرية المرقم ٨٢٣ في ١٩٨٦/٤/٢٣ والحاقا بامرنا الاداري المرقم ١٠/٤/٤٧/١٦٩ في ١٩٨٦/٣/٥

- يعاد السيد مارف كريم صالح العامل على الملاك الدائم في فرع السليمانية بمهنة (عامل توزيع) الى عمله اعتبارا من ٨٦/١/٢٢ وذلك لاطلاق سراحه بكفالة شخص ضامن
- تصرف انصاف اجوره المستحقة عن فترة توقيفه من ١٩٨٥/٥/١٤ ولغاية ١٩٨٦/١/٢١ .

طارق فتوس حمادي
م/ مدير عام
الدار الوطنية للتوزيع والاعلان

نسخة منه الى /
فرع الدار السليمانية/ للتفضل بالعلم .. مع التقدير
ادارة الافراد / العمال / لتأشير ذلك
الحسابات/ الرواتب/ لاجراء اللازم لطفا
السيد مارف كريم صالح
الاضبارة الشخصية
الملف
الدوار



وزارة الاعلام

دار الثقافة والنشر الكردية

دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی

دائرة الشؤون الادارية والقانونية

الرقم : ٨٤٢

التاريخ: ٢٢/٢/١٩٧٦

أمر اداري


الحاقا بأمرنا الاداري المرقم ١٢٦ والمؤرخ في ٢/٥/١٩٧٦ .

تنهى علاقة السيد معروف كريم صالح - المتعاقد بالمكافأة في هذه الدار - اعتبارا من ٢١/٧/١٩٧٦ بعد الشهر وذلك لعدم صلاحيته للعمل .

عثمان محمد فائق
المدير العام

نسخة منه الى /
مكتب المدير العام / ٢
دائرة الشؤون الادارية والقانونية
دائرة الشؤون المالية
هيئة تحرير " هاوكاري "
هيئة تحرير " المجلات / ٦ "
الاضبارة العامة
الاضبارة الشخصية
السيد معروف كريم صالح

كلادس/٢١


وزارة الاعلام
دار التضامن
للطباعة والنشر الكردية

هاوكاري

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی

مديرية الادارة والذاتية
٤٢١
١٩٧٤/٨/١

الى / نقابة الصحفيين العراقيين
م / تأييد

نؤيد لكم بأن السيد مارف كريم صالح ناسراو يعمل مصححاً في جريدة هاوكاري على حساب القطعة اعتباراً من ١٩٧٤/٧/١ ولا يزال مستمراً في العمل ، وبناءً على طلبه زودناه بهذا الكتاب.


جمال بابان
المدير العام
ورئيس مجلس الادارة

صورة منه الى /
مديرية الادارة والذاتية
ادارة جريدة هاوكاري
الاضبارة المختصة / مع الاوليات
الاضبارة العلمية
السيد / مارف كريم صالح ناسراو
السجل

اوراس ٧/٢١

شارع الجمهورية / ساحة الخلاني
٦٨٣١٣ ٦٨٣١٢ ٦٨٣١١

جريدة ( هاوكاري )
مجلة ( بەیان )



Journalists Union
(IRAQ)
HEADQUARTERS,BAGHDAD
TEL. 20667
Post Box 543

نقابة الصحفيين
القطر العراقي
المركز العام ـ بغداد
هاتف ٢٠٦٦٧
ص.ب. ٥٤٣

No. ..................
Date ..................

الرقم ١٢١٨/.../١٥٢
التاريخ ٢٨/٩/١٩٧٥

مصرف الرافدين ـ فرع المستنصر

الموضوع/ تأييـــد

تحية طيبـــة ..

نؤيد لكم بان الزميل مارف كريم صالح مسجل في سجلات نقابتنا بصفة عضو عامل .. ولديه خدمة صحفية تزيد على الثلاث سنوات وبناء على طلبه زودناه بهذا التأييد .


مع التقديـــر

ع/ أمين الســـر
فائق بطي

صورة منه الى /ـ
اضبارة امانة الســـر
الاضبارة الشخصية /مع الاوليات
الزميل مارف كريم صالح

ئەمە وەک بەڵگە نەدیست بۆ
ئەوانەی ئەمڕۆ (رئيس تحرير)ن
ئەوکاتە ریگای رۆژنامەگەریان
نەزانیوە..

CABLE: JOURNALIST BAGHDAD
MEMBER OF U.A.J. and I.O.J.
عضو اتحاد الصحفيين العرب ومنظمة الصحفيين العالمية
العنوان البرقي : جورنالست بغداد



الجمهورية العراقية

مكتب
نقابة عمال البريد والبرق والمطابع
والاعلام / السليمانية
العدد / ٤/ ٤٠٢
التاريخ – ١٩٨١/٧/٤

الى/ كافة منتسبي الدار الوطنية فرع السليمانية

الموضوع/شكر وتقدير

نهديكم تحياتنا العمالية .. ونقدر نشاطكم في حقل توزيع المطبوعات هذا النشاط الذي استفز الاعداء فوجهوا رصاصهم الغادر مستهدفين حياة رفيقكم الشهيد وطبان محمد عبدالله ........ لكن رصاص الغدر لن يمنع رجال الاعلام من مواصلة جهودهم خدمة لاعلام الحزب والثورة ونتمنى لكم النجاح في اعمالكم وبذل مزيد من الجهود – وبوركت جهودكم المخلصة والى امام .

رئيس مكتب النقابة .

صورة منه الى/
اتحاد نقابات عمال محافظة السليمانية /للتفضل بالعلم مع التقدير .
النقابة العامة لعمال البريد والبرق والمطابع والاعلام / المركز العام بغداد – للتفضل بالعلم مع التقدير .
مديرية الدار الوطنية بغداد – للتفضل بالعلم مع التقدير .
مديرية الدار الوطنية فرع السليمانية للعلم رجاء .
الاضبارة الخاصة

٢/ تموز/ ٨١